تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

٢٩

جەنگی نەریتەکان

وەرگێڕانی

شیوان گەلالی

تەفسیر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

٢٥٠٠

جه‌نگی نه‌ریسته‌کان

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرینی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ رۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری رابوونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی راستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیان لە گشت کۆت و بەندو بۆچوونی تەسکی حزبایەتی و تاکرەوی و رەوتگەرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد ، ئاتوانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردووە .

دەگەڵ رێزو تەقدیرمان بۆ بیروڕای نووسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیش نییە ئێمە پابەندی هەموو بیرو بۆچوونەکانیان بین .

بادەستوورمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت ،

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

جەنگی نەریتەکان

نوسینی

محمد قطب

وەرگێڕانی

ژیوانی گەلالی

١٤٢٥ هەولێر ٢٠٠٤

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب بە عارەبی: معركة التقاليد
ناوی نوسەر: محمد قطب
ناوی کتێب بەکوردی: جەنگی نەریتەکان
ناوی وەرگێڕ: ژیوانی گەڵاڵی
چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
خەت: نەوزاد کۆیی
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٢٥ک ٢٠٠٤ز
چاپکردنی: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ٧ ساڵی ٢٠٠٣

هەولێر - شەقامی دادگا
تەلەفون : ٢٢٣٠٩٠٨ - ٢٢٢١٦٩٥
مۆبایل : ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢٩١
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

خەزەڵوەرێکی وردە گیانە ئەم کێشەم
بە گیانی باوکم ئێستاش گریان
ئەو باوکەی ئێستا لە ژیا باوکم
بە تکای باوکی دەبڵاوە دەستی وەهاوڕێی دەهەوڵی گەسکم بوو
ئەو باوکەی دەستی بە سێکانی ژیاغەدار
چاکترین و پاکترین ناوێژگاری ئێستا فەوزەم بوو .
ئەو باوکەی ناوەڵەکانی ساڵی یارمەتییەکانی بێ نەخوارد
ئەو باوکەی کە هەموو لایەکی گەشتی بێنی وڵات و شارەکانی ،
تا هەڵدەگەڕێ دڵم نەهات کە من لەوێ بم بێنمەوە .
ئەو باوکەی ئازیزی کەڵەوەڵە دینی تەمەنی دابوو
من ئەوکەی ئێستاش نەدۆزیبێتم .
باوکە شیرینەکەم
کە هەر خۆدادەژاڵەیە مەزن
باوکە قسە خۆشەکەم
کە هەرگیز گرژی لەباسی و خۆشی کاتی تێژ نەدەبوو .
باوکە بیرەوەرەکەم
کە بۆ ناگوری هەموو کەسێک چاوی بیرەوەری کاتی فرمێسکی هەڵدەوەڕاند .
خودایە ، بەهاری ئەو دوێنەم
بەرەو دڵی ئەو باوکەم ئێستا گەڕاسی
خودایە ، گوڵزاری پڕ نووری
خودایە ، ئەو بەرزیدەر و دەرزوەی دڵپاکی خۆشەویستی

خودایا، ئەو ساتە سەعاتە پیرۆزت لێ کردی، لەکوێ هەر بە هەوای هەژێنم

ئەو دەمەی کە لە بەر هەستی بە خەونی تۆوە

دووریان لەم دەروونەی.

دەخزێنە دەستی کەسێ رەسینگ، یادەوەستم و

هەردوو دەستی لە بەردەستم.

پێشکێشە

بە هەڵبەستی زۆر جگەرسۆزم

ئەو هەڵبەستانەی کە دوێنێ هەم، هەر بۆ ئەوەی هەڵیدەم

وەرسی جاڵەکەی لە بیرنادەم

فێری کردووم کە دەرد و ژووژم پاک بێ

روونی روونادەم جاکەی بێ

دڵگەرمی کەم ناوێژینم

بەڕێ، بەو هەڵبەستم پێشکەش

روونی روونادەم جاکەی بێ

دڵگەرمی کەم ناوێژینم

بەڕێ، بەو هەڵبەستم پێشکەش

خوالیە، ئەمە دەرد دڵێ

پێمان کەسی لالێت بکەی

یارمەتیم بدەی خوالیە

مێشکی تاهەم مرزهەزەرانی دڵیم

بە روناکی دووڵەتی بروز

لە پێش چاوی نەپسەرەوە

ژیوانی گەلالی

ئەمڕۆ لەم وڵاتە و لە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا (هەرا)یەك بەرپایە بە نەریتەکانەوە پەیوەستە و جەنگێکیش لە ئارادایە و لە گەڕ ناکەوێ، ئەم نەریتە (بەسەرچوانە).. ئەم نەریتە (کۆنانە).. ئەم نەریتە (دواکەوتنخوازانە).. ئەم نەریتە وشك و بەرد ئاسا و.. دواکەوتو و بۆگەنیوانە دەبێ لە ناوببرێن، دەبێ لە بناغەڕا هەڵتەکێن.. دەبێ بخرێنە ژێر پێیان.

دەبێ کۆمەڵگەیەکی تازە دامەزرێ.. کۆمەڵگەیەکی ئازاد.. کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخواز.. کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندو و.. کۆمەڵگەیەکی ڕەها لە کۆت و بەندان.

جەنگی نەریتەکان بەو شێوەیە هەڵدەسوڕێ.

جەنگێکی گەرمە و هەموو بوارێکی داگرتوە.

گۆڕەپانەکەی بریتیە لە ماڵ و شەقام و.. سینەما و فێرگە و.. میترۆ و ئۆتۆمبێل و.. ڕۆژنامە و گۆڤار و.. وتار و کتێب و.. لادێ و شار.

سەربازەکانیشی بریتین لە هەموو خەڵکی.

سەربازەکانی کچ و کوڕی لاون و.. باوکان و منداڵان و مامۆستا و قوتابییانن و نوسەرانی پیاو و ژنن و چاك و خراپن و هەموو مرۆڤێکی نێر و مێیە.

* **

ئاسایی بو کە ئەم جەنگە لە میسر و لە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بەرپا بێ.

مەسەلەکە ئاسایی بوو بە گوێرەی ئەو رووداوانەی رۆژهەڵات لەو ماوەیەی دواییدا تێیدا ژیاوە، بە گوێرەی ئەو گەشەسەندن و گۆڕانکاریانەی ئەم ناوچەیە لە جیهانی سیاسەت و جیهانی ئابوری و جیهانی هزر و جیهانی رۆشنبیری بە سەری برد.. لە چەمکە تیۆری و جێبەجێکردنە کرداریەکاندا.. لە شتە هەموەکی و بەشەکیەکان[1] و.. لە هەمیوو بوارێکی ژیاندا.

جیهانی ئیسلامی سەرخەوێکی درێژی شکاند کە بە لای کەم دو سەدەی تەواوی خایاند و.. ئەو خەوتنە دور و درێژەش دەرەنجامی ماوەیەک بەستەڵەک بون و رەقهەڵاتنی[2] پێشتر بو، بەستەڵەکی هزری و هەستی و کرداری.. ئەو بەستەڵەکەی هزرەکانی کردنە بنچینەی بێگیپان و مردوو و.. ویژدانی کردە هەستێکی دابڕاو لە رەسەنایەتی و راستگۆیی و.. کردەوەی کردە بە ئەنجامدانێکی میکانیکی دور لە ژیان و لە داهێنان.

ئەو بەستەڵەکەی جیهانی ئیسلامی وا لێکرد ژیارە مەزنەکەی پێشوو، هزر و پیادە کردنە کۆنەکانی بەبێ زیادبوون (بەدوای خۆیدا راکێشێ)، شتێکی زیندوی تازەی نەخستە سەر کە دەگەڵ هەنگاوەکانی زەمەن و هەنگاوەکانی ژیان بکەوێتە رێ.

پاشان جیهانی ئیسلامی بەهۆی هەژان و داخورپانی توندی بومەلەرزە ئاسا وەئاگا هات.

لە گەڵ تەپەی پێی رۆژئاوای ئیمپریالیست وەئاگا هات کە دەهاتە ناو ماڵەکەی و تالان و برۆ و گەندەڵی و کاولکاری بۆ هەمو شتێکی پیرۆز و خۆشەویست تێدا

---

١ تیۆری: نظری. هەمووەکی: کلي. بەشەکی:جزئي.
٢ بەستەڵەک: جمود. رەقهەڵاتن: تحجر.

ئەنجام دەدا.

وە ئاگاهات و.. هەستاوە تۆزی ئەو سەدە درێژانەی لە خۆی تەکاند.

نەفامی و بەستەڵەك و رەقهەڵاتنی لە خۆتەکاند.

گەلێك پێکدادانی توندیش لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا رویاندا و.. تێکەڵبونیش هاتنە ئارا.

پێکداداان بە چەك و پێکداداان بە هزر و پێکداداان بە بیروباوەڕ.

هەروەها تێکەڵبون لە سیاسەت و تێکەڵبون لە کەلتور[1] و تێکەڵبون لە نەریتەکان.

تەنیا تاکە پردێکیش نەبو کە رۆژئاوای پێدا بۆ رۆژهەڵات پەڕیەوە، بەڵکو گەلێك پرد و رێگەی جیا جیا هەبوون.

جارێك هێرشی جەنگی بوە و چەك و تفاقی لەگەڵ خۆی هێناوە.

جارێکیش هێرشی ئابوری بوە و سەرمایەی لەگەڵ خۆی هێناوە تا بیخاتە گەڕ و زێری رۆژهەڵاتی پێ دەربێنی و لەوێ بەسەر ئیمپریالیستانی دابەش بکا.

جارێکی دیش هێرشێکی هزری بوە و کتێب و رۆژنامە و مامۆستا و قوتابخانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

جارێکی دیکەش هێرشیکی رۆحی بوە و بیروباوەڕی ناو گیانانی داگیرکردووە.

هەموو دەمێش هەر هێرش بوە.. جا نیشانەکانی ئاشکرا بوبن یان بزر.

* * *

---

[1] کەلتور: ثقافة.

لە ناوەڕاستی ئەو هەژانە توندەی کە ڕۆژهەلاتی ئیسلامی لەسەر دەستی ڕۆژئاوای داگیرکەر توشی هات و... لەناو جەرگەی تێکوشانی سیاسی و ئابوری و هزری، کە بە دوای ساتی وەئاگاهاتنەوە داهات... لە سەرجەم ئەو کاتانەدا گەلێك لە نەریتەکانی ڕابردوو و هزر و بیروباوەڕ و چەمکەکانی تێکشکان و ئاساییش بو کە تێکبشکێن.

جا کۆمەلگەی تازەپێگەیشتوو بە دوای نەریت و هزر و بیروباوەڕ و چەمکی نوێدا گەڕا... ئاساییش بو کە بگەڕێ.

لە میانەی ئەم گەڕانەشدا گەورەترین جەنگ بەرپا بو.. جەنگی نەریتەکان.

ئایا ڕابردوو لەسەر بنچینەکانی پێشوی بینیات بنێینەوە؟

ئایا کۆمەلگەیەکی نوێ لە بناغەڕا بنیات بنێن و چاو لە هەموو ئەوەی کۆن بپۆشین؟

ئایا دەکرێ بنیاتە کۆنەکە بە هەرشێوەیەك بێ بگەڕێتەوە؟

ئایا دەکرێ کۆمەلگەیەکی نوێ دامەزرێ هەر هیچ پەیوەندی بەکەلەپوری کۆنەوە نەبێت... کەلەپوری ژینگە و کەلەپوری هزر و کەلەپوری بیروباوەڕ؟

ئایا کۆن و تازە تێکەلّ کەین؟

ئایا دەکرێ ئەو تێکەلکردنە لە نێوان بەها جیاجیاکان و پێوەرە جیاوازەکان و چەمکە پێچەوانەکان بێتە ئارا؟

بەلکو ئایا هەموو مرۆڤایەتی کۆنینەیەکی هەیە پەیوەستی بکا؟

ئایا هەگیز هیچ پێوەر هەن نەگۆڕ بن؟

ئایا بۆ هیچ نەوەیەك لەسەر زەوی پێویستە کە ئاوڕ لە پشتەخۆی بداتەوە؟

ئەگەر ئەمە لە رابردوشدا دروست بێ، لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی مۆڵخواردوی گەنیوی دواکوتوی خاوەن ئاسۆی بەرتەسك، ئایا لە کۆمەڵگەی پیشەسازی، بەڵکو لەسەردەمی ئەتۆمیشدا دروستە؟

ئایا دروستە مرۆڤایەتی هەر لە بنەڕەتدا نەریتی هەبێ؟

یان ئەم نەریتانە مایەی ساردبونەوەن لە سەردەمی ئەتۆم و سەردەمی موشەکدا[1].. لەسەردەمی رەهابوونی تەواو لەهەموو کۆتێك.. سەردەمی قەڵەمباز لە زەوی و لە بۆشایی ئاسماندا.. سەردەمی ئازادی تەواو لە مادە و لە مرۆڤدا؟

ئەمانە بڕە سوتەمەنیەکی جەنگەکەن..

ئێمەش لێرەدا نامانەوێ بەپەلە حوکم لە سەر هەریەك لەومەسەلانە بدەین. بەڵکو لەم توێژینەوە بچوکە دەمانەوێ مەسەلەکە لە سەرچاوە و لە گەشەسەندنی بخەینە ڕو. بەڵکو لەبەر تیشکی لێکۆڵینەوەدا بگەینە راستی.

تکای سەرکەوتنیشمان لە خودایە .

محمد قطب

١ موشەك: صاروخ.

گەشتێک لەگەڵ مێژودا

چۆن نەریتەکان لە ئەورووپادا داڕمان؟

ئەورووپا رۆژێك لە رۆژان کیشوەرێکی خودان نەریت بو، ئەدی چۆن ئـەو گۆڕانـە مەزنەی بەسەر داهات کە نەریتەکانی تێکشکاندن و لە کۆت و پێوەندان بـەرەڵای کردن؟

لێکۆڵینەوەی مێژوی ئەورووپا زۆر بەسودە بۆ تۆژینەوەی ئەو جەنگەی کە ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بەرپایە، چونکە ئەورووپا مرۆڤە و ئێمەش مرۆڤین.. هەمو مرۆڤایەتیش سیمای هاوبەشـیان لـە نێوانـدا هەیـە و پێکـەوە پەیوەسـت و لێـك نێزیکن، ئەوجا مرۆڤ لە هەر شوێن و پنتێکـی زەوی بـێ دەتوانـێ کـە چـاودێری هەنگاوەکانی مرۆڤی بـرای بکـا.. ئیـتر یـا دەیکاتـە پێشـەنگ، یـانیش پـەندی ئەزمونەکە و وانەی مێژوی لـێ وەردەگرێ.

* * *

هەروەها رۆژێك لە رۆژان ئەورووپا هەر بە تێکڕایی مەسیحی بـو، جـا رۆچونـی بیروباوەڕ لە دەرونی ئەورووپیان.. قوڵ بێ یاخود هەر ڕوەکی.. بە دڵگەرمی بێ یـان بەفشە.. رەسەن بێ یان چاولێکەری.. ویژدانی بێ یاخود فیکری.. هەر چۆنێك بـێ ئەورووپا پێش سێسەد ساڵان بەبێ گومان لەمڕۆ توندتر دەستی بە بیروباوەڕەکەیـەوە

گرتبوو، زیاتریش لە چەرخی نوێی کەوتبوە بەر کاریگەری چەمك و بۆچون و بیرو فروسمانەکانی[1].

دەمانەوێ لەم گەڕانە خێرایەدا شوێنپێی زەمەن لەم دو سەدەیەی دواییدا لە ئەوروپادا هەڵگرین. هەتا فاکتەری گۆڕان و ئاڕاستەی روداوەکان بخەینەبەر تۆژینەوە.هەروەك -لەبەر چەند هۆیەکی کە پاش تۆزێك دەردەکەون- دەمانەوێ هێڵێکی ئاشکرا لە نێوان جیهانبینی و هزری خەڵکی لە پێش داروین و پاش داروین رابکێشین.

ئاسایی و ئاشکرایە کە مێژوش هێڵی گردەبڕی[2] تێدانیە، بەڵکو هەمو هێڵەکانی تێکچرژاو و پلەپلە و لە وەرگەڕانێدا هێدین، لەگەڵ ئەوەش هێندێك هێڵ هەن زۆر دیار و ئاشکران و لەسەر روپەڕی زەمەندا بەرز و بڵند و بەرجەستەن.

ئەگەرچی سەرجەم ئەوروپا لە -تێکڕای- دیرۆکی[3] خۆیدا دینداریەکەی زۆر قوڵ نەبووە، بەڵام جیهانبینی دینی مەسیح بەسەر بیرکردنەوەی ئەوروپاییدا زاڵ بوە و بەلای کەمی لایەنێکی لە بەرنامەی ژیان ئاراستە کردوە.

جیهانبینی ئاینی مەسیحی دەیگوت خوایەك هەیە گەردون و ژینی ئەفراندون، لەپاشاندا مرۆڤیشی وەدیهێناوە، دیسان ئەو جیهانبینینە دەیگوت کەوا ئافەریدکار[4] مەبەستێکی لە ئەفراندنی گەردون وژیان و مرۆڤدا هەیە، مرۆڤیش بە تایبەتی رۆڵێکی گەورەی لەم ژیانەدا هەیە.. چونکە خودا بە وێنەی خۆی ئەفراندویەتی. رێزی گرتوە و لە گشت بونەوەری زەوی بە چاتر و هەورازتری داناوە،

---

١ فروسمان: إيحاء.
٢ گردە بڕ: حاسم.
٣ دیرۆك: مێژو.
٤ ئافەردەیکار: خالق.

گەلێك سیمای واشی بە مرۆڤ بەخشیوە کە ئافەریدانی[1] دیکە لێی بێبەشــن، وەك زمان و وەك بیرکردنەوە و وەك گیان.

سەرەڕای ئەمانەش ئــەو ڕوانــین و جیهانبینیــە دەیگـوت خـوا هەمیشــەکی[2] و جێگیرە، مەبەستەکەی لە ئەفراندنی مرۆڤیش هەر هەمیشەکی و جێگـیرە، ئـەوجا زۆران جار –بەشێوەیەکی– ویژدانی و جاریەجاریش فەلسەفیانە ڕێکیان دەخست کە ژیانی مرۆڤ جێـگیرە و سیستەمەکانی جێگیرن و غەریزەکانی جێگیرن و بیروباوەڕ و هزر و نەریتەکانی جێگیرن و هیچ کامەیان لــێ ناگۆڕێن.

جا بەم بیرۆکەی نەگۆڕیە دنەی دەدان کە سیستم و بنەما و هــزر و نەریتــەکانی ژیان لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دەرەبەگیدا تەواو جێگیر و نــەگۆڕن.. بـۆ نزیکـەی هەزار ساڵیش، هەر بەم نەگۆڕیەمانەوە.

(زانیاری)یەکانیشیان لە بارەی گەردون و سروشــت و ژیانناسـی پێـی دەگوتـن هەموشتێك هەر جێگیرە و لە وێنەی خۆیدا نەگۆڕە، ڕوەك بە هەمو جۆرەکانی هەر لـەو ڕۆژەی خـوا لــە ســەر زەوی وەدیــهێناوە نــەگۆڕاوە و وەك خـۆی مــاوە، گیانلەبەریش بەهەمو رەگەز و جۆرەکانی هەر بەو شێوەیە ماوەتــەوە کـە خـوا لـە سەرەتاوە وەدیهێناوە، ئەستێرە و کەلو[3] و مانگەکان و زەویش لە وەتەی هەن هــەر بەم شێوەیە جێگیرەن نەگۆڕاون نە دەگۆڕێن هەتا ئەوەی لە رۆژی دوایــی بەســەریان دێ.

مرۆڤیش بەهەمان شێوە.. هەر لە ئادەمەوە تـا ئـەمڕۆ.. هـەر مرۆڤـە هـەمو شتێکی تێدا جێگیر و نەگۆرە: جەستەی و ئاوەزی و گیانی.

---

١ ئافەریدان:مخلوقات.

٢ هەمیشەکی:أزلي.

٣ کەلو:برج.

رەنگە لە هەندێك سیمای تاکە کەسی و ئاستی زانین و نەزانین و رادەی رێنوێنی و گومڕایی، مرۆڤ هەبێ لە مرۆڤیکی دی جودابێ و گەلێك لە گەلێك جیاواز و نەوە لە نەوە جیابن. بەڵام مرۆڤ -بەتێکڕایی، لە هەموبارە جیاکانیدا- هەر مرۆڤە. راستە ئەو جوغزەی[1] تێیدا خول دەخوا زۆر فراوانە بەشەکانیشی جوایەزن، بەڵام لە کۆتادا هەمان ئەو جوغزە مرۆڤانەیە کە لەئەزەلەوە بۆ ئەم مرۆڤە کێشراوە.

(جێگیری) بنەما و گەوهەر[2] و زاخی ژیانە و بەرەتبونی چاخ و رۆژگاران ناگۆڕێ.

جا لە سێبەری ئەو بیرۆکە (جێگیر)ەدا خەلکیش نەریتی جێگیریان بە میرات بۆ بەجێ مابو. لە نەوەیەك بۆ یەکی دی کەمێك دەگۆڕا و لار دەبو، بەڵام سەرجەم بنەما و چەمکی جێگیریان هەلگرتبو. نەریتگەلێك کە بە پیاو و ژن و منداڵ و خێزان و کۆمەڵ و ژیان پەیوەست بون.

واش بەهەستی خەلکی داهات کە ئەم نەریتانە لە سەر (غەریزە مرۆڤانە) چەسپاو و جێگیرەکان و ویستی خودا و لە سەر ئاین دامەزراون.

ئاینیش لە کۆڵەگە هەرە بە هێزەکانی نەریتەکان بو. چونکە وشەی خوا بۆ مرۆڤ وشەیەکی جێگیر بوو، وشەیەکی پیرۆز بو کە چاوەدێری و رێز لێنانی ئەرکی هەمو نەوەکان بو.

لە ئاینیشدا بەهای رەوشتیی دیاریکراو هەن، چاوەدێرییان حەتمییە، جا رەنگە خەلکی کەم و زۆر لە ژیانی کردەکیاندا لێیان وە دوربکەونەوە یا لە مامەڵە و

---

١ جوغز: دائرة.
٢ گەوهەر: جوهر.

هەڵسوکەوتی تاکە کەسیاندا تەواو پشتی تێبکەن و هەندێك جار بە ئاشکرا لێی دەربچن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا -وەکو مەبدەء- چاودێری کردنی ئەرکێکە و ئەوانەی پشتیشی تێدەکەن دان بە بیانوگیری[1] و شایستەییەکەی دادەنێن، ئەگەر چی لێ لادان و دەرچونی خۆیان بە هەنجەتی جۆراوجۆر پاساو دەکەن.

هەروەها ئاین و رەوشت و نەریتەکان یەك (گرێ) و یەك ڕوگە بون و لە هەستی وان شتگەلێکی جێگیر بون و بە گۆڕانی کات نەدەگۆڕان و روداو کاری تێنەدەکردن.

* * *

لە ساڵی ١٨٠٩ دا داروین لە دایك بو. لە ساڵی ١٨٥٩ کتێبی (بنەچەی جۆرەکان)[2]ی بڵاوکردەوە و لە ساڵی ١٨٧١ کتێبی (بنەچەی مرۆڤ)[3]ی پەخش کرد.

ئنجا هێڵێکی ئاشکرا لە هێڵەکانی مێژو کێشرا..

چەند سەدەیەك پەر لە هەنگی[4] کۆپەرنیکۆس و گالیلیۆ لەبارەی گەردون و چەقبونی زەوی تێیدا و شێوە و سوڕانەوەی زەوی دەگەڵ کڵێسەی ئەوروپایی تێکهەڵەنگوتن[5]. ئەوەبو بە هۆی هەڵوێستەکەیان لە ئاست ئەو فیکرە (پیرۆز) و (جێگیر)انەی کە کڵێسا لە هامێزی[6] گرتبون و وەك بەشێك لە بیروباوەڕ و یەکێك

١ بیانوگیری: حجیة.
٢ أصل الانواع.
٣ أصل لانسان.
٤ هەنگی: ئەوکاتە.
٥ تێکهەڵەنگوتن: إصطدما.
٦ هامێز: باوەش.

لە بنچینەكانی ئاینی داكۆكی لێدەكردن، ئەو دو زانایە، دوچاری گەلێك كێشە و گرفت بونەوە و زۆریان ئازار و ئەشكەنجە چێشت..

جا لەوێدا تۆوی رق و دوبەرەكی لە نێوان زانست و كلێسا هاتە چاندن و زاناكان لە پیاوانی ئاین دوركەوتنەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەند سەدەیەك تێپەڕین و بارەكە هەر وەك خۆی مایەوە و جەماوەریش لە پاڵ ئاین و كلێسا و لە ریز رەوشت و تەریتان راوەستابون.

تاوەكو داروین پەیدا بو و تیۆرێكی لە بابەت گەشەسەندن و تیۆرێكی لە بارەی بنەچەی جۆرەكان و بنەچەی مرۆڤ بڵاوكردەوە.

لێرەدا بیروباوەڕ لە بنەڕەتەوە و هزرەكانیش لە بناغەوە هەژان و لەرزیان تێكەوت.

داروین هات و گوتی هیچ شتێك لەسەر زەوی (جێگیر) نیە: نە روەك و.. نە گیانەوەر و.. نە مرۆڤ.

هیچ مەبەستێكی جێگیریش لە ئەفراندنی[1] دا نیە.. تەنانەت هەر مەبەست نیە.

وەدیهێنەریش -كە سروشتە- لەبنەڕەتدا مەبەستی نەبوە مرۆڤ وەدیبهێنێ، بەڵام مرۆڤ هەر لەو گۆڕەی[2] لە ئەنجامی پرۆسێسێكی لەسەرە خۆی گەشەسەندن كە ملیۆنان ساڵی خایاندوە، پەیدا بوە.

(مروڤ)یش لە سەرەتادا هەروەك ئەمڕۆ مرۆڤ نەبوە.. بەڵكو بنەچەكەی ئاژەڵە.

---

١ ئەفراندن:خلق.

٢ لەو گۆڕەی: لەخۆڕا.

مرۆڤ نە قسەی دەکرد، نە عەقڵی هەبو، نە لەسەر دو پێیان دەوەستا، واتە ئەو تایبەتمەندێتیەی نەبو کە تێڕوانینە ئاینیەکە بە باڵای دابڕیوە.. تەنانەت (گیان)یشی نەبو.

ئاژەل..

ئەوەبو ئەو تیۆرە تێکڕای کۆمەڵگەی ئەوروپایی هەژاند و کلێساش قیامەتی ڕابو.

کلێسا گوتی: داروین بێبڕوا و خوانەناسە. داروینیش گوتی: پیاوانی ئاین خەڵەفاون.

ئنجا جەنگێکی توند بەرپابو و، تاکو زۆران بیروباوەڕ دارمان و خۆڵیان بەسەردا کرا، کۆتایی نەهات.

لە سەرەتا جەماوەر لەپاڵ کلێسا ڕاوەستابو، پاڵپشتی ئەو بیروباوەڕەی دەکرد کە ئەگەر چی کاریشی پێنەکرد، بەڵام لای خۆشەویست بوو.. لە پاڵ نەریتە ڕوحی و فیکریەکاندا بوو.. لە پاڵ کەلەپورە عەقڵی و ویژدانیەکە و.. لەپاڵ شانازی بە کەسێتی خۆ و.. شانازی بە بنەڕەتە (مرۆڤانە)کەی خۆی، کە داروین ئەو مرۆڤایەتیەی لێ داشۆری و خستیە ریز ئاژەڵان.

بەڵام دواتر هەڵوێستی جەماوەر گۆڕا...

ئەگەر چی زۆر پێی ناخۆش بو کە داروین مرۆڤایەتیەکەی لێ داماڵێ و بنەچەکەی بۆ ئاژەڵان بگەڕێنێتەوە، بەڵام دەستی دایە داشکاندنی کلێسا و پیاوانی دین و هەلێکی چاکی بۆ ڕەخسا بۆ دەربازبون لە کۆیەرانی[1] قورس و گران و دەسەڵاتی قێزەون و ڕەزاگرانی کلێسا.

1 کۆیەران:نیر.

لە سەدەکانی نێوەڕاست کلێسا تەواو گۆڕابو، ماکی بەزەیی فراوان و ڕوحانیەتی بێ پەڵەی مەسیحیەتی تیانەمابو. ببوە دەسەڵاتێکی دنیایی ملکەچکار و زەبونکار و گەلێك جۆر سەرانەی لە ماڵ و ڕوح و فیکری خەڵك دەستاند و باجی قورس و دەیەکی[1] داهاتی دەکردە باری سەرشان و ملیان، هەروەکو بە زۆر سەرشۆڕ و ملکەچی پیاوانی ئاینی دەکردن و بیروبۆچونی دیاریکراوی بەناوی وتەی ئاسمانی بەسەردا دەسەپاندن و هەرکەسێکی دەگەڵیاندا کۆك نەبا و بەر ئەمر نەبا خوانەناس و بێ ئیمان بو.

جەماوەر دەرفەتێکی دۆزیەوە کە تیایدا خۆی لەو دێوە ناشرینە ڕەهاکا کە لە خەو و وەئاگایی راوی دەنێ. جا ئەو هەلە ڕەخساوەی قۆستەوە و وەك هێرشبەر هاتە مەیدانی جەنگ، پاش ئەوەی لە حاڵەتی بەرگری دابو، بەدار و پەردوی بیروباوەر و هزر و (گیان)ی داڕوخا و کلێسای بەرد باران دەکرد.

جا سروشت و هۆکارەکانی جەنگەکە هەر چۆن بن و هەر چی بن، ئەوا یەکێك بو لە جەنگە یەکلاکەرەوەکانی مێژو کە گەلێك دەرەنجامی زۆر ترسناك و ترکەزەی لە ژیانی خەڵکی بەجێهێشت و بەردەوام تا ئێستاش ئەو (هەڵکشان)ەی لە ژیانی ئەوروپادا دایهێنا ترسناکترین شت قەیدەکاتەوە[2].

یەکەم دەرەنجامی لەرزینی بڕوابونە بە خودا و بە عەقیدە.

دوەم دەرەنجامیشی لەرزینی بڕوابونە بە مرۆڤایەتی و مرۆڤ و بەرزی و باڵایی و ڕۆحانیەتی مرۆڤ.

---

١ دەیەك:عُشر.

٢ قەیدەکاتەوە:دەرپشێتەوە.

سێیەم دەرەنجامیشی لەرزینی بڕوایە بە (جێگیری) هەر سیستەم و بەهاو هزرێك.

چوارەم و پێنجەم و شەشەمیش.. لەرزینی هەموشتێك کە پێشتر لەنگەری گرتبو، لەگەڵ وێران و کاولکردنی هەمو بنیاتێکی بناغە چەسپیو.

بیرۆکەی خودای وەدیهێنەری ڕێکخەری کاران و خودان ویست و مەبەست، لە سەردەستی داروین لە دۆزی ئەفراندنی مرۆڤدا دوچاری یەکەم هەژانی ڕاستەوخۆ بۆوە. کاتێك داروین نەرێی لەبونی مەبەستی خودا کرد و ئەوەی ڕەتکردەوە کە مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەدەستی خودا وەدیهێنرابێ، بەڵکو بونی مرۆڤی بۆ پرۆسێسی گەشەسەندن گێڕایەوە، ئەوەشی ئەسەلماند کە لە قەوارەی مرۆڤدا شتێك هەبێ کە (خوا لە گیانی خۆی فوی پێدا کردبێ)، ئەوەبو بە شێوەیەکی گردەبڕ بڕیاری حەیوانی بونی ڕەهای بنەچەی مرۆڤی ڕاگەیاند.

جا لێرەوە دیندارەکان پاش جەنگێکی توند کە کاری خۆی لە ویژدانیان کرد، ناچار بون -ئەگەر هەر دەرفەتیان نەبو- ئەوا وەکو بیرۆکەیەکی ویژدانی نالۆژیکی دور لە واقیع.. واقیعی زانستی و واقیعی گردەکی[1] و واقیعی ماتریالی (ماددی)، بڕوا بە خودا بهێنن.. باخودا بیرۆکەیەك بێ ویژدان تێرکا و گیان بەهۆیەوە لە ڕامانەکانیدا مەلەبکات، بەڵام خودا -پاکی بۆوی- تێکەڵی پرۆسێسی ئەفراندن و یاساکانی سروشت و بەڕێوەچونی کاروبار لەسەر زەویدا نیە. یان ئەوەتا -ئەوپەڕی- گەردونی وەدیهێناوە و سونەت و توانستەکانی تیاداناوە و جا لێگەڕاوە گەشە بکا بەو شێوازە کە توانستی گەشەسەندن هەڵیدەگرێ، بەبێ ئەوەی خودای مەزن تێکەڵ بە دەرەنجام و ئیرادەبێ.

---

١ گردەکی:عملي.

بەڵام ئەو کەسانەی دیندار نەبون.. ئەوانەی دینداری ببوە کۆلێك بەجوکمی نەریتەکان و دەسەڵاتی کڵێسا و پیاوانی ئاین لە ملیان هاڵابو.. لە تیۆرەکەی داروین ئەو دەرفەتەیان دەسکەوت کە لە دەست سەرپاکی ئاین ڕابکەن و بوە مایەی دەربازبونیان لە هەمو کۆت و بەندەکانی، جا کاتێك بەرابەر ئەو گرفتە بونەوە کە دوچاری هەمو عەقڵێکی بڕوادار و بێبڕوا دەبێتەوە: گرفتی یەکەم وەدیهێنان و دامەزراني ژیان لە سەر زەوی، ئەو کاتە لە (خوا) هەڵاتن بەرەو (سروشت) کە داروین لە بارەی دەیگوت: (هەمو شتێك وەدیدەهێنێ و.. تواناکانی بێ سنورن). بەم شێوەیە سروشت بۆ ئەوان بوە خواوەندێکی دیکە و دەیانپەرەست. خواوەندێك زۆربەی سیفەتەکانی خوایان دابوە پاڵ، بێجگە لە مەبەست و ویست. سەرەڕای ئەمەش خودایەك بو کڵێسەی نەبو بۆ سەرانە و باج خەڵك ڕاو بنێ و بە گیروگرفتان مێشکیان سەرگەردان بکا و بنەماکانی ڕەفتار و ڕەوشتیان بەسەردا فەرز بکا. کەواتە سروشت خودایەکە خەڵکی بە پاکژی پابەند ناکا و بەندەکانی دەتوانن لە کۆت و پێوەندان بەرەڵابن.

ئەمەش تاکە بومە لەرزەی بیرۆکەی بیروباوەڕ نەبو..

بیرۆکەی (گەشەسەندن) بەهزر و ویژدانی خەڵکیدا داکشیا و ڕۆچو، ئەو شوێنەی داگیرکرد کە پێشتر بیرۆکە (جێگیری)ی لێبو.

جا مادام هەموشتێك گەشەدەستێنێ و هیچ شتێك لە حاڵی خۆیدا نامێنی - وەك داروین دەڵێ- ئەدی بۆچی بیرۆکەی گەشەسەندنی خودی خودا و بیرۆکەی بیروباوەڕیش ناگرێتەوە؟

تەنانەت لە خولگەی مێژودا بەڕاستی بیروباوەڕ گەشەی کردوە.. ئەوەبو زانایان لە (دۆزینەوەیەکی نوێ) لە جیهانی ئایندا وەئاگا هاتن.. لەئایندا مەسەلە هەر ئەوە نەبوە کە لە گومڕایی بتپەرستیەوە بۆ بیروباوەڕێکی جێگیری ڕوەو خوا

هاتبێ، بەڵکو بیرۆکەیەکی (گەشەسەندو)بوە و بە پەرستنی باوك دەستی پێکردوە، پاشان هاتۆتە سەر پەرستنی تۆتەم[1] و ئنجا پەرستنی بت و پاشان پەرستنی خودا و بروا بە سروش و پەیام. سبەینێش.. یائەمرۆ.. بیرۆکەکە لە بناغەوە (گەشە دەستێنێ)، باوی خواپەرستی نامێنی و.. بۆ نمونە دەبێتە پەرستنی سروشت یا هەر پەرستراوێکی دیکە.. یان.. هیچ جۆرە پەرستنێك لە گۆڕێ نامێنێ!

جگە لەمەو لەویش رێبازێکی عەقڵی پەیدا بو کە بەلای یێ باوەڕی تەواودا دەشکایەوە و تەنیا باوەڕی بەو شتانە هەبو کە ئەزمون دەیسەلمێنی یا دەکەونە بەر هەستەکان..

جا خەڵکی بەخۆیان دەگوت -یەکەمجار (زانایان) بەخۆیان گوت و پاشان جەماوەر شوێنیان کەوتن- پێشتر بڕوامان بە شتگەلێکی زۆر هەبو کە لە باپیرانمانەوە بە کەلەپور بۆمان جێمابو یان کلێسا و پیاوانی دیسن لە گوێچکەیان ئاخنیبوین، ئەوەش (سەلما) کە راست نەبون، کلێسا دەیگوت زەوی نێوەندی گەردونە، سەلما کە ئەمە راست نەبو، هەروەها دەرکەوت کە زەوی خڕە کەچی کلێسا دەیگوت: پانوپۆڕە. هەروەك سەلما کە مرۆڤ لە بنەچەیەکی جەیوانیە و کلێساش پێشتر دەیگوت: خودا بەشێوەی خۆی ئەفراندویە، وەك وەدیهێنراوێکی تازە کە پەیوەندی بە هیچ شتێکی پێشەخۆی یان پاشە خۆی نیە.. کەواتە با سەرجەم ئەو بیروباوەڕە جێبێڵین کە بە میرات بۆمان جێماوە چونکە لە کۆمەڵە پڕوپوچێك پێکهاتون. با لە نوێوە دەست پێبکەین بێ بیروباوەڕی پێشو. بێ هەمو هزرێکی بەڵگە نەویست. با لە خاڵی سیفرەوە دەست پێ بکەین.. تەنیا بڕوا بەو شتانە بێنین کە بە چاوانمان دەیانبینین وبە هەست و ئەزمونمان پەیان پێ دەبەین.. دەبا بیرۆکەی خودا و دەست تێکەڵ کردنی ویستی لە وەدیهێنان لە زەینماندا وەلانێین. با بە شێوەیەکی جیا لە خوا بونەوەر بتۆژینەوە. چونکە خودامان نەدیوە

و نەماندیوە چۆن تێکەڵی گەردون بوە. یا خودا بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بروابێنن هەر لە خەیاڵدا بێنێتەوە. بەڵام ئێمە -کە واقیعین- بروا بە شتێك ناهێنین نەکەوتە بەر هەستەکان.

ئا بەجۆرە بیرۆکەی دین کەوتە هەژان.

هەرچی (مرۆڤ)یشە هەمو تێڕوانینێکی ئاینی لە دەستدا کە بەرزێتی و تاکێتی و رۆحانیەت و ئەخلاقیەتی بە باڵادا پۆشیبو و هەمو بۆ فوپێداکردنی خودا لە روحی خۆی و مەبەستی هەمیشەکی لە وەدیهێنانەدا خۆیان دەدیتەوە. داروینیزمیش ئەم دوانەی بە پروپوچی دەسکردی ئەفسانان دانابو و ئەو (پیرۆزی)یەشی لە مرۆڤ داماڵی کە لەوە وەدەستی هێنابو خوا بەشێوەی خۆی وەدیهێناوە و گرنگی پێداوە و زۆر سیما و تایبەتمەندێتی تەنیا بەوی بەخشیوە. بەتایبەتی ئەو روحانیەتە رونەی کە لە ئاژەڵانی دیکە دایدەبڕی و بەرزی دەکردەوە. جا مرۆڤ بەپێی رێنوێنیی داروینیزم بوە ئاژەڵێك نە بەرزی تێیدا نە روحانیەت، هەروك لە لایەکی دیکەش لە هەمو بنچینەکانی رەوشت و کۆمەڵگە و نەریتان رەهابو، چونکە ئەو هەمو (جێگیر)انە ساختەن و جێگیرنین و لەو گومراییە سەریان هەڵداوە کە لە ئاین هەڵێنجرابون.

هەموشتێك دەگۆڕێ. هەروەها کۆمەڵگەش دەگۆڕێ.. سیستەم و هزر و چەمکەکانی دەگۆڕێن.

جا ئەگەر (رەوشت) بە چەمکە باوەکەی لە رابردودا شتێکی جوان بوبێ و بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەسەندن گونجاو بێ، مەرج نیە ئەمرۆش هەر جوان و گونجاو بێ.. چونکە کۆمەڵگە گۆڕا... هەر (کۆمەڵگە)ش بوە پێشتر ئەم رەوشتەی دروستکردوە... نەك خودا و... نەك بیروباوەڕ -هەرچەندە لە پێشودا خەڵك لە

بێناگایی خۆیان دابوویانە پاڵ خودا و بیروباوەڕ- واتە کۆمەڵگە خاوەن بڕیارە کە دەستکاری بکا یان وەکو خۆی بیهێڵێتەوە... بڕیاریشی داوە دەسکاری بکا.

ئەگەر (خێزان) بە چەمکە باوەکەی لە رابردوودا شتێکی جوان بوبێ و بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەسەندن گونجاوبێ، مەرج نیە ئەم چەمکە ئەمڕۆش گونجاو و جوان بێ.. بەڵکو هەر پێویست نیە بەهیچ جۆرێك خێزان هەبێ... چونکە خودا خێزانی دروست نەکردووە هەروەك جەماوەر پێشتر بە هەڵە تێگەیشتبون، بەڵکو پێداویستەکانی کۆمەڵگە ئەوەی خواستبو... ئەمڕۆکەش کۆمەڵگە ئازادە کەوا خێزان بهێڵێتەوە یاخود لێکی هەڵوەشێنێ.. ئێستاش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی داوە.

ئەگەر لە پێشودا ئافرەت تەنیا ژن و دایك بوبێ، ئەوە یەکێك نیە لە بنەرەتی شتەکان، رێبیرێکی[1] جێگیر نیە کە نەگۆڕێ... بەڵکو ئەمە بیرزایەکی[2] کۆمەڵایەتیە لە چەند هۆیەك پەیدا بوە.. ئەو کۆمەڵگەیەی پێشتر ئەم بیرۆکەیەی بە پەرژینێك بۆ پاراستن، بەڵکو بە پیرۆزیەکی ساختە دەورە دابوو، ناوی خودا و دینی تێهەڵقوتاند بو، هەر ئەو کۆمەڵگەیە ئەمڕۆ ئەم بیرزایە وێران دەکا و پەرژینە ساختەکەی هەڵدەتەکێنێ و بەرەڵا و بێ شورەی دەهێڵێتەوە.

ئەگەر (داوێنپاکی) یەکێك بێ لە پیرۆزیەکانی رابردو، بە هیچ جۆرێك لە ژیانی مرۆڤایەتی بەهایەکی جێگیر و رەگاژۆ[3] نیە... بەڵکو ئەمە تەنیا بۆ ماوەیەك وابو... هیچ شتێك رێ لەوەناگری کە لە بناغەوە (بگۆڕێ) یا گەر کۆمەڵگە بیەوێ ببێتە عەیبەیەك و شارستانانی خۆی لێ دورکەن.

---

١ رێبیر: مبدأ.
٢ بیرزا:فکرة.
٣ رەگاژۆ:راسخ.

بەم شێوەیە بیرزای ڕەوشت و نەریتان لەرزەی تێکەوت.

ئەوەی قورەکەی تورتر کرد و بومەلەرزەکەی توندتر کرد ڕوخانی ئەو بەربەستە هەرە گەورەیە بو کە پێشتر بریتی بو لە بڕوا بە بەرزێتی مرۆڤ و ڕوحانیەتەکەی، لەگەڵ شەرمکردن لەوەی (دابەزێتە) ئاستی ئاژەڵ، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە مرۆڤ وەدیهێنراوێکی ناوازەیە و ژیان و کردەوەی بە پێوەری ئاژەڵان ناپێورێن و نابێ غەریزە و ئارەزووەکانی بۆ کوێیان هاژوا ڕەگەڵیان کەوێ... جا ئەمڕۆ ئەو بەربەستە لاکەوت... بەربەستی (مرۆڤایەتی)، مرۆڤیش لە عورفی دەرونی خۆیدا بو بە ئاژەڵێك تا بن هەنگڵ لە بنەچەی ئاژەڵانەی خۆیدا ڕۆچوە. کەواتە ئەو لە ئاستێکی (بەرز) نەبوە تا لێوەی (دابەزێ)... بەڵکو بەردەوام لە (دۆخ)ێك دایە دەیگەیەنێتە دۆخێکی دیکە... هەڵکشان و داکشانیش لە پێوەری ئاژەڵدا نیە.

* * *

لەگەڵ داروینیش ڕاڤە کردنی ماددی و ئابوری بۆ مێژو هاتەکایەوە. ڕاڤە کردنی ماددی مێژو دەڵێ، یەکەم: مێژوی مرۆڤایەتی بریتیە لە مێژوی گەڕان بە دوای خۆراکدا.

دوەم، دەڵێ: هێزە ماددیەکان[1] -یا هێزە ئابوریەکان- ئەوانەن کە ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکدەخەن و مۆرکی خۆی پێدەبەخشن و هزر و چەمك و بیروباوەڕەکانی دادەمەزرێنن... بە پێی پلەو ئاستی گەشەسەندنیان. جا کە مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوە چوە یەکێکی دی -بە حوکمی ئەو هێزی گۆڕانە بەردەوامەی لە دەرەوەی خودی مرۆڤ بە سەریدا فەرزکراوە و هیچ پەیوەندی بە ویستی خودی مرۆڤەوە نیە- ئەوا وێنەی ژیان دەگۆڕێ و هەستەکانی خەڵك دەگۆڕێن و هەمو

---

١ هێزە کەرەستەییەکان: القوى المادية.

شتێکیش لە کۆمەڵگەدا، وەك رەوشت و داب و نەریتەکانیان هەر گۆڕانیان بەسەردادێ، کەسیش دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ چونکە دەسکردی مرۆڤ نیە، بەڵکو دەسکردی دەوروبەری ماددی و هێزی ئابوریە[١].

سێیەم، دەڵێ: ئەو قۆناغانەی مرۆڤایەتی پێیدا دەڕوا هەر بە خۆیان قۆناغگەلێکی حەتمین لێ دەرباز بون و تێ هەڵبژاردنیان نیە.

بۆ نمونە لە ڕاوەوە دەچێتە شوانکارەیی و لەمەوە بۆ کشتوکاڵ و لەمیشەوە بۆ پیشەسازی... دیسان بۆ نمونە لە ئەفسانەوە بۆ دینداری و... لەویشەوە بۆ زانست، هەر قۆناغێکیش لەمانە کۆمەڵە بیروباوەڕ و دابونەریتێکی دیاریکراویان هەیە کە ژینگە وێنەیان دەکێشێ... کاتێکیش کۆمەڵگە لە حاڵەتێکەوە دەچێتە حاڵەتێکی دوای خۆی -کە ئەمەش گواستنەوەیەکی حەتمیە- ئەوا بە شێوازێکی حەتمی و بێ سەر پشك بون هەمو چەمك و هزر و بیروباوەڕەکانی حاڵەتە نوێیەکە وەردەگرێ.

لە دواییشدا دەڵێ -کە ئەویش پوختەی قسەی پێشوە-: هزر و هەست و بیروباوەڕەکان نین کە خەڵك دەجوڵێنن و رەفتاری کردەکیان لە واقیعی ژیاندا بۆ دەکێشن، بەڵکو ئەمانە بەدوای هەمو بارێکی کۆمەڵایەتی یان ئابوری دادێن. واتە هێزی ئاراستە کەر نین، سەرەڕای ئەمەش لەیەك حاڵەتدا جێگیر نابن، بەڵکو بەردەوام بەرەو پێش دەچن.

مارکس دەڵێ: ((لەو بەرهەمهێنانە کۆمەڵایەتیەی خەڵکی پێوە خەریکە دەیانبینی پەیوەندیگەلێکی دیاریکراو دروست دەکەن کە ناتوانن دەسبەرداریان بن و لەویستی ئەوانیش بەدەرە.. چونکە شێوازی بەرهەمهێنان لە ژیانی ماددیدا سنور بۆ چۆنیەتی کردارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و گوزارەییەکان لە ژیاندا دادەنێ، هەستی خەڵك نیە کە بونیان دیاری دەکا، بەڵکو بونەکەیانە کە هەستەکانیان دیاری دەکا)).

هەروەها (فریدریك ئەنگلز)دەڵێ: ((تیۆری ماددی لەم ڕێبەرەوە دەست پێدەکات: بەرهەمهێنان و ئەو شتانەی لەگەڵیدان لە گۆڕینەوەی بەرهەمەکان ئەو بناغەیەن هەمو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیان لەسەر بنیات دەنرێ، جا بەپێی ئەم تیۆرە دەبینین نابێ لە ئاوەزی خەڵکی یان لە گەڕانیان بە شوێن حەق و دادی هەمیشەکی بە دوای دوایین هۆکارەکانی هەمو گۆڕانکاریە بنچینەییەکاندا بگەڕێین، بەڵکو لەو گۆڕانکاریانەدا بەدوایاندا دەگەڕێین کە بەسەر شێوازی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردن دادێ)).

جا ئێمە لێرەدا گفتوگۆ لەبارەی راوبۆچونەکان ناکەین، بەڵکو مێژو دەخەینە ڕو [1].

ئەم لێکدانەوە ماددیە بۆ مێژو لە نێو لێکدانەوەی ماددی ئاژەڵانەوە بۆ مرۆڤ درێژەی کێشا.

چونکە مرۆڤ بۆ ڕەواو و دادی هەمیشەکی کۆشش ناکات، بەڵکو بۆ خۆراك تێدەکۆشێ.

نە بیروباوەڕ و نەڕێبڕ و نەبەهای بەرز و نە هەست و نەست.. بەڵکو ئاژەڵێکە لە چوارچێوەی گەدەدا دەژی و... گەڕان بە دوای خۆراکیش دەیخاتە گەڕ.

خو ئەگەر بۆ ڕەوا و دادیش تێکۆشا سودی نیە.. چونکە خەڵك لەبەر حوکمی دو یاسای حەتمی کە ماددە و ئابوریە.

(هەستی خەڵکی نیە کە بونیان دەسازێنێ، بەڵکو بونیانە کە هەستیان دیاری دەکا).

ئەگەر خەڵك بیرۆکەیەك لە خۆیگرن یا خود بڕوا بە بیروباوەڕێك بێنن، بەهای نیە و ئەمانە هەموی بەتاڵن، تێکڕا ئەندێشە و خەیاڵن، نەبناکوێ ئەستور دەکەن،

ئەبرسی و لاتان تێردەکەن. ئەمانە هیچ لە (واقیعی ژیان) ناگۆڕن، ئەو واقیعەی کە (شێوازی بەرهەمهێنان) سنوری بۆ دادەنێ.

ئاین و رەوشت و نەریتەکان بەخۆیان و لـە خۆیـانڕا چ بـەها و قیمـەتیان نیـە. بەڵکو تەنیا ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایـەتی و ئـابوری بـەرپای نێـو کۆمەڵگـەن. لەمەش زیاتر و گرنگتر ئەوەیە کە جێگیریش نین. بەڵکو بـە گۆڕانـی شـێوازەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێن. لەمەش زیاتر و گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤ بە خۆی دەگۆڕێ و جێگیر نیە. قەوارەیەکی نەگۆڕنیە ناوی مرۆڤ بێ.. هیچ غـەریزە و پاڵنـەرێکی فرچکیش[1] نین.. مرۆڤ رەنگدانەوەی ژینگەیە، نەك تەنیا لە چەمك و بیروبـاوەڕ و ڕاهاتەکانی، بەڵکو لە قەوارەی دەرونی ناوەکی خۆشیدا. هەمو بەشێك لە دەرونـی لە بۆ گۆڕان ئامادەیە. پەیوندیەکانی تاکانە و نێوکۆمـەڵ و سێکسـیش[2].. لەگـەڵ مولکداری و هاوسەرداری و خێزانیشـدا.. هـەمو شـتێك.. هـەمو شـتێك ڕەنگـە گۆڕانی بەسەربێ. پێوەرێکیش نیە هیچ شتێك بپێوێ بێجگە لە ڕادەی گونجانی لـە گەڵ دەوروبەرەکەیدا.. ئەوجا پێوەری نەگۆڕیش هەر بونی نیە.

* * *

کاتێك (فرۆید) دەرکەوت. هێشتا ئەو شەپۆڵە توندە هێور نـەببۆوە کـە تێـۆری داروین دروستی کردبو، تەنانەت هێشتا نەگەیشتبوە ئەو پەڕی.

فرۆید لە ساڵی ١٨٥٦ لە دایك بو.. واتە نێزیکەی نیو سەدە پاش داروین.

هەروەها بە چاوپۆشـین لـە ڕادەی دڵسـۆزی و لێبڕانی بـۆ زانسـتەکەی یـا بـۆ جولەکاتیەکەی[1] فرۆید گەلێك کـەوتبوە بەرکاریگـەری تـیۆرانیتی داروینیـنزم بـۆ

---

١ فرچك: فطرة.

٢ سێکس:الجنس.

مرۆڤ، لە واقیعیشدا درێژبونەوەیەكی بەهێزی داروینیزم بو لە بــواری توێژینــەوەی دەرونی و شیكاری دەرونزانی.

فرۆید هات هەڵسوكەوتی مرۆڤانەی لەسەر بنچینەی حەیوانێتی رەهای مــرۆڤ لێكدایەوە، كە هیچ سایەكی بۆ (مرۆڤایەتی) و باڵایی و جودایی مرۆڤ تێدا نەبو. هات و دەیگوت: (سێكس) بە واتای تەواو و تازەلانــەی، بــە واتــای بەرهەســت و هەوەستی، بەمانای جوڵــەی جەســتە و هەســتەكانی جەســتە، یەكــەمین گــەڕێن و پاڵنەری ڕەسەنی قەوارەی مرۆڤانەیە.

سێكس هەمو شتێكە و هەمو شتێكیش لە (سێكس)را هەڵدەقوڵێ.

منداڵ بە چێژێكی سێكسی مەمكی دایكی دەمژێ و بە چێژێكی سێكسی مێز دەكا و دەڕێ[1] و ماسولكەكانی بە چێژێكی سێكســی دەجوڵێنــێ و.. بــە چێژێكــی سێكسی بە دایكیەوە پەیوەست دەبێ (هەروەك كیژۆڵەش بە هەستێكی سێكسیەوە بە باوكی پەیوەست دەبێ)، جا ئەو هەستە سێكسیە بەرامبەر دایك (یان باوك لــە حاڵەتی مێیینەدا) لەپاڵ گەشەی منداڵەكە گەشە دەكات. هەتا یەكەم گرێكوێــرە لە ژیانیدا دروست دەكات، كە گرێكوێرەی ئۆدیبە (یان گرێكوێرەی ئەلێكترا ئەگەر منداڵەكە كچ بێ) و لە ئەنجامی ململانێی منــداڵ دروست دەبێ لــە نێوان ئــەم عەشقە سێكســیەی بۆ دایكــی و دەســەڵاتی سێكســی بــاوكی بەســەر دایكییــدا (بەپێچەوانەش لە حاڵەتی مێینیەدا) جــا بــەردەوام ئــەم گرێیــە كــار لــە دەرونــی منداڵەكە دەكا و ئەشكەنجەی دەدا هەتا بە شــێوازێك خــۆی لــێ دەربــاز دەكــا.. لەلایەك بەشێوازی خامۆشكردن و لە لایەكی دیكەش بە پۆشــینی كەســێتی بــاوك خۆی لــێ دەرباز دەكا.

---

[1] دەڕێ:تەبرز.

جا کاتێك منداڵ هەستی سێکسی خۆی بەرامبەر دایکـی خـامۆش دەکـاو، -لەنەستیدا- شوێن و جێی بـاوکی وەردەگـرێ و کەسـێتیەکەی دەپۆشـێ، گەشـەی دەرونی ئەو کاتە دەست پێدەکا و بەخۆی هەستە ناوەکیەکانی خۆی خامۆش دەکـا و فەرمان و بەربەستگەلێکیش بەسەرخۆیدا دەسەپێنێ کـە لـەو کۆمەڵـەی دەوری داوە هـەڵیان دەمـژێ و بەرەبەرە دەسـت بەسـەر هەڵسـوکەوتی خـۆی دادەگـرێ. فرۆیدیش بە دامەزرانی (خودی باڵا)[1] یا دامەزرانی ویژدان گـوزارش لەمـە دەکـا. بەلام ئەم پرۆسەیە بە پێی قسـەی فرۆیـد پرۆسـەیەکی ترکزەیـە، تەنانـەت لەگـەڵ وابەستەبونی بـە پێگەیشـتنی دەرونیی منـداڵ[2]، چونکـە ئـەو خامۆشـکردنە سێکسیەی لەتەك گرێی (ئۆدیب)دایە، شـوێنەوار گـەلێکی زیانمـەند لـە دەرونـی مرۆڤدا بەجێدێڵێ، چونکە ئەمە لە سەر رێی هێزی زیندەگی هەلقولا و رادەوەستێ و بەربەست و کۆت دروست دەکات. ئەمەش دەبێتە مایەی لارێ بونـی دەرونی و گرێکوێـرەی نەخۆشـی و شـپرزەیی دەمارەکـان و لـەکۆتاییدا قـەوارەی مرۆڤانـە دادەڕمێنێ.

جـا ئـەم لێکدانـەوە سێکسـیە بـۆ هەڵسـوکەوتی مرۆڤ تـەنیا لێکدانـەوەی هەڵسوکەوتی تاکەکەسێ نیە. بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا هەر لـە سـەرەتای مێـژوەوە خولێنکی[3] سەرجەم ژیانی کۆمەلایەتیە و تاك و خێزان و خێڵ و هـۆز و کۆمـەڵ و هەمو کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هەروەك ئاین و رەوشـت و نـەریت و هونـەر و هزر و فەلسەفە و.. هەمو چالاکیە مرۆڤایەتیەکان دەگرێتەوە، داروین لە پێشا گوتبـوی:

[1] خودی باڵا: الذات العليا.

[2] فرۆید لە کتێبی Three contributions to the sixual theory دا لـە لاپـەرە ٨٢ دەڵێ: (بەمجورە مرۆڤ هێزێکی گەورەی دەستدەکەوێ لەئامادەباشـی دەرونـی ئەمـەش بـۆ خۆی ترکزە و خەتەرناکە).

[3] خولێنك: تەوەر.

لە جیهانی چێڵاندا[1] جوانەگایە جحێڵـەکان رادەپـەڕن و دەیانـەوێ سـواری دایکـی خۆیان بن، بەڵام دەسەڵاتی باوك کە بەسەر گارانەکەدا زاڵە، رێیان لێدەگرێ. ئەوجا جەنگێکی گەرم لە نێوان ئەو جوانەگایانە و پیرەگای بـاوکدا دەقـەومێ، کـە تێـدا هەمو جوانەگاکان دژی باییان دەبنە لایـەك تـا دەیکـوژن. پاشـان خۆشـیان تێـك بەردەبن، هەریەکەو دەیەوێ دایکەکە تەنیا بۆخۆی بێ، جا بێهێز و لاوازەکان لەنێو ئەو جەنگەدا دەمرن یاخود پاشەکشێ دەکەن وتەریك دەبن. جوانەگایەکی جحێلیش دەمێنێتەوە، دەست بەسەر دایکەدا دەگرێ و دەبێتە سەرکردەی گاران.

فرۆید هات ئەم چیرۆکەی لە داروینەوە گواستەوە، بـەڵام وەکـو گوتـان لـەژێر کاریگەری دیدی ئاژەڵانە بۆ مرۆڤ لە جیهانی گیانەوەرانەوە بـۆ جیـهانی مرۆڤـی گواستەوە، ئەو پیرۆزییەشی لە مرۆڤ داماڵی کە پێشتر بەهۆی تاکەرایی[2] و جودایی لە جیهانی ئاژەڵانەوە هەیبو. هات و گوتی: لە نێـو مرۆڤـانی سـەرەتاش هـەمان بەزمی جیهانی مانگایان، جیهانی ئاژەڵان رویداوە.

کوڕەکان هەستیان بە ئارەزوێکی سێکسی کرد بەرامبەر ئەو دایکەی کـە لێـی بوینە، بەڵام دەسەڵاتی باوك رێی ئەو ئارەزووە بەتینـەی لێدەگرتـن. جـا کوڕەکـان پیلانی کوشتنی باوکیان دانا تا لە دەسەڵات و زاڵبونی رزگاربن و داکیان بۆخۆیـان وەدەست بێنن.

ئەوەبو نەخشەکەیان جێبەجێ کرد و باییان کوشت.

بەڵام هێشتا دەستیان بەخوێنەکەی تەڕبو، پەشیمانی دایگرتـن و هەسـتیان بـە گوناهکـاری کـرد، بڕیارێـان دا یـادی ئـەو باوکـەی کوشـتبویان پـیرۆز راگـرن.

---

١ جیهانی چێڵان: عالم البقر.
٢ تاکە رایی: الفردیة.

بەمشێوەیە پەرستنی باوك سەریهەڵدا.

لەپاشاندا کەسێتی باوك لە هەستی ئەوان تێکەڵ بەهەندێك جۆری ئاژەڵان بو - ئەمەش کردارێکی دەرونیە و فرۆید دەڵێ کە سروشتیە- ئەوجار ئەو ئاژەڵانەیان پیرۆز راگرت و کوشتنیان قەدەغەکرد، بۆ سڕینەوەی تاوانی کوشتنی باوکیان و لە پێناو پیرۆز راگرتنی یادگاریەکەی. بەمشێوەیە ئاینی تۆتەمی سەریهەڵدا.

پاشان فرۆید دەڵێ: ((هەمو ئەو ئاینانەی لە دوای ئەوەدا هاتون کۆمەڵە هەوڵێك بون بۆ چارەسەری هەمان گیروگرفت -هەستکردنی کورەکان بە تاوانباری- ئەو ئاینانەش بە گوێرەی ئاستی ئەو ژیارانەی تیایاندا دەرکەتون ئەو ئامرازانەی بەهۆیانەوە پیادەکراون لە یەکدی جودان، بەلام هەمو یەك ئامانجیان هەبوە و ئەویش کاردانەوەی هەمان کارەساتی مەزن -کوشتنی باوك- بوە کە ژیاری لێوە دامەزراوە و لەوەتەی رویداوە چرکەیەك حەسانەوەی بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە)) [1].

ئەمە لە بارەی ئاین.

لە بارەی رەوشتیش دەڵێ: ((رەوشت مۆرکی توند و تیژی هەلگرتوە، تەنانەت لە پلە سروشتیە ئاساییەکانیشیدا)) [2].

هەرچی ژیاریشە، ئەوا لە لاپەرە ٨٥ی کتێبی (The Ego &The Id) لەبارەی: (ناکۆکی نێوان ژیار و گەشەی سەربەستی وزەی سێکس) دەدوێ.

لەهەمو کتێبەکانی دیکەشی کە ئەم پیاسە خێرایە بە پایانیان ناگا [3]، هەمو جۆرە چالاکیەکانی مرۆڤ بەدیدی خۆی بۆ بنەرەتە سێکسیەکەی دەگێڕێتەوە، ئەوجا ناکۆکی نێوان: هەمو رێکخراوە کۆمەلایەتیەکان و ئەوەی ناوی ناوە (گەشەی سەربەستی وزەی سێکس)، راڤە دەکات.

ئێمەش لێرەدا وتوێژ لە ڕاو بۆچونان ناکەین بەڵکو مێژو دەخەینەڕو.

ئەوەبو ئەو شەپۆلە گەورەیــە کــاری خــۆی کــرد و وەکــو ئــاگری نێــو پــەڵاش[1] بڵاوبۆوە.

بڵاوبۆوە و لەگەڵ خۆیدا ئاین و رەوشت و نەریتی دەڕوخاند و تێکڕای کەلەپوری مرۆڤایەتی پیس دەکرد.

ئەمە مرۆڤە -وەك فرۆید وێنەی کێشا- روت... روت لە هەمو رەوشــت و لــە هەمو ئاین و لە هەمو هەستێکی پــاك. هــەمو ئــەو پۆشــاکانەی شــەرمگە[2] بــەر هەست و دەرونی و گوزارەییەکانیان دادەپۆشت، هەموی پەردەیەکی ساختە بون کە نە نوێنەری حەقیقەت بون، نەبەهایــەکی شایســتەی بایــەخ پێــدان... بــەڵکو ئــەو پەردەیە خەفەکردن بــو، نــاڕەوا بــو. کۆســپی بــەردەم (گەشــەی سەربەســتی وزەی ســێکس) و کــۆت و پێوەنــد بــو... تاکــە حەقیقــەتی شــیاوی بایــەخیش، تــەنیا حەقیقەتێك، کە هەرشتێك لەو بترازێ ساختە و نــاڕەوان و شایســتەی لاچونــن... حەقیقەتی سێکسە، حەقیقەتی ئاژەڵی روت.

ئەمجارەیان شتێك رویدا بەوەی دەچو کە بەسەر داروین هــاتبو... لــە ســەرەتادا جەماوەر هەڵوێستی ڕکەبەری لە فرۆید وەرگرت و بەتوندی هێرشی کردە سەر... - تارادەیەك- لەپاڵ بیروباوەڕە ئاینیە (تەقلیدیەکەی) خۆی راوەســتا، کــە لــەواقیعدا تەواو تێیدا رۆنەچوبو و بیروباوەڕێکی هۆشمەندانەش نەبو، هەروەك لــەریز رەوشــتە تەقلیدیەکەی خۆی راوەستا کە لەڕاستی بیروباوەڕێك نەبو خەلکی بـــە قەناعــەت و هۆشیاری بڕوایان پێهەبێ. بەتوندی لە پاڵ ئەو وێنە (مرۆڤانە)یە راوەســتا بــو کــە

1 پەلاش:هشیم.
2 شەرمگە:عورة.

مرۆڤ ئاوا لە خۆی دەڕوانی و تا ئەوپەڕی شانازیشی پێوەدەکرد، فرۆیدیش هــاتبو تا بریندار و پیسی بکا و پیسایەتی ئاژەڵی بەباڵادا ببڕێ.

بەڵام پاشان هەڵوێستی جەماوەر گۆڕا.

بەتایبەتی گەنجان ڕێکارەکانی[1] فرۆیدیان هەڵقوزتەوە و بەهەر چوار پــەل خۆیــان پێدا شۆڕکردەوە و بەرەو هەمو ئاڕاستەیەك جوغزەکەیان فراوان دەکرد.

ئەم ڕێکارانە فریاڕەسێك بون کــە گــەنجانی لــە وشــك و برینگــی ئــەو نەریتــە ئاینیانەی پێشو باوبون ڕزگار دەکرد... ڕاستە کە ئەو نەریتانە بــە تــەواوی ڕەچــاو نەدەکران، بەڵام ئەمە جێکەوتەکەی لە دەرونان کــەمتر نــەدەکردەوە.. چونکــە لــە حاڵەتێکی وادا -وەك فرۆید ڕاستی گوتوە- گرنگ نیە مرۆڤ ڕێکارەکانی دین لــە هەڵسوکەوتی واقیعی خۆیدا جێبەجێ بکا یان نا، بەڵکو ڕادەی هەست کردنی بــەو ڕێکارانە لە نەستیدا گرنگە، لە گەڵ ڕادەی ئەو فروسمانانەی پێــی دەگەیــەنێ ئایــا ئەو کارەی بەتەمایە ئەنجامی بدا هەڵەیە یان ڕاست.

ئەو نەریتە ئاینیانەی پێشان لە ئەوروپا باوبون زۆر ڕەق و وشك و برینگ بــون. سێکسی وەك پیسی و پۆخڵیەك دەبینی دروست نــەبو دڵانــی پــاك وەخــۆی گــرن. لێدوان و نێزیك بونەوە و دەست لێدانی لە دورەوەش پێ حــەرام و بــۆ ئــەو کەســی بیویستبا خۆی پاك و بەرز ڕاگری. پاشان لاوان -کــەوا کێشــە و گرفتــی سێکســی لایەنێکی گەورەی هەست و بیری داگرتون- لە دەســـتور گــەلی فرۆیــد پشــیدان[2] و بەرەڵلاییان دۆزیەوە و پاڵپشتێکی بەهێزیان دەسکەوت هەتا لە بەرامبــەر فشــاری ئاین و ڕەوشت و نەریتەکان پشتیان بگرێ، پاڵپشتێك بو ئەو مۆری (تــاوان)ەی لــە

---

[1] ڕێکارەکان: تعالیم.

[2] پشیدان:هەناسەدان.

تەویلیان سرپیەوە کە پێشتر دیداری کۆمەڵیان پێدەکرد و لەناوەوەش دەرونی خۆیان روبەڕوی دەکردنەوە و بەلاچاوی دادەدانەوە، لە جیاتی ئەوە دروشمێکی سەرنج راکێش و فریودەری پێبەخشین: دروشمی وێران[1] و ئازادی و رەهابون و روبەڕوبونەوە.

هەروەك جەماوەر، بە پیر و لاوانیەوە، دەرفەتێکی نوێیان دۆزیەوە بۆ روخاندنی پاشماوەی ئەو بنیادەی کە پێشتر بەرز و بالآبو کەچی ئەمڕو وا دەهەژێ و دەلەرێتەوە. ئەو بنیادەش (کلێسا)ی زاڵ و فەرماندار بو.. دەرفەتێك بۆ ئازاد بون لەو دێوەی پێشان گەفی[2] لێدەکردن، ئەو دێوە ئەرژەنگەی تا بریندارتر بێ و زامەکانی قوڵتر بن ئەوان لەناخی دەرونیانەوە شادیەکی سەرتاپاگیر دایاندەگرێ. جا با بانگەوازی مرۆڤایەتیش بەرێی شەیتاندا ئاو و ئاوچێ، ئەگەر تەنگە تاوکردن و کۆتی لە گەڵدابێ. دەبا (ئاژەڵێتی) دروشمی مرۆڤانە بێ مادام ڕاپسکان[3] لە کۆت و بەندانی لەگەڵ دابێ.

جا ئەمەش بەتێگەیشتنی واقیعیانەی (سروشتی مرۆڤایەتی) ناوەزەد کرا.

* * *

کاریگەری فرۆید تەنیا لە گۆڕەپانی تۆژینەوە دەرونیەکان و سەردانگە سایکۆلۆژیەکان نەبو، هەروەك پێشتریش کاریگەری داروین تەنیا لە بواری تۆژینەوەکانی ژیانناسی دا کورت هەڵنەهاتبو. لەواقیعدا هەردوکیان چێوەی (زانست و توێژینەوەیان) بەزاند بو و تێڕوانینێکی دیاریکراویان بۆ (مرۆڤ) هێنائارا، لەسەر بنچینەی ئاژەڵێتی و ماددی مرۆڤ.

---

١ وێران:جرأة.

٢ گەف:تهدید.

٣ راپسکان: التفلت.

هەروەك چۆن هزرەكانی داروین و تیۆری گەشەسەندن بەسەر ئـاین و رەوشـت و نەریتەكان رەنگیان دایەوە، بەمشێوەیەش هزرە سێكسیەكانی فرۆید لە هەمان ئەو بازنانەدا رەنگیان دایەوە، بەڵكو ئەمانە كاریگەریان تێدا زیاتر بون و پتر لە كوچـە و كەلەبەرەكانیان رەگازۆ بون و بڵاوەیان كرد، چونكە راستەوخۆ لەگـەڵ رەوشـت و نەریتـەكاندا وێـك دەكـەوتن، بـەڵكو هـەوڵیان دەدا هـەر لـەرەگ و ریشـەوە هەڵیانكێشێ.

دوابەدوای فرۆید گەلێك رێچكە و رێڕەوی هونەری و ئەدەبی بـە شـوندا هـاتن. رێڕەو گەلێك تێكرا لە هەوڵی ئەوەدابون سـێكس وەك تـەوەر و رەگـەزی تاكانـەی ژیانی مرۆڤایەتی بخەنە رو، هـەروەك بـۆ ئـەوە تێدەكۆشـان كۆتـەكانی رەوشـت و نەریتان وەك بێئاوەزی[1] وێنەبكێشن. كە نابێ مرۆڤایەتی مومارەسەیان بكات، یـا ریاكاریەكن هیچ یەكێك لە ناخی دەرونی خۆیەوە بڕوای پێیـان نیـە. ئـەوجا دەبـێ بەرەو واقیعێكی راشكاو وازیان لـێ بهێنین. راشكاوێتی ئاژەڵێكی روت.

هـەروەها چـیرۆك و شـانۆگەری و شـیعر و وێنـە و مۆسـیقا و رۆژنامەگـەری خزمەتكاری سێكس دەركەوتن، كە بۆ دەرخستن و بەرجەستەكردن و تیشك خسـتنە سەر و پەردە لـەرو لادان و لابردنـی شـەرم و دنـەدان بـۆ ئاشـكرا و بـەرۆژی رون مومارەسە كردنی سێكس، رەخسابون..

سێكسبازیش بەدەر لـەو سـنورە (شـەرعی)یانـەی ئاینـەكان بۆیـان كێشـابو، بەگوێرەی مرۆڤایـەتی كـارێكی تـازە نـەبو، بـەڵكو هـەر لەگـەڵ بونـی كۆمـەڵی مرۆڤایەتیدا هـەبوە. بـەڵام ئـەوەی لـە دوای فرۆیـد تازەداهـات، ئـەو بانگـەوازە ئاشكرایە بو كە شەرمی نەدەكرد و ئەو ئاژەڵێتیە بو كە هیچ پەردەی نەبو. لەگـەڵ

1 بێئاوەزی:سخف.

(شەرعیەت) دان بەوکارەی کە لەپێشــودا شــەرعی نــەبوو، هەرکەسێکی توخنــی کەوتبا لە پەناوە و دور لە چاوان ئەنجامی دەدا.

هەندێك ئەدیبی وەك (د.ھ.لۆرانس)یش بونە پسپۆری نوسین لەبابەت سـێکس و چێژبەخشین بە خوێنەران و سـەرنج راکێشـان و خافلاندنیـان بـە وردەکاریـەکانی و وەکارخستنی لێــهاتویی.هونـەری لەرادەبـەر بـۆ بانگـەواز بـۆ دۆزی (جەسـتە) و دەرخستنی وێنەی ئاژەڵی ناو قەوارەی مرۆڤ بەشێوەیەك کــە هــەر ئــەو بەڕاسـتی مرۆڤە، هەر ئەو ئاژەڵێتیە بەتەنێ و هەرچی لەو بترازێ هەمو پوچ و ناڕەوان.

ئەمە ئەدەبە جدیەکە.. هەرچی ئەدەبی (سێکسی) پەتیشە، ئەو ئەدەبەی هەمو خەمی هەر ئەوەبو باسی ساتەکانی سەرجێیی بکا و لەسەری بڕوا و دوپاتی کاتەوە و لەسەری بڕوا و دوپاتی کاتەوە... لــە سەرانســەری دنیایــێ و بەشـێوەیەکی بـێ وێنەی تونـد و فـرە ئـەم شـێوازەی ئـەدەب پـەخش و بڵاوبـوەوە، دیـارە گەشـەی چاپەمەنی و توانستی ڕو لە زیاد بونی، ئاریکاری ئەم جۆرە پەخش بونەبون.

ڕۆژنامەوانیەکی تەواویش بە بانگەواز بۆ کاروباری سێکسی و نقێمدار کــردن و ڕازاندنەوەی و لێکۆڵینەوەی لایەنە جوداکانی تایبەتمەندبو. جارێك لــە ڕوی دیــن و تێك گیربونی ڕەزاگرانی لە گەل (واقیع) ی مرۆڤ و جارێکی لــە ڕوی ئــەو نەریتــە بێتامانەی کە بەربەستە لەرێی(گەشەی سەربەستی وزەی سێکس). جـارێك لـەڕوی ڕەوشتەکان و خۆتێهەڵقوتاندنیان لەو شتانەی مافیان نیە تێکەڵی بــن وەك ئـازادی هەست و کردار. جارێك لە ڕوی سەربردە و چیرۆکی سێکسی ئارەزو بزوێن. جـارێك لە ڕوی وێنەی ڕوت و جارێك لــە لایـەنی نوکتــەی سێکســی و جــارێك لـە لایــەن ڕانواندنی کێشە و گیروگرفتە عاتیفی و کۆمەڵایەتیەکان و لەهەمو لایەن و ڕویــەك بەشێوەیەك هەر کەسی بیەوێ ئەو (پۆشاك)ە هەستی و واتاییە لەخۆی دابماڵێ کــە

مرۆڤ شەرمگەکانی پێ دەشارێتەوە بتوانێ خۆتێکوتێ و بەرۆژی روناك خۆی روت دەرخا.

مۆسیقایەکیش بەتەواوی بۆ وروژاندنی سێکس و گـوزارە لێکردنـی تایبەتمـەند بو. گەلێك جۆران دەربڕین و گوزارەکردن، بە تەنیا یا لە پاڵ گۆرانی و سەما کردن. جا بە هەرا و هۆریا دەریدەبڕی وەکو ئاوازەکانی جاز، یا بەهەڵپەڕینێکی چالاکانـە وەك هەندێك ئاوازی سەما، یا شەپۆڵدانێکی هەستیاری دیار وەك هــەندێ جـۆر و بابەتی تر.

ئەمانە هەموشی لە شانۆ (چاکە)کان و یانە (پاك)ەکان، هەرچی شانۆ سێکسیە پەتیەکان و یانە ئاژەڵانە روتەکانیش بون جۆرەها گۆرانی و ســـەما و موسـیقای وا ناخوازێ باسیان بکرێ.

هونەر گەلێکیش بە (دیراسە)ی جەستە تایبەتمەند بون... نەك بە شێوازی کۆنی یۆنانی کەوا لە گەڵ خاو و خلیچکی و پوچپەرستی لە (جەستە)دا بە دوای جوانیدا دەگەڕا، بەڵکو بەرێچکەی (فرۆید).. ئەو رێبازەی لە جەستە سێکس رادەنوێنــی و هەر بە روت و قوتی بۆ چاوانی دەردەخا، چونکە ئەمە لە مرۆڤدا حەقیقەتە.

سەرەڕای ئەوانەش هەموو، سینەما هات.. بوە گورزێکی پشت شکێن.

سینەما هەر لە سەرەتای دەرکەوتنەوە هونەری (جەماوەر) بو، ئەو جەماوەرەی ئەدەب ناخوێنێتەوە و پارەی شانۆی دەســناکەوێ و بـواری سـەمای بـۆ نارەخسـێ لەگەڵ ئاهەنگی گۆرانی و موسیقادا، دەرفەتی نیە بەســەر وێنـەکان بسـوڕێتەوە و چاوبداتە (کەڤاڵ)ەکان[1].. ئەو جەماوەرە لە سینەما دەگا و سەرشێتانە بـەرەو روی دەچێ.

---

[1] کەڤاڵ: لوحة.

لەدایکبونی زانستیی سینەما و فیلم لە سەردەمی (فرۆید)دا بو. بۆیە کاتێك لە دایك بو تەواو بەسێکس و پیس ببو. لەگەڵ هەندێش -وەك هەمو شتێك- پلە پلە لە کۆمەڵێك فیلمەوە دەستی پێکرد کە بیرۆکەیەك و کەمێك سێکسی هەڵگرتبو، تا گەیشتە ئەو فیلمانەی زۆربەیان سێکسیان هەڵگرتبو لەگەڵ کەمێك بیرۆکەدا، هەتا وەکو ئەو فیلمانەی بێ لە سێکیس چیدەیکەیان تێدا نەبو وەك فیلمەکانی خۆپیشاندان.

سینەما بە توانستە هونەریە گەورەکانیەوە ئەزمونی جەماوەر بو. چونکە لە واقیعدا کۆمەڵە هونەرێکی پێکەوە کۆك و پێکڕا رێکردوە.. هونەری چیرۆك و هونەری شانۆ و هونەری وێنەگرتن و هونەری مۆسیقا و هونەری گۆرانی، هەمو پێکەوە کۆبونەتەوە، لەپاڵ ئەو توانستە زانستیانەی وادەکەن ئەو تێپە دەنگدار و وێنەدارە -بەم دواییەش بەرجەستەیە- لە هەمو شتێك زیاتر لە روکەشدا بە واقیعی ژیان بچێ.

لەپاشاندا کاریگەری سینەما لە نەمانی رەوشت و نەریتەکان لەهەمو ئەوانەی پێشەخۆی لە رۆژنامەوانی و رادیۆ و هونەرەکانی دیکە بەهێزتر بو.. چونکە (واقیعی) سێکسی بە بەرجەستەیی هەڵگرتبو و بەشێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش و پەتائاسا و کاریگەر پیشانی دەدا.

جا ئەگەر سینەمای سێکسی چوەپاڵ شانۆی سێکسی و مۆسیقای سێکسی و رۆژنامەوانی روت و هزر و بیری روت و بانگەوازی ئاشکرا بۆ رماندنی ئاین و رەوشت و نەریتان[1] ... بەم شێوەیە نەوەی وا هاتنەکایەوە کە لە ناخی خۆیاندا بێجگە لە حەقیقەی سێکس دان بە هیچ حەقیقەتێك دانەنێن و لەلایان زۆر ئاسایی

---

[1] ئاشکرایە ئەو سەردەمەی ئەم کتێبەی تێدا نووسراوە، هێشتا تۆڕی ئینتەرنێت دانەهاتبوو، دەنا بێگومان رۆڵی ئەو داهێنانەشی لەمروەوە دەخستە رو. -ژیوان-

بێ ئەگەر ئەو ئاژەڵەی لە مرۆڤدا خۆی حەشارداوە روت و قوت بێتەوە، روتبونەوەیەکی هەستی و مەعنەوی، روتبونەوە لە هەستکردن و لە رەفتاردا، روتبونەوە لە نێو ماڵ و لە سەر شەقام، روتبونەوە لە قسە و لە جوڵانەوە و لەرۆیشتن و دانیشتن و سەیر کردن.. حەیوانێکی روتوقوت.

* * *

جا دەمێك پێش ئەو کاتە، لەو کاتە و پاش هەنگی، شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا کاری خۆی لە روخاندنی رەوشت و نەریتەکان ئەنجام دەدا.

شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا -وەك مێژو- بەماوەی نێوان ١٧٦٠-١٨٣٠ سنوردار دەکرێ، بەڵام ئەمە تەنیا دیاریکردنێکی (زاراوەیی)ە لە گۆڕانی ئامرازی دەستی بە ئامرازی هەڵمی. هەرچی ئەو بزاڤە کۆمەڵایەتی و بزاڤە دەرونییەش بو کە شۆڕشی پیشەسازی هێنایە کایەوە دیارە کە لە ساڵی١٨٣٠دا نەوەستان، بەڵکو واشیاوترە بڵێین کە ئەوکاتە دەستیان بە قایم بونی کرد!

لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپاش درەنگتر شۆڕشی پیشەسازی دەستی پێکرد و شەپۆلە یەك لە دوای یەکەکانی ئەو شۆڕشە وڵات لە دوای وڵاتیان دادەگرت. لە رواڵەت و روکەشدا پێك دەچون، بۆیە خەڵك وایان بە خەیاڵ دادەهات ئەوە دیاردەیەکی گشتیە و پێکرا کەوتۆتەڕێ و لەگەڵ یەکدا کۆکە، بۆیەش باوەڕیان بە لێکدانەوەی ماددی بۆ مێژو هێنا[1]!

ئەوروپا لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لە سایەی دەرەبەگایەتیدا دەژیا. ئەو دەرەبەگایەتیەش لەگەڵ ئەو تاریکیەی ئەوروپای لە چاخە تاریکەکاندا تێیدا نقوم بوبو، پێکەوە سێبەریان لە ئەوروپا کردبو، هەتاکو لە چاخی رێنیسانس و بزاڤی

---

١ التفسير المادي للتأريخ.

راپەڕین و ژیانەوە وەئاگا هاتەوە..

دەرەبەگایەتیش دەستی بە خاپوربون کرد کاتێك شۆڕشی جوتیێرە کۆیلەکان سەریهەڵدا و دەستیان بە هەڵاتن کرد لەو زەویەی پێیەوە کۆت و بەند کرابون و مافیان نەبو لێی جودا ببنەوە و تیایدا ئازادیان نەبو و یەك سیمای ئادەمیانەی باڵا یا تەنانەت نزمیشیان نەبو، بەڵکو کۆیلە و ئاژەڵان وەك یەك بون. یاخود رەنگە ئاژەڵ رێزی لێ گیرابا -تاکو بژی و کاربکا- کەچی کۆیلە ئەو رێزەشیان نەبو!

بەڵام روکاری ژیان لە ئەوروپا بەشێوەیەکی کاریگەر نەگۆڕا هەتاکو ئەو کاتەی بەرەو پیشەسازی چو.

پێشتر موڵکدارەکان -بەرامبەر شۆڕشی جوتیاران- ناچاربون لە کۆیلایەتی رەهایان کەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جوتیارانە هەر لە زەویەکاندا مانەوە و کاریان دەکرد و ژیانیان گۆڕانێکی وەهای بەسەردا نەهات.. چونکە ئەوان -لەواقیعدا- تەنیا گۆڕانکاریەکی کەمیان لە خۆیاندا ئەنجامدابو، هەر -رواڵەتی- کۆیلایەتی گۆڕابو حەقیقەتەکەشی لە ناخی دەروناندا مابۆوە.

بەڵام کە پیشەسازی دامەزرا، رەوشەکە لە بنچینەڕا گۆڕا.. هەر هیچ نەبێ لە روکەشی کاروبارەکاندا [1]! پیشەسازی لە شاردا دامەزرا و پێویستی بەکارگەران بو.. هەر لە بنەڕەتیشدا شار هێندەی تێدا نەبو کە پێویستی پیشەسازی تازە پێگەیشتو تێرکا، بۆیە هەر دەبوا چەندی پێویستە لە لادێوە بهێنێ.

جا ئەو لادێییە هات کە لە خاکەکەی هەڵکێشرابو و لە پەتکی دەرەبەگان دەرکێشرابو. هات هەتا بێباك لە قامچی (خاوەنەکەی)، بێباك لە کۆتەکانی پاشکۆیەتی و رەنجکێشانی بێبەروبوم و ماندوبونی بێداهات پێ بنێتە شار.

-هەر بەلای کەمی بۆ تاوێك- هەست بە تامی سەربەست بون و شیرینی ئازادی

بکا[1]!

جا جوایەزیەکی گردەبڕ لە نێوان جیهانی لادێ و جیهانی شار لە هەستی ویدا دروست بو.

جیهانی لادێ ریسوایی وپاشکۆیەتی و کۆیلایەتیە، جیهانی شاریش ئازادبونە لە کۆتەکان.

رێکخەرێکی- لۆژیکی- لەدەرونی کارگەران نەبو پێیان بڵێ: لە ژیانی لادێ (واتا)ی جوان هەن چاکترە لە گەڵ خۆیان بیبەن، یان (بیروباوەڕ)ی بەرز کە لە شار بۆیان دەگونجێ، یان (پەیوەندی مرۆڤانە) کە باش نیە لەگەڵ جێهێشتنی گوند جێیان بێڵن، یا لەگەڵ پشتگوێ خستنی کۆیلایەتی و نەبونیی زەبونکەر پشت گوێیان خەن.

نەخێر! ئەو رێکخەرە (لۆژیکی)یەیان لە دەروندا نەبو شتی گونجاو یان بۆ لە هی نەگونجاو هاوێرکا[1]، بەڵکو بزاوتێکی ویژدانی هەڵچوبو ئازادی و رەهابونی دەخواست. هەر خەمی ئەوەی لەبەر بو هەرچی هەیە بیخاتە پشت سەری خۆی و هەمو شتێك وردوخاش کا.. هەتا هەست بە هاتنە بونی ژیانێکی تازەبکا.

تۆ واش دانێ حوکمی خۆی بردە بەر لۆژیك و تەرازوی گرتە دەست..، ئایا هیچ شتێکی لە چاکە و حەق لە دەست مابو کە پارێزگاری و داکۆکی لێ بکا. لە کاتێکدا بە خۆی لە مالاتان[2] زەبونتر و لە ئاژەلان ریسواتر بو؟

نەخێر! با گوند بچێتە دۆزەخ.. با کارگەران لە شاری ئازاد دا بژین، بەرەلا لە هەمو کۆتێك.. هەمو کۆتێك!

---

١ هاوێرکا: جیاکاتەوە.

٢ مالات:حەیوان.

ئەمە یەکێك.. یا ئەوە بنچینەکە.

جا کارگەران تاکتاك هاتن.. لە گوندی جودا جواداوە تەنانەت ئەگەر لە گوندێکیش بان هەر پەرتەوازە بون و تاکو ئێستا یەك ماڵ و یەك نشینگە پێکی نەدەبەستانەوە و هیچ فاکتەرێکی هاوبەشیان لە نێواندا نەبو..

لە لادێ یەکتریان دەناسی وبەڕاستی نێزیکی یەك بون، کە نێزیکاتی خوێن و خزمایەتی.. یا بەلای کەمی نێزیکاتی ناسیاری و هاوسێیەتی بو.

بەڵام لە شاردا پەرتەوازە بون. نە خزم بون و نە ناسیار.

هەر تاکێك لەوان وای هەست دەکرد پەیوەندیەکانی پێشتری هەمو لە ناکاودا پچڕان. ئەو نەریتانەی لە گوندیش ملکەچیان بو و دەستی پێیانەوە دەگرت -زۆر جاران لە شەرمی خەڵکی، نەك لەبەر باوەڕپێبون- ئەم نەریتانە هیچ بیانوی مانەوەیان نەبو.. دەبێ لێرە کێ بیناسێ؟ یا گرنگی پێبدا؟ یاخود ئەگەر لەگەڵ نەریتان ناکۆك بو لێی بپێچێتەوە؟

بابەرەڵابێ.. لێرە لێپێچانەوە نیە!

ئەمەش یەکێك..

کارگەران -لەسەرەتادا- بەتەنێ هاتن، بێ خانەوادە و بێ خێزان.

باری گوزەران لە شاری هێشتا تەواو دابین نەبو تا کارگەر خێزانی بباو بۆ شار رایانگوێزێتەوە. ئەمە ئەزمونێکی نوێ بو و بەترکزان دەورەدرابو، یا تێدەچو یادەردەچو. بۆیە ناوا شیاوتر بو کارگەر بە تەنیا سەفەرکا. کە کاروباری دامەزرا خاوخێزانی بچنە لای.

بەتەنێ بون -زۆران جاریش- لە تەمەنی گەنجێتی بون. لەسەرەتا ئەوەی خورت و بەهێز نەبا، بەرگری کاری نێو کارگەکانی نەدەگرت. چاپوك و بەتواناش نەبا

خاوەنکار وەریان نەدەگرت.

بەتەنێ بو -لەتەمەنی گەنجێتیدا- بەربەستی لەبەردەم نەبو، چونکـە رەوشـت و ئاین و (ویژدان) و نەریتەکانی لەو رۆژەوە واز لێهێنا، کە لە گوندەکەی راپسـکا و روی لە شار کرد، لە شاریش ئەو پێشگرەی لەپێش نەبو کە لە لادێ رێی دەگـرت و ناوی شەرمکردن بو لە کەسانی دیکە، موغرەیاتیش لە دەورەی بون.

داوێنپیسی و لە شفرۆشی -هەر لە زو ڕا- لە شـار هـەبوە. ناوەنـاوە لـە ژێـر پەردە و ناوەناوەش بە ئاشکرا، بەڵام بەردەوام هەر هەبوە.

ئەو گەنجانە ملیان لێنا -لەماوەی قەتیس مانی سێکس دور لە خێزان- خۆیـان لە زبڵدانی ئارەزوبازی نقوم دەکرد.

لەسەرەتادا کارگەران هەستیان دەکرد زەرورەتە.. بەڵام پاشان بوە عادەت.

لە پاشانیش کە لە ژیانیان ئارخەیان و دڵنیـابون، ناردیانـە دوای خێزانـەکانیان هەتا بۆ شار بێنە لایان، یـان خـێزانی تازەیـان لـە وڵاتـی نوێـدا پێکوەنـا. ئـەوە زەرورەتی پێشوی لە ناونەبرد، بەڵکو بۆ نـەوە نوێیـەکان بـەجێما، کـە دەرفـەت و رێچکەیەکی سانایان تێدا دیتەوە خۆیان پێدا لـە فشـاری سـێکس رزگـار کـەن و هیچیشی بە دوا دا نەیەت.

داوێن پیسی، بە شێوازی جۆرا و جۆری، هــەر لـە یەکـەم (هاورێیـەتی) تاکـە کەسی تا دەگاتە لەشفرۆشتن بە هەر کەسێکی حەزی لێبێ.. ئەمە بوە نەریتگـەلی تازە لە شار.. نەریتگەلێك چاودێری بۆ تەرخان دەکرێ و یاسا پارێزگاری دەکا.

ئەمەش بەو پێشکەوتنە ناونرا کە لە گەڵ واقیع رێدەکا و لە ئەندێشە و خەیاڵدا ناژی.

***

کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی لە هەڵوشاندنەوەی پەیوەندیەکان و پەرەکردنی ڕەوشتدا هەر لەو سنورە نەوەستا..

کارگەران -کە لە پێشودا بە هاتنیان بۆ شار خەنی ببون- دژ بە خاوەن کارگەکان دەستیان بە سەربزێوی کرد کە بە شێوازێکی زۆر دزێو دەیانچەوساندنەوە و دەسەعات یا دوازدە سەعات یا هەندێ جار چاردەسەعات بەرامبەر بە کرێیەکی کەم دەیانخستنە بەرکار کە بەشی ژیانێکی سەربەرزانەی نەدەکرد و پێداویستی کارگەری دابین نەدەکرد.

لەوکاتە خاوەن کارگەکان بە فرتو فێل لە کارگەران ژنانیان بۆ هەمان سەعاتەکانی کارو بەکرێی کەمتر خستەکار .

وەکارخستنی ژنان دو کارەساتی مەزنی لە ژیانی ئەوروپادا بەرپاکرد .

یەکەمیان: پێوەندی خێزانی هەڵوەشاندەوە کە پێشتر ئافرەت چ ژن بێ چ دایك، دەستی پێوە گرتبوو، بون و ژنێتی و زیندەگی و سۆزی خۆی بەسەردا هەڵرشتبو. کە سەرەداوەکانی کۆدەکردەوەو سیفەتی قەوارەیەکی زندوی پێدەدا . ئافرەتی کارگەر -لەو باروزروفە کرێتەی کە هەمو کاتێکی زیندو و هەمو تونایەکی زیندوی دەگرتەوە- نەیدەتوانی هیچ چاودێریەك بەماڵەوەی خۆی ببەخشێ، هەرچەند ئەگەر ویستی لێبا و سۆزیشی بوبزوابا.

دوەمیش : لەبەر زۆران فاکتەر ڕەوشتی ژنانی گەندەڵ کرد.

سیستەمی ئەوروپا پێشتر بایەخی بەژن نەدەداو هیچ مافێکی (شارستانی) یا ئابوری پێ نەدەدا.

مافی نەبو موڵکی هەبێ. نەدەبو بخوێنێ و فێربێ .مافی نەبو هیچ جۆرە رایەك دەربڕێ، یا لەکارێکدا بەژداربێ. پشتگوێخراوێك بو ببوە پاشکۆی پیاوان.

پاشکۆیەتیەك لە ئاتاجی بۆ خــوراك و پۆشــاك و خــانو و ســێکس دروســت بوبــو. پاشکۆیەتی نەك هاوبەشی. پاشکۆیەتیەك هیچ هەستێکی مرۆڤانەی لەخۆ نەگرتبو و هیچ بایەخێکی بە قەوارەی ئادەمیزادان نەدەدا . جا لەسایەی ئەو پاشکۆیەتیەدا ئافرەت پابەندی ئەو (فەزیلەتانە)بو کە کۆمەڵ واتە -پیاو- بەســـەریدا ســەپاندبو. ئەو پابەند بونەش زۆر جاران لە بیروباوەڕ پێبونێکی زینــدوی هۆشمەندانــەوە نــەبو، بەڵکو نەریت و چاولێکەری بو.

کە ژن هاتە مەیدانی کار و سەودا و قازانج کردن، هەســـتی کــرد بەربەســتەکە روخا، ئەمرۆ چ قەرداری پیاوە؟

پیاو بەچی دەیکاتە کۆیلە؟

بەپێداویستی بۆ پارە؟ وا بەخۆی ماڵداری دەکا و نانی خۆی وەدەست دێنـــێ و، لە پاشکۆیەتی رزگار دەبێ.

بە پێداویستی بۆ سێکس؟ بەڵێ... بـــەڵام ئەمەشیان خـۆی دەسـتی دەخــا، هەرکەسێکی حەزی لێبێ و هەڵیبژێرێ خۆی دەداتە دەست.

جا هەست کردن بە ئازادبونی ئابوری و (ئازادبونی) سێکسی هەستی بەرەڵابون لە کۆتگەلی ئاین و رەوشت و نەریتانیشی لەگەڵدابو، -لە گەرمەی چێــژی یەکــەم ئازاد بون- هەستی کرد کە بەرەڵابونی سێکسیش سەرکەوتنێکی نوێ بو.

ئەمەش بەو(پێشکەوتن)ە ناوزەد کرا کە ژنی لە کۆتان ئازاد کرد.

* * *

شۆڕشی پیشەسازی بەرێوەبو و هەرچی دەهاتە سەرەرێی تێکی دەشکاند..

ئەو باروزروفەی کە پێشتر وەسـفمان کـرد، بــە تــەنیا کاریگــەریان لــە بنیــاتی کۆمەڵگە و رودانی ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەدا نەبو.

بەڵکو ئەو زۆر و ستەمانەی لە کارگەران دەکران گەلێك پێشـڤەچونی سیاسـیان هێنا ئارا. هەروەها پەیدابونی چینێکـی ناوەڕاست لـە فەرمانبـەری کارگـەکان و حکومەت کە لە شاردا دەژیان و هەستیان بە سـتەمەکان دەکـرد و بـۆ دەسـەڵات دەبزاوتن.

هەر تایەفەیە و چینێك -بەحوکمی رەوش و باروزروفی خۆی- لـە کۆتوپێوەنـدان هەراسان و جاڕس بون و حەزیان لە کاولکردن بو.

دەیویست ئەو دەسەڵاتە کاول و وێران بکا کە بەسەریدا سەپا بـو، جـا لەلایـەن دەوڵەت بوایە یا خاوەن کارگە و سەرمایەداران.

دەیوست مافگەلی دیکەی دەسکەوێت. ئازادبون بەدوای ئازادبون و قەوارەیەکی نوێی دەسکەوێ.

وای هەستدەکرد هەمو ئەرکەکانی کاری لەسەر شانە، بەبێ ئـەوەی مـافی لـە بەرامبەریاندا هەبێ. هیچ یەکێك لەو تایەفانە نەبو کورسی حوکمی لەدەسـتدا بـێ کە تایبەتبون بە بەگزادە و سەرمایەدارە میراتگرەکانیـان. هیـچ دەنگێکیشـی لـە پەرلەمانەدا نەبو کە یاسای دادەنا، تەنانەت لە زۆر کاتانیش مافی دەنگدانیشـیان نەبو. هەروەك مافی پێکهێنانی سەندیکا و کاری نەقابیشیان نـەبو کـە گوزارشـی پێ لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەن و، هێزیان تێـدا یـەکانگیر کـەن بـەروی ئـەو چینانەی کە لە سەروی ئەوانەوە بون.-لە هەمو بارێکیشـدا- ئـازادی کۆبونـەوە و ئازادی وتاردان و ئازادی رادەربڕین و ئازادی مانگرتنیشیان بۆ دەستەبەر نـەدەکرا. هـەروەها کـاتێك دەسـەڵاتە کارگێڕیـەکان بـە شـوێنیاندا دەچـون زەمانـاتی تۆمـەتبارکردن و زەمانـاتی لێکۆڵینـەوە و زەمانـاتی دادگـاییکردن و زەمانـاتی جێبەجێکردنی بۆ دەستەبەر نەدەکرا..

بۆیە کێشە و ململانێکەیان بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانە زۆر توند بو.

جا لە نێو ئەو ململانێ خوێناویە-یا نیمچە خوێناویە- ئەو رێکخەرە لۆژیکیــە نەبو بڵێ: من لە ستەم ئازاد دەبم. لە دەسەڵاتی بێسنوری گەورە یا دەوڵەت ئــازاد دەبم، بەڵام لەو کۆتانەدا دەمێنمەوە کە بە مرۆڤایەتیەوە پابەندن، ئەو کۆتانەی گەر مرۆڤ لێیان داماڵرا دەبتە ئاژەڵ. لەســەر بیروبــاوەڕ دەمێنمــەوە. لەســەر رەوشـت دەمێنمەوە. چونکە ئەمانە پاژێك نین لە ململانێ لەگەڵ دەوڵەت و لەگــەڵ خــاوەن کارگە و سەرمایەدارەکان. من شۆڕش بەسەر ستەم دەکەم نەك بەسەر مرۆڤایەتی.

نەخێر! ئەم رێکخەرە لۆژیکیە لە جوغزی ئەو ململانێیە دا نەبو کــە بــۆ پــارەو نــان و لەســەر بــەهای زەمینــی روتــدا بــەرپابو، هیــچ پــەیوەندی بــە ئاکــار و رەوشتەکانەوە نەبو.

لەوەش گرنگتر-لەو بۆچون و دیدەی ئێمــە وا لــەم بــەندەدا پێیــەوە خــەریکین- تەوەری ئەم ململانێ و زۆرانێیەی کە بەرەو ئازادبونی دەڕوانــی و، تــەوەری هــەمو فەلسەفەی سەرمایەداری ئــەو ســەردەمی بریتــی بــو لــە (ئــازاد بونــی تــاك) لــە ژێردەستەیی لەگەڵ مافی ئەوەی هەر شتێکی کە بیەوێ بەبێ شەرمەزاری بیکا.

سەرمایەدارەکان داوای مافی وەگەڕخستنی ســەرمایەکانی خۆیــان دەکــرد لــەو شتانەی کە-خۆیان- چاك و راست دەهاتە بەرچاویان. وتەیەکی ناوداریشیان هــەبوو دەیگوت: (Laissez Faire) لێی گەڕی با کار بکــا، یــان لێــی گــەڕێ-چــی پێباشە- بیکا، ئەمەش گوزارشی لــە هــەمو رەوتەکــەیان دەکــرد. گــەلیش داوای مافی ئەوەی دەکرد بە کەیف خۆی چۆنی بوێ وا هەڵسوکەوت کا و، مافی ئــەوەی چ بۆچون و رایەك بەچاك بزانی بەو پابەند بێ و رێگایەکیش بەویستی خۆی بگرێتە بەر بۆ دەربڕینی ئەو رایــە، بێئــەوەی کــەس مــافی هــەبێ بیکشــێنتەوە یــا رێــی ویستەکانی لــێ بگــرێ. لــە پاشــانا هزرمــەندەکان-وەکــو یــەك لــە داواکانیــان-

بانگەوازی ئازادی ئیلحادیان هەڵدا، لەگەڵ ئازادبون لە بێڕەوشتی و، ئـازادبون لـە وێرانکردنی نەریتان.

ئازادبونی سیاسیش کەوتە ڕێ. کە ئازاد بون لە هەمو کۆت و پێوەندێکی لەپاڵ دا بو. لە هەمان کاتدا دۆعای (داروین) و (فرۆید) فویان پێدا دەکرد، لەگەڵ لێکدانەوەی کەرەسەتەیی بۆ مێژو.

ئەمەش بە لەدایکبونێکی نوێی ژیاریی ئەوروپا ناونرا.

* * *

کاروبار هەروا مایەوە تا لە ساڵی ١٩١٤ یەکەم جەنگی جیهانی هەڵگیرسا. شەڕ هەژانێکی یەکجار توند بو هەمو جیهانی توشی سەرسوڕان کرد و، بوە هۆی ڕودانی کۆمەڵێك هەڵبەز و دابەز، زۆر بەها و زۆر چەمکی گۆڕی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسەی چاو بەو ماوەیە و، بەپێش و، بەپاشیدا دەگێڕێ، دەبینی شەڕ لە کۆکردنەوەی هێزگەلە پێشکەوتوەکان و ڕسکاندنیان بترازێ هیچی دیکەی ئەنجام نەدا -بەشێوەیەك ئەو کەسەی لەناکاوڕا تێی دەڕوانێ وەك هێزگەلێکی نوێ دێنە بەرچاو کە پێشتر لە گۆڕەپاندا نەبون.

دزێوترین و خەتەرناکترین دەرەنجامی شەڕیش کوژرانی زیاتر لە دە ملیۆن گەنجی ئەوروپا و ئەمریکا بو لە گۆڕەپانی جەنگدا، بێجگە لەو پیاو و ژن و منداڵانەی، هێرشە ئاسمانیەکان لە ناو شاران کوشتیانن.

ئەمەش کۆمەڵێك دەرەنجامی ترسناکی لێکەوتەوە..

ئەوەبو ملیۆنان خێزان لە پاش جەنگدا کەسیان نەما بەخێویان کـا.. جا ئایا پیاوی ماڵێیان لەکاتنی شەڕدا کوژرابو، یا ئەوەندە سەخت بریندار ببو تێکشێوابو و توانای کارکردنی نەمابو، یا بە کاری ژیانی بەردەوام لە حەشارگە و کارە

ژەهراویەکان و، هێرشە کاولکارەکان و تەمای هەمیشەیی مردن شێت ببو و عەقڵی لەدەست دابو.

ئەمە لەلایەك..

لەلایەکی دیکەوە ئەو گەنجانەی دەرباز بون و توانای کارکردنیان هەبو، هەمو ئامادەنەبون ژن بێنن و خێزان بەخێو بکەن. ئەو بەشبڕاویە بێئامانەی چوار ساڵی تەواوی جەنگ تێیدا ژیان، بواری ماندوبون و زەحمەتکێشانی بۆ کەسانی دی لە دەروندا نەهێشتبون. هێند چاوبرسی لە شەڕێدا هاتبونە دەر دەیانویست لە ژیان بەرخودار بن. ژن و مەی و خۆشی و رابواردنیان دەویست، دەیانویست حەسرەت و حەزی گڕاوی دامرکێنن. بۆیە ئەو ژنەی کە دۆستی بێ و بەپیر ئارەزوی گەرمەوە بچێ، یا ئەو جەستەی بە پارە و پول بکڕدرێ، عەیبی نیە. بەڵام گەر بوە خێزان و دایکی منداڵ کۆت و بەند و ماندوبونی تیا رەنگداوە و قیڕەو جیڕەی بەدوادا هات، قەت بەخێرنێ.

لەلایەنی دوەمیش ئەو کاولکاریە گەورەیەی کە بەهۆی شەڕەوە رویدا، وزەیەکی بەرهەمێهێنانی زۆر مەزنی دەویست تا قەرەبو بکرێتەوە. ئەو هێندە پیاوەش کە مابون بەشی ئەو بزوتنەوەیان نەدەکرد کە بۆ بنیاتنانەوە و ئاواکردنەوەی سەرتاپاگیری هەمو شوێنێك پێویست بو.

ئەوەبو هەردو مەسەلەکە لەسەر یەك شت کۆبونەوە کە ئەوەبو: پێویستە ژنیش کار بکا. لە بازاڕ و لە کارگە و لە نێو کانەکان، دەبێ لە هەمو شوێنێکدا کار بکا.. ئەگەر نا بەخۆی و ئەوانەی بەخێویان دەکا لەبرسان دەمرن.

بۆیە ئافرەت ناچار بو-رازی بێ یا نارازی- ژیانی نیمچە ئۆقرەگرتوی ماڵ جێبیلێ و، دابەزێتە ئەو شەڕگە پڕ هەرا و زەنایەی کە نە بەزەیی بەکەسدا دێتەوە و نە کەسێکیش پەنا دەدا.

هەروەها ناچار بو-رازی بێ یا ناڕازی- ئەگەر بیەوێ بژی دەسبەرداری رەوشتی خۆی بێ.

-لەو کارو پیشانە بترازێ کە هەر بە سروشت ژنانەن وەك مامۆستایەتی و پەرستیاری و مامانی- ژنان لەگەڵ پیاوانێك پێکدەگەیشتن کە ماکی جەنگیان پێوەبو.. ماکی ئارەزوی رابواردنی ئاسان و نێزیك. جا ئەگەر خۆی نەکاتە دەسەنە و بیەوی رەوشتی خۆی بپارێزێ، ئەوا هەمو دەرگاکانی بەڕودا دادەخرێن و هەمو کارێك ئەستەم دەبێ. خۆ ئەگەر رازی بێ و خۆ بداتە دەست هەموو دەروازەکانی لەپێش ئاوەڵان و هەمو شتێك ئاسان دەبێ..

بەڵام هەمو دەمێك و لە هەمو بارێکدا مەسەلەکە بەمشێوەیە نەبو، هەمو کاتێك زۆر لە ئافرەت نەدەکرا تا دەسبەرداری رەوشتی بێ بۆ ئەوەی کارێکی دەسکەوێ. بەڵکو ئەو هەر بەخۆی فاکتەرێکی دی هەبو دنەی دەدا.

نە بە تەنیا برسێتی خۆراك بو روبەڕوی دەبۆوە نە برسێتی جوانکاری و نەهی پۆشاك.

بەڵکو روبەڕی برسێتی دژواری سێکسیش دەبۆوە.

ئەو دە ملیۆنەی لە گەنجان کوژران شپرزەیی و لاسەنگیەکی ناهەمواری لەرێژەی ژنان بۆ پیاوان هێنایە ئارا، چونکە لە بەرامبەر ئەو ژمارەیەدا ملیۆنان کچ مێردیان دەسنەدەکەوت، ئەگەرچی هەمو پیاوانی زندوش ژنیان بهێنابا، چونکە لە ژمارەدا بەرانبەر نەبون. سیستەمێکیش نەبو رێ بە پیاوان بدا بە شێوەیەکی شەرعی زیاتر لە ژنێك بهێنن. هەرچەند هەمان ئەو سیستەمە رێی دەدا پیاوان بە شێوەی ناشەرعی لەگەڵ زیاتر لە ژنێکدا دەست تێکەڵکەن، بەو مەرجەی ئەو ژنە تەمەنی یاسایی بێ و زۆری لێنەکرابێ.

ئەوجا بەچ شێوەیەك هەر كیژە و پێداویستی سێكسی سروشتیانەی شەرعی پاكی خۆی دەسكەوێ؟

ئەگەر ئەو كیژۆڵەیە پاكیزە(قدیسة) یا فریشتە نەبێ دەبێ چ بكا؟ بێجگە لەوەی لە پەیوەندیەكی ناشەرعی-ئەگەرچی یاساییشە- بەشە سێكسی خۆی دەسكەوێ، یا لە تاریكی رایرفێنێ و بیقەپێنێ؟ جا ئەگەر نەریتەكان لە بەردەمی راوەستان لە دیدی وی وا دەخوازێ ئەو نەریتانە هەپرون بە هەپرون بكرێن و لابېردرێن.

دروستگە و كۆمپانیاكان هەلی ئاتاجی لەرادەبەدەری ژنانیان قۆستەوە و بە كرێیەكی كەمتر لە هی پیاوان وەكاریان خستن ئەگەر چی هەمان كاریان لە هەمان ژمارەی سەعاتیش ئەنجام دابا.

رژدی و بەرچاوتەنگیەكی وا نە هیچ لۆژیك و دادگەری و نە هیچ ویژدانێك پاساویان نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هاتە بون و وەكو شتێكی سروشتی كە هەر پێویست بێ هەبێ، بەردەوام بو.

بەمشێوەیە ژنان بونە خاوەن دۆزێك.. دۆزی یەكسانی لەكرێ.[1]

ئەم رەوشە بەگوێرەی ئافرەت كەونینە بو، هەر لە شۆرشی پیشەسازیەوە لەگۆرێ بو. بەڵام لەچارچێوەیەكی تەنگەبەر، زیاتر لە حاڵەتگەلێكی تاكەكەسی دەچون، بەڵام ئەمرۆ كە ژنان تێكرا ئیش دەكەن بوە بە دۆزێكی گشتی و جەنگێكی گەرم و هەلایساو.

ئافرەت لە تێكۆشانی خۆی هەمو چەك و تفاقێكی جەنگی خستە كار.

---

١ ئەم دۆزە بە هەمو داخوازی و ململانێكانیەوە كۆنە و لەگەڵ شۆرشی پیشەسازی سەریهەڵداوە.. بەڵام لە ساڵانی شەر بەدواوە توندوتیژتر بو.

نارەزایی دەربڕین و مانگرتن و خۆپیشاندان و گەفوگوڕکردن.

لەگەڵ هەندێش هیچ ئەنجامێکی دەسنەکەوت، یا هەندێك ئەنجامی لاوەکی دەسکەوت کە ئامانجەکانی نەدەپێکا.

جا ژن وای بۆچون هەتاکو لە سەرچاوەی یاسادانان دوربن هاوار و رۆرۆیان هیچ سودێکی نابێ.

بۆیە دەبێ لە پەرلەماندا دەنگێکی بیسراویان هەبێ.. یا دەبێ بەخۆی وەژور کەوێ یا بەلای کەم مافی دەنگدانی هەبێت.

ئەوجا رابو داوای ئەمە و ئەوی دەکرد.

ئەوکات رەوشی دۆزەکە گۆڕا و، بە تەنێ یەکسانی لەکرێدا نەما. کێشەی پێشو لەسەر دراو و درهەمان بو.. هی ئەمڕۆ لەسەر بنچینەیە.

پیاو لەسەرەڕێ راوەستا و دەیگوت ئەمە مافی منە و هی ژن نیە. من دەسەڵاتی یاسادانانم، من یاسا دادەنێم و حوکمڕانی دەکەم. من یاساکان بۆ کۆمەڵ دادەڕێژم و منم ژیان رێك دەخەم.

ژنیش هەستانەوە و-لە کاتێکدا لە سەرەتای کارەکەدا تەنها داوای یەکسانی لەکرێی دەکرد- گوتیان: ئێمە لە ئەفرین[1] یەکسانین. لە قەوارەدا یەکسانین. لە مافەکان و ئەرکەکانیشمان یەکسانین. ئێمە لەگەڵ پیاو وەك یەکین. هیچ لەئێمە چاکتر نیە و چی لەئێمە زیاتر نیە.

کێشە و ململانێکە درێژ و تاڵ بو. ئێستا هەر بە یەکسانبون لەکرێ و یەکسان بون لە دەنگدان یان یەکسانبون لە چونە پەرلەمان یا یەکسان بون لە پیشەدا..تاد.

---

١ ئەفرین: خلق.

ڕانەوەستا. بەڵکو داخوازی بو بە یەکسانبونی تەواو و ڕەها لە هەمو کاروبارێکدا بەبێ ئاوارتن[1].

پیاو گوتی: ئاین پیاوی لە پایەکی هەورازتر لە ژن دانـاوە و ژنی کردونە پاشکۆی پیاوان.

هەروەها گوتی: ڕەوشت و نەریتەکان وا دەخوازن ژن بۆ ماڵێ و بۆ مێرکردن و خێزان بن، نەك بۆ ئیش و کار و ململانێی نانپەیداکردن.

وایلێهات ژن نەفرەتی لە ڕەوشت و نەریتەکان کرد و بەرەبەرە خۆی لە دۆزی ئاین داماڵی.

بە جەخت و پێداگرتن کەوتەڕێ و دەروی هەمو بوارێکی بە توندی و ڕکەوە دەکوتا تا لێی وەئاگا هات و وەڵامی دەداوە.

داوای کرد سیستەمی خوێندنی وەك کوڕان بێ، پاشان داوای خوێندنی تێکەڵاوی کرد.

داوای کرد بچێتە زانکۆ، پاشان ویستی بچێتە هەمو کۆلیژێك کە لە پێشدا بۆ کیژۆڵان قەدەغە بو.

داوای هەمو جۆرە پیشە و کارێکی کرد، داواکەشی دۆخێکی لۆژیکی وەرگرت کاتێك لەگەڵ کوڕە لاوان هەمان زانست و دەرسی خوێند.

پاشان بەشێوەی پیاوان، داوای ئازادی لە ڕەوشت ئازادبونی کرد داواکەشی لۆژیکی بو مادامەکێ کە کۆمەڵگە ڕێگەی بێڕەوشتی بەپیاواندا.

ئەگەر-لەو کاروبارانەی لەدەست خۆی نین- چاوەڕێی ڕازیبونی پیاو با، ئەوا لە کاروبارانەی کە هەر لەدەستی خۆی دابون، پرسی کەسی نەدەکرد و بە هەوەیای

---

[1] ئاوارتن: استثناء

رازیبونی پیاوێك نەبو.

ئەوجا هات و لە چەقی رێ پەردەی ئابرو و شەرمی دڕاند و، بەخۆی داوای رابواردنی سێکسی کرد و، هەرکەسێکی خۆی بیویستبا خۆی دەدا دەست و داخوازیەکانی فرۆیدی لەگەڵ بەسەر دەبرد.. داخوازیەکانی ئاژەڵ.

لە سەرەتا پیاو زۆر بەهار وهاجی هەڵچو.. بۆ کەرامەتی بریندارى بۆ سیمای بە میرات بۆ بەجێماوی.

زۆری نەخایاند ئەویش هاتە رایێ.

کە لەگەڵ خۆی لێکی داوە دیتی سەودایەکی بە قازانجە..

ئەو ژنەی کەوا کاردەکا، هێندێك مەزی ژیانی لەسەر سوك دەکا. دو داهاتیش هەڵبەت چاکترە لە یەکێك. ئافرەت چەندیش بۆ خۆی و خۆڕازاندنەوەی بگێڕتەوە، هێشتا لە بەشێك مەز و خەرجی ماڵ دەبێتە هاوبەش. ئەمەش دەسکەوتێکە بڕێك باری لەسەر دڵی وەلا دەبا.

لەلایەکی دیکەشەوە دەرکەوتنی ژنان لە رێگەوبانان بە ئاسانی هاتە ئارا و، ئاسان دەسدەکەوت و، مەسەلەیەکی خۆشیشە، کابرا لە هەرکوێ بێ چاوی بە ژنان دەکەوێ و چێژ لە دیتنی ئەو جوانی و عیشوە سەرنج راکێشانە وەردەگرێت. لە هەر شوێنێکیش بیەوێ لێی نزیکە، بەحوکمی هەواڵێتی لە کار، یا هەواڵێتی خوێندن، یا هەواڵێتی رێگە.. بە هەواڵێتی داماڵران لە رەوشت و ئازاد بون لە کۆتەکانیش لێی نزیکترە.

لە پاشاندا ژن بەمشێوەیە جوانە و... ژیانیش پرشنگدار و رون دەبێ و.. رابواردنیش دەسدەکەوێ و.. تا ئەوپەڕی رابواردنیش مەحاڵ نیە.

پیاو بەو سەودا پڕ لە قازانجە رازی بو. چیدیکەش بۆ کەرامەتی بریندار و سیمای بۆ بەجێماوی هەڵنەچو. بەڵکو بەخۆی بوە بانگبەری ئازادبون و، داخوازکاری بەخشینی مافەکان بە ژن.

ئەمەش بە سەردەمی ئازادبونی ژنان و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی مرۆڤایەتی ناوزەد کرا.

*   *   *

ئەمە تاکە بوار نەبو جەنگ کاری تێکردبێ و، بەها و چەمکەکانی ئاوەژۆکردبێتەوە، یان-لەواقیعدا- ئەوەی پێشو هەبو گەورەی کرد و بواری بەرەڵابونی بۆ رەخساند.

رچەی ماددی لە ئەوروپا گەلێ کۆن بو، پەلکێکی تەنکۆڵەی مەسیحێتی داپۆشیبو، کە لە ویژداندا مەڵاس بو و هێندێك تێڕوانینی دەرەنگاند، ئەگەرچی حوکمیشی بەسەر زۆر لە واقیعی ژیاندا نەبو.

لەگەڵ تیۆرە یەك بەدوایەکەکانی کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە دامەزران و، بە تایبەتیش، تیۆرەکانی (داروین) و (فرۆید) و لێکدانەوەی ماددی بۆ مێژو، ماددیەت هێندەی تر رەگی داکوتا و، پەلکەکەی مەسیحێتیش هێندی تر تەنکۆڵە دەبو. ئەوجا ماوەی جەنگ و دوای جەنگ بوە ماوەی پێکداکێشانی شێتانە بۆ دەسەڵاتدار بون لە زەوی.

پێکدا کێشانی شێتانە بۆ دەسەڵاتداربون لە زەوی، پێکدا کێشان لەسەر زێدەبونی بەرەهەمهێنانی ماددی و، پێکداکێشان بۆ دەسبەسەر داگرتنی هێزە مرۆڤانەکان و، پێکداکێشان بۆ یەکتر لابردنی وڵاتان.

زۆرانێیەکی ترسناك لە جیهانی ماددەدا، بەهیچ مەبدەئێك پەیوەست نیە و یەك ساتیش گوێ ناداتە بانگەوازێکی بەرز..

لە هەمان کات شەیدابون بە زانست زیادی کرد، لە رۆژانی شەڕدا توانا زانستیەکان بۆ بەرهەمهێنانی کاولکاری تازە خرانە گەڕ. پاشانیش بۆ دەسخستنی ئامرازەکانی ئاوەدانکردنەوە لەو وێرانیە سەرتاسەرە و، ئامرازەکانی زاڵبون لە گۆڕەپانی بەرهەمهێناندا.

پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێن لە بواری زانست و جیهانی داهێناندا رویدا.

پێشکەوتنێکی وا کە هاوسەنگی مێشکەکانی تێکدا بەجۆرێك کە زۆر بەسەری بەرامبەر ئەو ئەرژەنگە نوێیە راوەستان.

لە پێشوشدا، لە رۆژانی (کۆپەر نیکۆس) و (گالیلیۆ) و دواتر (داروین) ئەوانی دیکەی پاش ئەویش، زاناکان وەکو دوژمن لە روی کلێسا ڕاوەستان و، خەرەندێکی گەورە لە نێوان زانست و ئاین دروست بو.

جا لەو بار و زروفەی پێشتر شرۆڤەمان کرد زانست بەسەر کلێسادا سەرکەوت.. ئاوجا لەگەڵ بونەوەی هەر گۆڕەپانێکی دیکە بە روی زانستدا جودایی لە نێوان زانست و ئاین زیاتر دەبو، لەو کاتەی ئاین لە قوڵغەی کلێساکاندا مۆڵی خواردبو و نەیدەتوانی بۆ نێو ئاپۆرای سەر رێگا وەدەرکەوێ.

ئەوجا گومڕابون بەرپا بو ئەو کاتەی خەڵك -زانایانیش- وایان بەخەیاڵدا هات کە بەسەر یاساکانی سروشتدا زاڵ بون و تەنیا چەند هەنگاوێکیان ماوە ژیان خەلق بکەن.

ئەو دەمی بو ئەوروپا خوای خۆی فڕێدا و -هەر وەك (سۆمەرسێت مۆم) گوتویە- بڕوای بە خودایەك هێنا ناوی زانست بو و، یەکجاریش لە بیرۆکەی خودا

و دینداری و، هەمو بەها و چەمکێکی ئاین کە پێشتر دایڕشتبو، خۆی دامـاڵی و، وای بە خەیاڵدا هات کە لە توانای دا هەیە -تەنانـەت ئـەرکی خۆیـەتی- ئـەمڕۆ تێکڕای بەها و چەمکەکانی خۆی دابڕێژێ، نەکەوێتە بەر وەسیەتی کەس جا خـودا بێ یا غەیری خوا. ئەمڕۆ لەو کۆتە ڕەهابو و پێویستی بە وەسیەت نەما!

ئەمڕۆ هەروەك (جۆلیان هێکسلی) دەڵێ: مرۆڤ هەر خۆی دەپەرستێ. مـرۆڤ هەر بەخۆی خودایە.

ئەمەش بە چاخی سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر سروشت و ڕزگاربون لـە پڕوپوچـان ناوزەد کرا.

* * *

ئەمانە ئەو فاکتەرانە بوون کاریگەریان بەسەر ئـەوروپادا هـەبوو بـە داڕمـانی ئاین و ڕەوشت و نەریتەکان کۆتایی هات.

جا لەگەڵ لاوازی ئاین لە ئەوروپا و، لەگەڵ ئەوەی هـەر -بەتـەنیا- ڕوکەشـێك بو، ئەوجا دو سەدەی تەواو کاتی ویست. دو سەدەی تەواو ئـەو کوتکـە بەهێزانـە بەدوای یەك کەللەیان دەکوتا و، لە گشـتلا دایاندەڕوخـاند، هـەر یەکـەی دەسـتی پێدەکرد ئەوی دیکە یەکسەر بەدوایدا دەهات و لەپاڵ ئـەودا دەسـتی بـە کوتانـێ دەکـرد... سـەرەڕای لاوازی و لـە باریـەکچونیش هێشـتا کۆنـە بنیاتەکـە خـۆی ڕاگرتبو.. تا لە کۆتاییدا لەرزەی کەوتێ و داڕما.

ئێمـەش -هـەتاکو ئێسـتا- ئـەو فاکتەرانـەمان دەخسـتە ڕوو.. لـەو ژینگـە مێژووییەی دەمانخستەڕو کە تێیدا ڕوان و گەرایان دانا، بـەڵام وتوێژمـان لـەبارەی نەکرد و ئەو هەڵە و ڕاستیانەی تێی دان نەمان پشکنی.

ئەو بانگەشانەی یەك بەدوای یەك هاتنە ئارا و شالآویان بـۆ ئـاین و رەوشـت و نەریتان دەهێنا و بەرەو روخانیان دەبردن..

ئایا هەموان ڕەوان؟

یا هەمو ناڕەوان؟

یاخود لە هەمان کاتدا.. رەوان و ناڕەوان؟

ڕەواکان و ناڕەواکان

لە بەندی رابردودا کۆمەڵێك تێڕوانینی ئەوروپیانەمان لە پێش (داروین) و پاش (داروین) لە بارەی گەردون و ژیان و مرۆڤ خستە ڕو و.. بینیمان چەمکەکانی ئاین و ڕەوشت و نەریتان لەگەڵ هەمو ئەو هەست و تیشکدانەوانەی دەوریان داون، چۆن دەلەرزین و دەهەژان و.. لە کۆتاییشدا دەروخان.

کاتێك مرۆڤ رادەوەستێ -هەروەك ئێمە لەبەندی پێشودا وەستاین- و چاو دەداتە ئەو هێڵە درێژەی ڕۆچون و کەجڕۆیینی[1] بەردەوام. سەراسیمە دەبێ لەوەی کە ئەو تێڕوانین و بۆچونە لەرزۆك و شلوشۆق و شێتانەیە هی مرۆڤ بن. مرۆڤگەلێکیش کە خۆیان بە پێگەیشتو و، فێرخواز و زانا دادەنێن، مرۆڤگەلێك خۆیان بە خەڵك دادەنێن و گوایە لە تاریکی چاخەکانی نێوەڕاستەوە دەرکەوتون، بەرەو ڕوناکی ڕەواناسی کە کەسی تێدا گومڕا نابێ.

مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ کە ژیار[2] لەسەر ئەمجۆرە تێڕوانینانە بێتە ئارا. ژیارێك کە بەخۆی بڵێ ژیاری راستەقینە و، لەو بترازێ هەمو ژیارەکانی پێشو بەگوێرەی وی قۆناغێکی منداڵی یا دواکەوتویی یاخود تاریکی بن. ژیارێك کە

---

١ ڕۆچون: تدهور — کەجڕۆیین: انحراف

٢ ژیار : حضارة

دەڵێ بۆ خۆی ترۆپکێکە هەمو ترۆپکەکانی دی و بەها و شتەکانی دیکە، لە پاڵی گرگن[1] دەنوێنن.

مرۆڤ سەراسیمە دەبێ.. ئەگەر ئەمڕۆ لەم ژیارە نیشانەکانی داڕزان و داڕمانی نەدیبا.

ئەو شالاوە نفوراتە گەیشتە ئەوپەڕی، پاشان بەرەو پەنگخواردنەوە چو.. دەستی بە دابەزین کرد و، (پیاوی سپی)شی لەگەڵدا دابەزی. ئەو پیاوەی چەندین هێندەی ئامرازە راستەقینەکانی پێشکەوتن و ئامرازەکانی ئاواکاری گەندەڵی لەسەر زەویدا هێنا ئارا. ئەو پیاوە -پێش ئەوەی ئەو سەرکردایەتیە جێ بێڵێ کە دو سەدەیە لە دەستی دایە- هێندەی نەماوە سەرتاپای جیهان وێرانکا و لە بنوبۆتکەوە هەڵیتەکێنێ.

بەڵێ. پیاوی سپی سەروەرایەتی خۆی لە دەستدا.. ئەو کەسی واش دەڵێ، فەیلەسوفی هاوچەرخی ئینگلیز (بیرتراند راسل)ە کە بەخۆی سپیە و بنەچەشی هەر سپیپاتن و ئەو مەبەستەشی بەر لە چەند ساڵێك بەراشکاوی راگەیاند و بلاوی کردەوە[2]. سەروەرێتی خۆی لەدەستدا چونکە هیچی لەدەستدا نەما و بیرۆکەیەکی شیاوی پێنەما بە مرۆڤایەتی ببەخشێ. ئەو هزرە چاکانەی لەلای بون، شەڕەنگێزی مۆڵخواردوی نێو تێڕوانینە لاڕێکانی باڵیان بەسەردا کێشا بو. ئەو ڕەوایانەی لاشی بوە نارەوایان بەسەردا زاڵ ببو.

* * *

---

١ گرگن : قزم، ضئیل

٢ بێرتراند راسل یەژێ: "ئەو سەردەمە بەسەرچو و هاتە کۆتا کە پیاوی سپی تێدا سەروەربێ. مانەوەی ئەو سەروەرێتیەش تا هەتایێ یەکێك لە یاساکانی سروشت نیە. بیروباوەڕم وایە پیاوی سپی ناگاتەوە ڕۆژانێکی خوشنودی وەك ئەو چوار سەدەی تێپەڕین.

لە بەندی رابردودا هەنگاوەکانی زەمەنمان لە ئەوروپادا خستە ڕو، لەگەڵ ئەو کاریگەریەی بەسەر هزر و هەست و ژیانی کردەکیانەی خەڵکی هەبو.. لەم بەندەشدا دەمانەوێ وتوێژ لەو تێڕوانینانە بکەین کە لەپاش (داروین) بڵاوبونەوە و تێڕوانینی مرۆڤی بۆ خۆی و مەڵبەندی خۆی لە گەردون و، ئەرکی لە ژیاندا گۆری و -پاشانیش- هەمو شتێکی تێدا گۆڕی.

ئەوانە کۆمەڵە تێڕوانینێکی لێکدی جودا و بەهەمو ئاراستەیەکدا بون، لە سیاسەت و، لە کۆمەڵایەتی و، لە ئابوری و، لە دەرونزانی و، لە فەلسەفە و، لە ئەدەبیات و لە هونەرەکان.. بەڵام تێکڕا لەسێ تێڕوانینی سەرەکی کۆ دەبنەوە:

١-ئاژەڵێتی و ماددیەتی مرۆڤ.

٢-پەرەسەندنی بەردەوام کە بیرۆکەی گۆڕان دەسرێتەوە.

٣-حەتمیەتی ئەو پەرەسەندنەی کە دەست و ڕا و هەڵبژاردنی مرۆڤی تێدا نیە.

جا لکو پۆپ و پیادەکردنەکان لەم سێ تێڕوانینە سەرەکیەوە سەریانهەڵدا هەتا هەمو چالاکیەکی مرۆڤانەی داگرتەوە.

***

داروین پاڵەوانی راستەوخۆی ئاژەڵێتی مرۆڤ بو.. لە کتێبی (بنەچەی مرۆڤ) فروسمانێکی بەهێزی بە ئاژەڵێتیەکی دابو، هەمو تێڕوانینە ئاینی و فەلسەفیەکانی پێشوی رەتکردەوە کە ئەو بونەوەرە مرۆڤانەیان لە شوێنپایەی چاکتر بون و تاکبونێدا دانابو.

ئەوجا بەپێی ئەمە تاکبونی مرۆڤی لە سیستەمگەلێکی کۆمەڵایەتی و رەوشتی تایبەت بەشێوازێکی لۆژیکیانە رێکخست کە هیچ بونەوەرێکی ناسراوی دیکە نەیانبو، ئەمانەش هەر مرۆڤ بون بەسەر ئاژەڵدا، هەروەها لە بەندی پێشودا

وامان باسکرد پێویستی دوبارەکردنەوە نەکات: کە چۆن تێڕوانینی ئاژەڵانەی مرۆڤ بۆ خۆی، بوە هۆی زنجیرە تێکشێوانی هزری و رەوشتی و کۆمەڵایەتی یەك بەدوای یەك کە لە سنورێکدا رانەدەوەستان.. ئەگەر ئەمرۆش -بە لۆژیك و بە زانست- بۆمان سەلما کە ئەم تێڕوانینە لە بنچینەڕا هەڵەیە، ئەوا هەمو ئەو چەمکانەی کە لێیانەوە هەڵێنجرابون و لەسەریان بنیات نرابون لە بناغەوە داڕوخان کە پێشتر لەو دو سەدەیەی رابردو رۆژاوایان سەراسیمە کردبو و، لەم سەدەیەش -وەکو پەتا- ئێمەیان سەراسیمە کرد.

هەروەها ئێمە گفتوگۆی (داروینیزم) ناکەین لەبارەی ئاژەڵایەتی مرۆڤ. بەڵکو زانایەکی (داروینیستی) نوێ کە (جۆلیان هێکسلی)ە لە کتێبی (مرۆڤ لە جیهانی نوێدا) گفتوگۆی ئەم مەسەلەیە دەکات.

-با خوێنەریش ئارخەیان و خاترجەم بێ-، -سوپاس و ستایش بۆ خوا- خانەوادەی هێکسلی هەمویان هەر بێباوەڕن، لە هەموشیان فەرمەسۆنتر (جۆلیان)ی گۆرینە کە ئێمە لێرەدا قسەکانی رادەگوێزین، هەر ئەم لەو کتێبەی دەڵێ:

خودا -ی پاك و بەرز- خورافەیەك بو مرۆڤ بۆ خۆی هێنایە بون هەتا لە کاتەکانی هەست بەتەنیایی کردن لەو گەردونە، ببتە مایەی دڵنەوایی و دڵدانەوەی، ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە ئەم پڕوپوچە تورِ هەڵدرێ و، مرۆڤ خۆی لە شوێن خوا دانێ.

بەڵێ. با خوێنەر خاترجەم بێ ئەوەی (لە بارەی مرۆڤایەتی) گفتوگۆی (داروینیزم) دەکات. زانایەکی (داروینیستە) و تەنانەت یەك دڵۆپ بڕوای لەناو دڵ و دەرون نیە.

(هێكسلی) لەژێر ناونیشانی (تاكبونی مرۆڤ)دا دەڵێ:

((بیرورا و بۆچونی مرۆڤ لەبارەی جێگەی خۆی بەگوێرەی ئاژەڵانی دی وەك بەندۆڵ لە نێوان سەرسام بونی زۆر و كەم بەخۆی جۆلانەی دەكرد، كەرەتێك كەلێنێكی گەلێك گەورە لە ئاژەڵانی دادەبڕی و كەرەتێكی دیكەش كەلێنێكی یەكجار گچكە، بێگومان دەكرێ ئەو كەلێنەش گەورە یاخود گچكە بكرێ. جا لە لایەن ئاژەڵان بێ یا لە لایەن مرۆڤەوە.. هەروەها مرۆڤ دەتوانێ -بەو شێوازەی (دیكارت) كردی- ئاژەڵان بەوێنەی ئامێر رابنوێنێ، یان -وەكو زۆربەی خەڵكانی ساكار دەیكەن- گەلێك سیفەتی مرۆڤی بدەنە پاڵ. هەروەها مرۆڤ دەتوانێ كار لەسەر لێواری مرۆڤانەی كەلێنەكە بكا. جا ئەوكاتە یان توخمی مرۆڤانەی خۆی لە سیفەتەكانی دادەماڵێ و دەیخاتە خانەی ئاژەڵان، یا زۆر بەرزی دەكاتەوە و دەیخاتە نێزیك فریشتان.

((.. بە دەركەوتنی تیۆرەكەی (داروین) بەندۆڵەكە بەراوەژو كەوتە جۆڵان و، جارێكی دی مرۆڤ بە ئاژەڵ دانرا.. بەرەبەرە بەندۆڵەكە گەیشتە ئەوپەڕی ئاستی جولانەوەی، ئەو شتانە دەركەوتن كە بە دەرەنجامی لۆژیكیانەی فەرەزیاتی (داروین) دەچون! مرۆڤ (وەك ئاژەڵانی دی) ئاژەڵێكە بۆیە بیروڕایەكانی دەربارەی مانای ژیانی مرۆڤانە و بەها بەرزەكان لە بیروڕای كرمی شریتی و بەكتریای باشلیس زیاتر جێگای ڕێز و تەقدیر نیە. مانەوەش تاكە پێوەری سەركەوتنی گەشە ئامێزە. هەر بۆیەش هەمو ئەو بونەوەرە زیندوانەی هەن لە نرخ و بەها یەكسانن. بیرۆكەی بەرەو پێشچونیش بێجگە لە بیرزایەكی مرۆڤ هیچی دیكە نیە. ئەوەش بەڵگە نەویستە كە ئێستا مرۆڤ سەروەری ئافەریدانە، بەڵام رەنگە كتك[1] یان

[1] كتك: پشیلە.

مشك سبەی جێگای بگرنەوە..

((لێرەدا ئەم کەلەبەرە بەهۆی زێدە بەخشینی سیفەتی مرۆڤانە بە ئاژەڵان بچوك نەبویەوە، بەڵکو لەئەنجامی کەمکردنەوەی سیفەتگەلی مرۆڤانە بو لە مرۆڤ. لەگەڵ ئەمەشدا بەمدواییە ئاراستەیەکی نوێ هاتە ئارا کە هۆیەکەی زۆر جاران بۆ زێدەبونی مەعریفەت و فراوان بونی چوارچێوەی شیکردنەوەی زانستی دەگەرێتەوە.

((وا دوبارە بەندۆلەکە کەوتە جولآن و، جارێکی دی کەلێنەکەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ فراوان بو، هەر لە دوای تیۆری (داروین) مرۆڤ نەیکرا خۆی لە بە ئاژەڵ ژماردن لابدا، بەلآم خۆی وەك ئاژەڵێکی یەکجار نامۆ لە زۆر حاڵەتیش بێ وێنە هاتە بەرچاو، جا شیکردنەوەی تاکبونی مرۆڤ لە روی بایۆلۆجیەوە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوپەری ئەم وتارەش بێجگە لە هەولێکی خستنە روی شوێنی ئێستای چیدی نیە.

((یەکەمین تایبەتمەندێتی بالآ و لە هەموان ئاشکراتر هەبونی توانای بیرکردنەوەی وێنەییە.. جا ئەم سیما بنچینەییە لە مرۆڤدا گەلێك ئەنجامی هەبوە، گرنگترینیشیان گەشەی نەریتە رو لە زیادەکان بو.. لە گرنگترین ئەنجامەکانی زیادبونی نەریتەکانیش -یا ئەگەر دەتەوێ لە گرنگترین دیاردە راستەقینەکانی- ئەو کردەوانەیە کە مرۆڤ بۆ چاکتر کردنی ماددە و ئامرازەکانی بەردەستی ئەنجامیان دەدا.. نەریتەکان و ماددەکانیش ئەو تایبەتمەندێتیانەن کە مرۆڤیان بۆ چەقی سەروەرێتی ئامادە کردوە لەنێو زیندەوەراندا. ئەم سەروەرێتیە بایۆلۆجیەش -لەم سەردەمەدا- سیمایەکی دیکەیە لە سیما بەرزەکانی مرۆڤ..

((.. بەمشێوەیە ژیانزانی[1] مرۆڤ لە پلە و پایەیەك دادەنێ هاوشانی ئەو

---

[1] ژیانزانی: علم الحیاة.

نیعمەتەیە وەك سەروەری وەدیهێنراوەكان (سید المخلوقات) پێیدراوە، هەروەك ئاینەكان دەڵێن، لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی هەن، جیاوازیەكان هەندێك گرنگیشن بەگوێرەی تیۆرە گشتیەكەمان، لە تێڕوانینی بایۆلۆجیەوە ئاژەڵەكانی دیكە بۆ خزمەتی مرۆڤ وەدینەهێنراون، بەڵكو مرۆڤ بەشێوەیەك گەشەی سەندوە كە وایلێكردوە بتوانێ خۆی لە هەندێك جۆری ركابەری دەرباز بكا و، دورخستنەوەی جۆرەكانی دیكە بە ڕاهاتن (استئناس) و، چاكردنی بارە سروشتی و بایۆلۆجیەكان لە زۆربەی بەشەكانی وشكانی گۆی زەوی و، تێروانینی ئاینیش لە وردەكاریەكان و لە زۆربەی ئەو شتانە ڕاست نەبو كە لە خۆی گرتبون، بەڵام بناغەیەكی جیۆلۆجی پتەوی هەبو[1].

((جا قسەكردن و نەریتەكان و ماددەكان بونە هۆی گەیشتن بە گەلێك تایبەتمەندێتی دیكەی مرۆڤ كە هاوشێوەی لە نێوان وەدیهێنراوەكانی دیكەدا نیە و، زۆربەشیان ئاشكرا و ناسراون..

((مرۆڤیش وەك جۆرێكی دەسەڵاتدار هاوشێوەی نیە، چونكە جۆرە دەسەڵاتدارەكانی دیكە بۆ سەدان و هەزارانێكی زۆر لە جۆری لێكجیاواز دابەش بوینە و، لە ڕەگەز و پۆل و كۆبونەوەی گەورەتردا كۆبوینەوە. بەڵام مرۆڤ بەبێ دابەشبون سەروەرێتی خۆی پاراستوە، جۆراوجۆری ڕەچەڵەكەكانی مرۆڤیش لە سنوری یەك جۆردا تەواو بوە.

---

١ جۆلیانی –كە بێباوەڕە– ناتوانێ تەواو تەسلیم بێ كە تێڕوانینی ئاینی ڕاستە و، مكوڕە كە بڵێ هەڵەی تێدا بو، لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بوە بڵێ پشتی بە بناغەیەكی جیۆلۆجی پتەو بەستبو– واتە ڕاستە، ئێمەش لێرەدا ڕای ئەومان –بەهەر جۆرێك بێ– بە تەواوی و بەبێ لابردنی ئەو شتانەی لەگەڵیدا كۆك نین وەكو خۆی گواستۆتەوە، جا لەگەڵ خوار و خێچیەكانیشی دەلالەتی ئاشكرای هەن.

((لە کۆتاییدا مرۆڤ هاوشێوەی لە نێوان ئەو ئاژەڵانە دا نیە کە لە شێوازی گەشەسەندنیاندا باڵان.

((مرۆڤ تایبەتمەندێتیەکی دیکەی بایۆلۆجی هەیە، کە بریتیە لە تاکێتی مێژوی گەشەسەندنی.

((ئێمەش ئێستا لە ئاستێکی وادایین ڕێگەمان پێدەدا پێناسەی تاکێتی مرۆڤ لە گەشەسەندەکەیدا بکەین. تایبەتمەندێتی جەوهەری مرۆڤیش وەك بونەوەرێکی زیندوی باڵادەست بریتیە لە بیرکردنەوەی واتایی.

((.. لێکۆڵینەوەکەشمان تا ئێستا بە شێوازێکی گشتی لە تایبەتمەندێتیەکانی مرۆڤ بو لە لایەنی گەشەسەندن و بەراوردکردن و، ئێستاش دەگەڕێینەوە سەری و کەمێك بەدرێژی لەگەڵ ئەنجامەکانیدا لێی دەکۆڵینەوە. یەکەم جار نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لەروی عەقڵەوە زۆر مەزنترە لەوەی خەڵك بۆی دەچێ.. هەموشمان ئاگاداریمان لەهێزی غەریزەی مێرواندا هەیە.. بەڵام مێرو لە دۆزینەوەی ڕێگەی تازەدا کەنەفت دیارە.. مەمکدارەکانیش[1] لەوان چاکتر نین.. لەکاتێکدا بیرکردنەوە لەلای مرۆڤ بایەخێکی بایۆلۆجی گەورەی هەیە، تەنانەت کاتێکیش کە داب و هەوڵدان و هەڵە بیرکردنەوەشی دادەگرێ، رەفتاری ئاژەڵانیش هەر دەبێ عورفی بێ واتە لە سنورێکی تەسکدا جێگیرن، هەرچی مرۆڤە لە رەفتارەکانیدا تا ڕادەیەك ئازاد بوە —لە بەخشین و وەرگرتندا وەك یەك ئازادە..... ئەم نەرمونیانیە(مرونة) زیادەش ئەنجامی سایکۆلۆجی دیکەیان هەیە کە پیاوانی فەلسەفەی عەقڵی لەبیر خۆیانی دەبەنەوە و، مرۆڤیش لە هەندێکیاندا ناوازەیە، ئەم نەرمێتیەش بۆ نمونە بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤ ببێتە تاکە بونەوەری

١ کەنەفت: عاجز. مەمکدارەکان: ثدييات.

زیندو کە دوچاری کێشەی دەرونی ببێ.. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بۆ چونە نوێیەکان (لە مرۆڤدا) ئەندام هەن بۆ کەمکردنەوەی کێشەی دەرونی تا ئەوپەڕی، کە دەرونزانان بە خەفەکردن و دامرکاندن[1] دەیانناسێنن.

((جا ئەم تایبەتمەندێتیانەی مرۆڤ هەیەتی و، دەکرێ بەدەرونی ناو ببرێن پتر لەوەی بایۆلۆجی بن، لەسەر یەکێك یان زیاتر لەم سێ تایبەتمەندێتیەی خوارەوە دادەمەزرێ:

((یەکەم: بونی توانای بیرکردنەوەی تایبەتی و گشتی.

((دوەم: یەککگرتویی ڕێژەیی کردارە عەقڵیەکان بە پێچەوانەی دابەشبونی عەقڵ و ڕەفتار لەلای ئاژەڵدا.

((سێیەم: هەبونی یەکەی کۆمەڵایەتی وەك هۆز و نەتەوە و حیزب و بیروباوەڕ و، دەسگرتنی هەر یەکەیان بە نەریت و ڕۆشنبیری خۆی.

((گەشەی عەقڵ لە قۆناغی پێش مرۆڤ تاکو قۆناغی مرۆڤ گەلێك دەرەنجامی لاوەکی هەبوە، کە بێگومان لەروی بایۆلۆجیەوە ناوازەن، لەوانەش زانستی ماتماتیك و بەهرە مۆسیقاییەکان و، داهێنانی هونەری و ئاین و، خۆشەویستی نمونەیی..

((بەڵام لێرەدا هێندە بەس نیە هەندێك روی چالاکیەکان بژمێرین، لە راستیدا زۆربەی روەکانی چالاکی مرۆڤ و تایبەتمەندیەکانی ئەنجامی لاوەکی تایبەتمەندێتیە بنەڕەتیەکەن، بۆیە بەهەمان شێوە ئەمانەش لەروی بایۆلۆجیەوە بەرزن..

((رەنگە تاکبونی مرۆڤ ئەنجامی لاوەکی دیکەی هەبن تاکو ئێستاش سودیان لێ وەرنەگیرابێ.. تاقیکردنەوەکانی کە (بین بریل) ئەنجامیدان لەبارەی هەڵهێنان

---

[1] خەفەکردن: کبت. دامرکاندن: قمع.

(حدس) بەبێ بەکارهێنانی هەستەکان و، ئەوانەی (گیلبەرت مرای) لەبارەی راگواستنی بیر و، زۆری نوسینی ناوەوە دەربارەی خوێندنەوەی بیر و داهاتو زانین وا دەخەنە دڵ کە هەندێ خەڵك هەن توانای زانینیان هەیە بەغەیری رێگەی ئاسایی پەی پێبردن لە رێگەی هەستەکانەوە.

((بەمجۆرە رەنگە مرۆڤ زۆر ناوازەتر بێ لەوەی ئێستا پەی پێ دەبەین))[1]

رەنگە تۆزێك بەفراوانی دەقەکانمان لە کتێبەکەی جۆلیان هێکسلی گواستبێتەوە -زیاتر لەوەی ئەم توێژینەوە بچوکە هەڵیدەگرێ- بۆ ئەوە نا کە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە قەناعەت بە تاکێتی مرۆڤ بێنین، چونکە تاکێتی مرۆڤ بەڵگە نەویستێکە (مرۆڤ) پێویستی بە مشتومڕ و ماندوبون نیە تاکو بۆی رێنوێن بێ، بەڵام ئێمە پێمان سەیرە چۆن (جاهیلیەت)ی ئەوروپا بەمجۆرە سەیرە لەسەدەی نۆزدەمیندا لارێ بو، کاتێك -هەروەك هێکسلی گوتی- بڕوای بە ئاژەڵێتی مرۆڤ هێنا و، چۆن زانایان سۆمایان تاریك بو و بەگەڵ شەپۆلەکە کەون وە رێیان لە شێواندنی وێنەی مرۆڤ و بە ئاژەڵکردنی نەگرت..

نەخێر، دەقەکانمان لە کتێبەکەی (هێکسلی) بۆیە وابەفراوانی نەگواستەوە هەتا قەناعەت بەخۆمان بێنین کە مرۆڤ تاکە و لە ئاژەڵ دورە.. بەڵکو بۆ ئەوەیە تا رونکەینەوە کە بەتەنیا ویژدانی ئاینی نیە کە گەیشتۆتە ئەم راستەقینەیە، بەڵکو تەنانەت خودی (زانستیش)، ئەو زانستەی پیاوێکی بێباوەڕ دەیڵێ کە بڕوای بەخودا نیە، پاش هەڵبەز و دابەز و ساتمەیەکی زۆر گەیشتە ئەوەی کە یەکەمین تیێڕوانینی (داروینی) -کە عەقڵ و رەوشت و داب و نەریتەکانی ئەوروپای گەندەڵکرد- راست نەبو، هەر چەند پشتیشی بە تیۆرێکی زانستی بەستا بو،

---

[1] لە کتێبی (الانسان في العلم الحديث) نوسینی (جولیان هیکسلی) وەرگێڕانی "حسين خطاب" و پێداچونەوەی (د. عبدالحليم منتصر) بژاردەیەك لە ل١ تاکو ل ٣٦.

چونکە تیۆری زانستی شتێکە و، چۆنیەتی تێگەیشتن، یا چۆنیەتی ئاراستەکردن یا چۆنیەتی پێ‌کاریگەربونی شتێکی دیکەیە، شتێکی دیکەیە کە ڕەنگە بەتەواوەتی جودابێ.

زانستیش وزەیەکی (بێلایەن)ە لەخودی خۆی نە خێرخوازە و نە شەڕخواز، بەڵام ڕێگەی بەکارهێنان و ئاراستەکردنی خێر یا شەڕی لێدەکەوێتەوە.

شتێکی حەتمیش نەبو -لە خودی تیۆری (داروین)، لەگەڵ کەمی زانیاریەکانی لەوکاتی بەردەست بون و، کاریگەری ئەو کەمە زانیاریە لە دەرهێنانی ئەنجامەکان- حەتمی نەبو کە زاناکان بڕوا بە ئاژەڵێتی مرۆڤ بێنن، چونکە پیادەکردنی تیۆری دروست بون و باڵا بون (النشوء والارتقاء) بەخۆی فروسمانێکی وا دەبەخشێ کە مرۆڤ پێوەری تایبەتی هەن کە لەهی ئاژەڵ جوایەزە.. لە جیهانی ئاژەڵدا تا ئاژەڵ لە پەیژەی گەشەسەندندا سەرکەوێ پێوەری تازە دەبینێ، بۆ نمونە ئەو ئاژەڵەی دوچاوی هەیە هەمان پێوەری لەسەر پیادە ناکرێ کە لەسەر ئاژەڵێکی پێشودا جێبەجێدەبو کە هەردو چاوی نەبون و، ئەو ئاژەڵەی شیر دەداتە بێچوەکانی لە ژیانی خۆیدا پێوەری جیاوازی هەن لە پێوەری باڵندان کە هێلکە دەکەن و هێلکەکان لە باوەشدەگرن یان ئەو مێروانەی گەرا دادەنێن و بۆ بارودۆخ واز لە گەراکە دێنن.. جا ئەو مرۆڤەی کە لە زۆر شتان لە ئاژەڵ باڵا ترە، چۆن پێوەری تایبەتی جیا لە پێوەرەکانی ئاژەڵی نابێ!؟

(نەفامی) بو کە دو سەدەی ڕابردو ئەوروپای دەجولاند، لە جەرگەی ئەو کاتەی کە خەڵك وایان بەخەیاڵدا دەهات کە زانست لەوێ ژیان ئاراستە دەکا.

کەواتە مرۆڤ مرۆڤە!!!

تەنانەت (جۆلیان هیکسلی) کە بڕوای بەخودا نیە و، بڕواناکا کە خودا مەبەستێکی لە وەدیهێنانی گەردون و وەدیهێنانی مرۆڤدا هەبێ و، بڕوای بە

(رۆحانیەت)ی مرۆڤ نیە و، هەرگیز لە قسەكانیدا باسی رۆحانیەتی نەكردوە.. تەنانەت ئەم (جۆلیان)ە دەڵێ مرۆڤ مرۆڤە و، لە مرۆڤایەتی خۆیدا تاكە.

سوپاس و ستایش بۆ خودا..

كەواتە هەمو رارەوە هزری و كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئەدەبی و هونەری و...... كە لە بڕوابون بە ئاژەڵێتی مرۆڤەوە سەریانهەڵدابو هەڵە و لاڕێ بون و شایستەی بایەخ پێدان نەبون.

هێندەش بەسبو -لەروی زانستەوە- كە گەندەڵی ئەو بناغەیە ئاشكراكەین كە ئەو هەمو رارەوەی لەسەر دامەزراوە، تاكو بیسەلمێنین كە ئەو رارەوانە -كە لەسەر بنچینەیەكی خوار و خێچ دامەزراون- نابی ساغ بن و، ناكرێ راست بن.

لەگەڵ ئەوەشدا لە گفتوگۆی ئەو راوبۆچونە خوار و لاڕێیانە بەردەوام دەبین تا ئەوە رونكەینەوە چ لاڕێبونێكی لە خودی خۆیاندا هەیە بەچاوپۆشین لە لاڕێبون و خواروخێچی بنچینەكەیانە.

كاتێك لێكدانەوەی ماددی بۆ مێژو دەڵێ: مێژوی توخمی مرۆڤ بریتیە لە مێژوی گەڕان بەدوای خۆراكدا (!) یەك بەڵگە نەویستی زۆر ساكار و ئاشكرا پشتگوێ دەخا، مرۆڤ سەیری پێدێ چۆن بەو سانایە كەسێك دەتوانێ خۆی لێ گێل بكا، خۆی لەوە گێل دەكا كە هەمو مێژوی ئاژەڵیش بەهەمان شێوە مێژوی گەڕانە بەدوای خۆراك، ئەدی دەبێ بۆ مرۆڤ بوبێتە مرۆڤ و ئاژەڵیش هەر بە ئاژەڵی مابێتەوە هەر چەند لە رەسەن و مێژوشیاندا هاوبەش بن؟ بۆچی مرۆڤ سیستەم و هزر و بیروباوەڕ و ژیار و كارگەی دامەزراند، ئەگەر مێژوەكەی تەنیا بریتی بێ لە گەڕان بەدوای خۆراكدا؟ بۆچی -وەك پێشینە ئاژەڵەكانی- بۆ نمونە هەر لە چوارچێوەی راوكردن و تێكشكاندندا نەمایەوە؟

ئایا ئەم بەڵگە نەویستە سەرنج راناکێشێ؟ ئایا سۆمای چاوان ناکاتەوە؟

مرۆڤ بەدوای خۆراکدا دەگەڕێ. بەڵێ ئەوە حەقیقەتە و، مێژوەکەشی بە گەڕان بەدوای خۆراکدا کاریگەر دەبێ، بەڵێ، ئەم حەقیقەتەیە، چونکە خۆراك (بەشێکە) لە ژیانی مرۆڤ و هەر بەشێکیش دەبێ کار لە سەرجەم بکا.

بەڵام مێژوەکەی بریتیبێ لە مێژوی گەڕان بەدوای خۆراك و، تیۆر و زانست لەسەر ئەمە دامەزرێن و، زانا و فەیلەسوف و هزرڤانی تێدا ببنە پسپۆر، ئەم یەکێکە لە سەیر و سەمەرەکانی جاهیلیەتی تازە کە بەناوی زانست و زانیاریەوە بەرپایە!

ئایا دەکرێ وەدیهێنراوێك بگاتە شتێك کە بۆی ئامادە نەکراوە و تواناکانی لەدەست دانیە و بۆی نالوێ؟

ئەدی رەفتاری ئاژەڵ جێگیر نیە هەر وەك (هیکسلی) گوتی، نە جۆراوجۆر دەبێ و نە دەگۆڕێ و نە باڵا دەبێ، چونکە ئاژەڵ بۆ زیاتر لەوەی تێیدایە ئامادە نەکراوە؟

ئایا گەیشتنی مرۆڤ بە دامەزراندنی سیستەم و هزر و بیروباوەڕ و ژیار بەڵگەی ئەوە نین کە بۆ هەمو ئەو ژیانە ئامادەیە و توانای پێدا دەشکێ؟ ئایا بەڵگەی ئەوە نیە کە هەر لە دروستبونیەوە ئەو وزەیە هەڵدەگرێ کە هزر و سیستەم و بیروباوەڕی لێ دەڕوێ و، هەر لە دروستبونیەوە —بە سروشتی لێکسوانی لەگەڵ گەردون بە دەوروبەری خۆیدا- یەکەمین تۆرەمەی ئەو هەمو (مەعنەویات)و رواوە، وەك درەختێکی رەسەن کە لە ناخی قەوارەکەی و لە سروشتی ئامادەییەکەی هەڵقوڵاوە؟ ئایا -لەپاش ئەمە- بەڵگە نیە بۆ ئەوەی کە -تەنانەت کاتێك بەدوای خۆراکیشدا دەگەڕێ- کە گەڕانێکی بەردەوامە و تا ئێستا و تا سبەینێش بەردەوامە- تەنیا بە گەڕان بەدوای خۆراکدا خەریك نەبوە، چونکە لایەنی دیکەشی لە دەروندا هەن کە

ئەوانیش بەدوای خۆراکی خۆیاندا دەگەڕێن، -تەنانەت کە بەدوای خۆراکیش دەگەڕا- وەکو ئاژەڵ تەنیا بەگەدەکەی بەدوایدا نەدەگەڕا و، تەنیا بەگەدە و بە عەقڵیشی نەبو، بەڵکو بەلایەنی دیکەی (باڵاتر) بو، جا ئەوانە -بۆ نمونە- ڕێنماییانکرد تا خواردن بکولێنێ و ئامادەی کا و، پاشان بەکەشخەیی بیخوا و بە کەشخەیی پێشکەشی بکا؟

یان ئێمە هەڵەین؟!

کاتێك (فرۆید)یش دەڵێ مێژوی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژوی هاندەرە سێکسیەکانی، ئینجا هاندەرە سێکسیەکانیشی هەمو لە هاندەرەکانی ئاژەڵدا کۆ کردەوە، ئەوا بەڵگە نەویستێکی زۆر ساکار و ئاشکرای پشتگوێ خستوە، مرۆڤ پێی سەیرە چۆن بەو سانایییە کەسێك دەتوانێ خۆی لێ گێل بکا، خۆی لەوە گێل کرد کە ڕەفتاری سێکسی مرۆڤ بەسروشت لە ڕەفتاری ئاژەڵ جیاوازە.

گریمان بەشێوەیەکی ڕەها دان بەو ئەفسانە ناشیرینە دابنێین کە (فرۆید) دایهێناوە بۆ ئەوەی مێژوی مرۆڤایەتی پێ لێکبداتەوە، مێژوی بیروباوەڕەکانی مرۆڤ و، هزرەکانی و، سیستەمەکانی و، ژیارەکەی.. گریمان بەڕەهایی دان بەو ئەفسانەیە دابنێین کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، ئەوا هەر خۆی مرۆڤایەتی مرۆڤ بەرجەستە دەکات!!

کوڕەکان بە ئارەزوی سێکسەوە رویان کردە دایکیان و دیتیان باوکیان تەگەرەیە لە پێشیان.. جا کوشتیان.

پاشان لە کردەوەکەیان پەشیمان بونەوە.

سوێندیان خوارد یادی پیرۆزکەن.. جا پەرستن سەریهەڵدا.

دیتیان وا لەناو خۆیان یەکتر دەکوژن تا دایکەکەیان دەسکەوێ..

جا بڕیاریاندا کەسیان دەستی لێنەدەن.. بۆیە (حەرام) سەریهەڵدا.

بڕیاریاندا لەنێو خۆیاندا هاوکاری بکەن لەباتی شەڕکردن و یەکتر کوشتن، جا هاوکاری بە کۆمەڵ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا سەریهەڵدا.

بەڵێ.. -بەشێوەیەکی کاتی- بەم داستانە رازی دەبین.

بزانین چی تێدایە؟

لە سەرەتادا ئەوەی تێدایە: کە ئەوا لە کردەوەکەی خۆیان پەشیمان بونەوە.

کەواتە لەناخی قەوارەی مرۆڤدا، لە تاریکیەکانی سەرەتای، بەر لە بەرەبەیانی مێژو، بەهای ئەخلاقی بۆ کردەوەکان بە پاڵنەری پالاوتەی غەریزەکان هەبون.

ئاژەڵ لە کردەوەی خۆی پەشیمان نابێتەوە، هەڵسەنگاندنێکی رەوشتی بۆ کردەوەکانی نیە. هەستێکی نیە پێی بڵێ -بێجگە لە پەرچەکردار[1]، کە تەواو هەستیە- ئەم کارە هەڵەیە یان ئەوێهێ کارێکی ڕاستە.

بەڵام ئەو کوڕانە -هەروەك (فرۆید) دەڵێ- لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بون، کەواتە لە قەوارەی ئەواندا هەستێك هەیە بەهایەکی رەوشتی بداتە کردەوە و، لێناگەڕێ هاندەری غەریزە حوکمی بەسەر بکات.

ڕەنگە غەریزەش بەرەڵلا بێ و بەسەر (هەستی رەوشت)دا زاڵبێ و بێدەنگی بکا. بەڵێ ئەوە ڕودەدا، بەڵام مانای وانیە کە هەستی رەوشتی وجودی نیە، یان لە دەرەوەی خۆی بەسەر مرۆڤدا فەرزکراوە بەبێئەوەی هیچ مایەیەکی[2] لە ناوەوەدا

---

١ پەرچەکردار: الفعل المنعکس.. لە پەرچەکرداردا ژانی بەرهەست یا چێژی بەرهەست کردەوەیەکی دیاریکراوە و پەیوەستە، جا ئاژەڵ وەك ئەنجامی ئەو پەیوەستەیە رو یا پشت لە کردەوەکە دەکات، هەروەك سەگ نایەتە ژورەکەت چونکە تۆ لەوێ لێتداوە و ئازارت داوە و، کاتێکیش دەیلاوێنیەوە روت تێدەکا و یاریت لەگەڵ دەکا.

٢ مایە: رصید.

هەبێ..

نەخێر! چونکە ئەم هەستە ڕەوشتیە بەشێکی ڕەسەنە لە قەوارەی مرۆڤ. ئامادەییەکی فریشکیە، لە دەرەوەڕا گەشەی پێدەکرێ، یان لە دەرەوەڕا لاواز دەکرێ. بەڵام هەردەم لە قوڵایی فریشك دا هەیە ئەگەر حەیوانەکانیش پێی قەڵس بن.

دوەم لەشت ئەفسانەکەدا ئەوەیە: کە کوڕەکان بڕیاریاندا یەکێك لەو چالاکیانە لە خۆیان (حەرام) بکەن کە -وەك (فرۆید) هەڵیبەستاوە- هاندەرە غەریزییەکانیان بۆ ئەنجام دانیان پاڵیان دەنێ..

هاندەری ئەو حەرامکردنەش هەرچی بێ ئەمە کردارێکی تەواو مرۆڤانەیە و ڕەفتاری ئاژەڵانەی تێدا نیە. چونکە کۆمەڵگەی مانگا کە (داروین) باسیکردوە هەرگیز شتێکی لەم بار و بابەتەی لەخۆی حەرام نەکردوە و، پەندی لەو ملیۆنان ملیۆنەی باپیرانی وەرنەگرتوە کە لە کاتی شەڕ لەسەر دایکدا کوژراون و، برینە واقیع و بەرچاوەکانیش ڕێی ئەوەیان لێنەگرتوە کە لە شەڕەکەی بەردەوام بێ تاکو لە کۆتایی سەرکەوتن یان لەنێوچونی دەردەکەوێ.

کەواتە مرۆڤ لە توانایدا هەیە کە -بە هەڵبژاردنی خۆی و، لەپێناو سودی کۆتایی خۆی کە نە بەرچاو بێ نە بەرهەست- جۆرانێك لە چالاکی غەریزەیی لەخۆی حەرام بکا کە ئاژەڵ ناتوانێ حەرامیان بکاو. ئەمەش وا دەخوازێ کە لە قەوارەی مرۆڤدا توانای ڕێکخستن(ضبط) یا -هێکسلی واتەنی- لەناوبردن و خەفەکردن هەبێ کە بریتیە -هەروەك دیسان هێکسلی دەڵێ- لە توانایەکی ناوازە بێجگە لە مرۆڤ هیچ شتێك نیەتی.

سێیەمیش ئەوەی تێدایە: کە کوڕەکان بڕیاریاندا لەباتی شەڕ و لێکتر کوشتن هاوکاری یەکتری بکەن و، ئەمەش پێویستی بە شیکردنەوە و لەسەر ڕۆیشتن نیە.

ئێمە -چیدیکە- بڕوامان بە ئەفسانەکەی (فرۆید) نیە و، ئامرازیشمان بۆ سەلماندنی مرۆڤایەتی مرۆڤ ئەوە نیە کە بەڵگە لە ئەفسانەکان بخوازین هەروەك زانا تۆژەرەوەکان دەیکەن! چونکە مێژوی واقیعی مرۆڤ لەسەر زەویدا پڕیەتی لە بەڵگەی مرۆڤ بونی. بەڵکو تەنیا ویستمان بڵێین تەنانەت ئەم ئەفسانە ناشیرینەش کە پیسترین وێنەی بۆ مرۆڤایەتی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، لە دوتوێی خۆیدا بەڵگەی مرۆڤایەتی مرۆڤی هەڵگرتوە!

حەزدەکەین لێرەدا جەخت لەسەر حەقیقەتێك بکەین کە پێویستمان بە جەخت لێکردن نەبو، ئەگەر ئەومشتومڕە دور و درێژ و پانوپۆرە لە ئەوروپا لە ئارادا نەبا لەنێوان تیۆرە رکابەرەکان، کە گەیشتە رادەی توندڕەویەکی عەیبدار لەنێوان لایەنەکاندا، هەر یەك لایەنێکی دۆزەکەی دەگرت و تا دوا رادە رایدەکێشا.

ئێمە کاتێك مرۆڤایەتی دوپاتدەکەینەوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە نکوڵی لە لایەنە ئاژەڵانەکەی دەکەین.

نەخێر! چونکە بێگومان لایەنی ئاژەڵانە لە مرۆڤدا هەیە و، حەقیقەتە.

بەڵام لایەنی مرۆڤانەش بەهەمان شێوە هەیە و، تەنیا لە عەقل و نەفس و روحی مرۆڤیش رەنگ ناداتەوە، کە ئەو لایەنانەن مرۆڤ تێیاندا تاکە و بەمان لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە، بەڵکو لەوەشدا رەنگ دەداتەوە کە مرۆڤ پێداویستیە ئاژەڵیەکانی بە شێوازی مرۆڤ ئەنجام دەدا نەك بە شێوازی ئاژەڵ.

دەخوا و دەخواتەوە و، دەپۆشێ و نیشتەجێ دەبی و، حاجەتی جێبەجێ دەکا و وەڵامی هاندەرەکانی سێکسی دەداتەوە.. هەموی بەشێوازی مرۆڤ، ئەو شێوازەی کە ئەنجامدانەکە (مشتومالّ) دەکا و بەهەندێك رێوشوێنی دیاریکراودا دەبا کە رەقەکاریەکە نەرم دەکا و واتای زەرورەتی تێدا کەم دەکاتەوە و، دەیکاتە رەفتارێك و رێوشوێنێك بەرزبونەوە و (هەڵبژاردن)ی تێدا بێ.

(مرۆڤ) ئاوا دەکا. لەمانەشدا مرۆڤێك لە مرۆڤێــك و نەوەیـەك لـە نەوەیـەك چاکتر دەبێ، هەتاکو هەستەکان زاخاو بدرێن و رەفتارەکان پاك بن و، لــە زەرورەت دەرچن و ببن بە رەفتارێکی رێکوپێك کە (نەفس) هەڵیبژێرێ، مرۆڤ (باڵاتر) دەبــێ و پتر لە ئاژەڵایەتی دوردەکەوێتەوە. تا مرۆڤیــش بــۆ جیـهانی زەرورەت دابــەزێ، بەهەمو رەقەکاریەکانی و، بە هەمو درِندەییەکان و، کە وای لێبێ رەفتــاری خــۆی (هەڵنــەبژێرێ) بــۆ ئــەنجامدانیان بــەڵکو بــەهاندانی راســتەوخۆی غــەریزە و هــەر بەشێوازی غەریزەش تێریان بکا، پتر بە ئاژەڵەوە دەنوسێ و بەزەویــەوە دەلکــێ و، بەرەو دوا دەگەرِێتەوە و، بەرەو وەحشیەت و کێویاتی و دواکەوتن و تاریکی..

هەستکردنی مرۆڤ بەخۆی و تێروانینی بۆ رەفتاری هەروا مایەوە، هەتا لەسەر دەستی (داروین) و (فرۆید) رێنوێن بو کــە نابــێ و دروســت نیــە وا بکــا، چونکــە ئاژەڵە!

****

هەرچی ماددیەتی مرۆڤە، بەواتای گرمۆڵەکردنی لە چوارچێوەی هەســتەکانی و دەوروبەری ماددی، ئەوا -بەرِای هێکسلی- ئەنجامێکی لۆجیکی تیۆری (داروــن) بو لە بابەت ئاژەڵێتی مرۆڤ، چونکە ئاژەڵ بە قــاوغی هەســتەکانی ســنورداره و، پاشان مرۆڤ -کــە وەکــو ئــاژەڵ وایــە- بەهەمانشــێوە بــە دەوروبــەری مــاددی و ئەوشتانەی هەستەکان پەی پێ دەبەن سنوردار کراوە.

لەمەشــدا لێدەگــەرِێین -دووکــەس- لــە خانــەوادەی هێکســلی وەرامــی ئـــەم هەڵبەستە نارِەوایە بدەنەوە، هەر چەندە هەردوکیان بێبــاوەرِیش بــن و نــەتوانن دان بەوە دابنێن کە مرۆڤ توانای هەبێت پەیوەندی بە خوداوە بکات:

جۆلیان هێکســلی دەڵــێ: ((هــەندێ تاقیکردنــەوە وەك ئەوانــەی (بــین تــیریل) دەربارەی هەڵهێنان(حدس) بەبێ بەکارهێنانی هەستەکان ئــەنجامیداوە و، ئەوانــەی

(گلیبەرت فرای) لە گواستنەوەی بیرەکان(الافکار) ئەنجامیداوە، هەروەها ناوبەناو نوسینی زۆریش لەبارەی خوێندنەوەی بیر و پێشبینی داهاتو، تا وا بگەیەنن کە هەندێ کەس توانای زانینیان هەیە بەرێگەی دیکە جگە لەرێگەی ئاسایی پەی پێبردن بەهۆی هەستەکانەوە)).

هەروەها (ئەلدۆس هێکسلی) کە بۆخۆی بێباوەڕە هەرچەند کەمێك لە جۆلیانی برای باشترە، دەڵێ: ((هیچ دەرفەتمان نەماوە، دەبێ دان بەوە دابنێین کە خەڵکانێك هەن توانای لێڕوانین(استشفاف)ی نادیاریان هەیە بەرێگەیەکی بەدەر لە چوارچێوەی هەستەکان، ئەگەر چی رێگەی ئەو لێوەڕوانینەش نەزانین بەڵام ئەمە نابێتە بیانو تا نکوڵی لێ بکەین، چونکە هەر هێندەی ناشارەزاییمان بەو چۆنیەتیەی کرداری پەی پێبردن و کرداری بیرکەوتنەی پێ ئەنجامدەدرێ، بەوەش ناشارەزاین. کێ لە ئێمە دەتوانێ بزانێ موعجیزەی پەی پێ بردن و یا بیرکەوتنەوە چیە؟ بەهەمانشێوەش نازانین ئەو لێڕوانینە چۆن رودەدا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش حەقیقەتێکی زانستیە).. ئەوجا لە کۆتایی قسەکانیدا قسەیەکی (دکتۆر راین) دێنێتەوە کە یەکێکە لەو زانایانەی بەم توێژینەوانە خەریکن کە گوتویە: ئەم حەقیقەتانە وردە وردە دەمانبەنە نێو جیهانی ئاین.

ئێمە بۆیە ئەو قسانە ناگوێزینەوە هەتا بەڵگەی فراوانی چوارچێوەی مرۆڤی لێوەرگرین کە لەنێو دەوروبەری مادە و دەوروبەری هەستەکاندا گرمۆڵە نەبوە، نەخێر، ئێمە لەوەدا پێویستمان بە شایەدیدانی (زانستی ئەزمونگەری)[1] نیە و، بەڵگە ئاشکراکانی ژیانی مرۆڤایەتیش پێویستیان بە رونکردنەوە نیە، بەڵکو تەنها بۆیە دەیانهێنینەوە تا بڵێین: تەنانەت زانستی ماددی بێبڕواش نەیتوانیوە مرۆڤ

[1] زانستی ئەزمونگەری: العلم التجريبي.

لەلای ئەم سنورە تەسکانە رابگرێ کە (داروینیزم)ی کۆن پتر لە سەدەیەك تیایدا گرمۆلەی کرد.

مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ پاش تێپەڕبونی ئەو ماوە دور و درێژە لەو جاهیلیەتە تاریکەی بەناوی زانست لە ئارادا بو، چۆن مرۆڤ توانی بەمشێوەیە سەرەوژێر بێ، جا پشت لە خۆی و لە وزە و تواناکانی بکات و، بە سەقەتی و گەمارۆدراوی دانیشێ لەگەڵ ئەوەی توانای هەڵفڕین و رەهابونی هەیە! چۆن ئامرازەکانی زانیاری لەخۆی گاڵە دەدا و تەنیا یەك ئامراز دێڵێتەوە، کە ئەمەش هەر چەند فراوان بێ هەر تەسك و تریسکە و، هەر چەند گشتگیر بێ هێشتا هەر بەشەکیە[1] و، هەر چەندی قوڵ رۆچوبێ هێشتا هەر تەنیا پەی بە روکەشی شتەکان دەبا، چۆن پەیوەندی خۆی لەگەڵ هێزی هەرە مەزن دەپچڕێنێ و دادەبڕێ، هەروەك کرم و مێرو لەو شتەکان دادەبڕێن، لە کاتێکدا دەتوانێ -بەهۆی پەیوەندی بەو هێزەوە- ژیانی خۆی فراوان بکا و دەرونی خۆی فراوان بکا و پەیوەندیەکانی بە گەردون و ژیان فراوان بکا و.. لەگەڵ برای مرۆڤیدا لە فراوانترین چوارچێوەی هەستی و کرداریدا بژیێ.. لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی ئاڵوگۆڕکراو، پەیوەندی بیروباوەڕبون بە خودا.

چۆن.. تەنیا دەبێ سەروژێر بونێك بێ بۆ جیهانی ئاژەڵ، سەرەو ژێربونێك (زانست) فوی تێ دەکا و شەیتان پیرۆزی دەکا.

مرۆڤ بونەوەرێکی گەورە و مەزنە و، موعجیزەیە و، گەورەترین موعجیزەش تیایدا ئەو تێکەڵە سەیرەیە لە قوڕی زەوی و فوی باڵای خودا لە رۆحیدا: (مشتێك لە قوڕی زەوی کە رەگەزە ماددیەکانی زەوی تێدا ڕەنگ دەداتەوە لە ئاسن و مس

---

[1] بەشەکی: جزئي.

و كاليسيۆم و فسفۆر و ئۆكسجين و هايدرۆجين و، ئارەزوەكانی زەوی و هاندەرەكانی زەوی تێدا رەنگ دەداتەوە و، فويەك لە روحی خودا كە گيانی رۆن و توانای بەرز و بالآبونی تێدا رەنگ دەداتەوە، هەروەك ويستی رێكخەر و توانای هەڵبژاردنی تێدا رەنگ دەداتەوە[1]، چ گێلاتيەكە مرۆڤ ئەنجامی دەدا كاتێك ئەو دو رەگەزەی خۆی لێك جودا دەكاتەوە - كە لە تێكەڵبونەكەيان موعجيزەی توانای خودای خاوەن توانای تێدا رەنگ دەداتەوە- ئەوجا يەكێكيان لە دوری خۆی تورِ هەڵدەدا و بەتەنيا لايەنێكی وازدێنێ و، لە كاتێكدا هەموی هەيە؟ مرۆڤيش --كە بەم شێوەيە تواناكانی خۆی تێكدەشكێنێ و، بەرەو توانەوەی دەبا- لە هەمانكات لە هەمو فريشكی ژيان وەدور دەكەوێ، لە كاتێكدا كە ئارەقەی لێدەتكێ بۆ گەران بەدوای دياردەكانی ژيان!

فريشكی قوڵی ژيان لە هەمو زيندەوەراندا -بە مرۆڤيشەوە- بە بەجێگەياندنی زەرورەت لە نێزيكترين رێگەوە واز ناهێنێ -هەروەك (داروين) بانگەشەی كرد كاتێك جەستەی (زيندەوەران)ی ديراسە دەكرد- بەڵكو هەردەم هەوڵی چاككردنی (بەجێگەياندن) دەكا لە هەمان ئەو كاتەی كە (دروستی) بەجێگەياندن دەكاتە ئامانج، واتە تەنيا بە زەرورەت وازناهێنێ بەڵكو جوانيش دەكاتە ئامانج.

((ئەو گوڵە جوان و بۆنخۆشە دەبينی رەنگەكانی چەند رێك و گونجاون؟

ئايا پێتوايە ئەمە زەرورەتە؟

((گوتيان: بۆ ئەوەيە تا هەنگ بۆ خۆی راكێشێ و هەنگوينی لێ بەرهەم بێنێ كە خۆراك و چارەسەرە بۆ خەڵكی و، يارمەتی ماككوتانی روەكيش دەدا.

---

[1] لە كتێبی (قبسات من الرسول).

ئایا گومان دەبەی؟ ئایا بەگوێرەی هەنگ زەرورەتە کە گوڵ ئەو هەمو جوانیەی تێدابێ؟

((نەخێر بەخوا، چونکە هەنگ وەدیهێنراوێکی ساکارە و، لەسەر جوانترین گـوڵ و گوڵێکی ئاساییش هەڵدەنیشێ.

((کەواتە جوانی گوڵەکە پێداویستی نیە و، هـــەمو ئامانجـە (بـایۆلۆجی)ەکـان دەکرێ لە ساکارترین گوڵ بێنەدی هەروەك لە جوانترین گوڵ دێنەدی.

((ئەدی ئەم (سروشت)ەت دیوە؟

((سورایی هەرە جوانی کازیوە و جوانی تازە بەیانت بینیوە؟

((جوانی بێوێنەی چیاکانت دیوە کە پشی رادەگرێ و ویژدان دەهەژێنێ؟

((لەگەڵ دەریای بێکۆتا راکشاو کە شـەپۆلان دەدا، بەشـەو دەبینـی وەك بلێـی پرشنگ یا.. مێردەزمە دایانپۆشیوە؟

((ئەدی مانگە شەو.. ئایا (تام)یت کردوە و؟ (تام)ی سیحری تریفەکەیت کردوە و، لە سێبەرەکەی و، پرشنگە بڵاو و چرپەکانی چێژت وەرگرتوە؟

((ئایا پێتوایە ئەمە زەرورەتە؟

((زەرورەتی هەمو ئەمانە لە کوێن، کە ژیان بەبێ ئەم جوانیەش بەڕێوە دەچی؟

((ئەدی ئەو ڕوە جوانەت دیوە؟

((ئەو جوتە چاوە خومارەی جیهانێکی قوڵیـان تێـدا دیـارە... ئـەو ڕەنگـوڕوە ڕێکوپێك و، ئەو واتا پڕ دەربڕینە.. ئەو (گیانەی) لە پشت ڕەنگوروەکە دیارە؟

((پێتوایە ئەمە زەرورەتە؟ جا زەرورەت چیە؟

((ئایا كــرداره (بــایۆلۆجی)ەكــان لــه خــواردن و خواردنــەوه و هەناســەدان لــه ناشیرینترین ڕو و جوانترین ڕو هەروەكو یەك نایەنه ئەنجام؟

((بەڵكو.. تەنانەت ئارەزوی سێكسیش، ئایا لــه هــەمو مــێ و هــەمو نــێرێك وەدی نایێ بەچاوپۆشین لەو جوانیه؟

((نەخێر، ئەوه (زەرورەت) نیه، بەڵكو ئەمه (جوانی)ە.

((ئەمه چاك جێبەجێكردنه نەك تەنیا جێبەجێكردن.

((ئەمه فریشكی ژیانه وەك خودا وەدیهێناوه.. فریشكی سروشت))[1].

ئەوه ئەو فریشكەیه كه مرۆڤ لەبیری چــوه و بــەدوای ڕواڵەتــه بەرهەســتەكانی شتەكانیشدا دەگــەڕێ و، لەگــەڵیدا خۆشــی لــەبیر چــوه و، بــۆ جیــهانی زەرورەت دابەزیوه، هەر به ئەنجامگەیاندنی زەرورەتەكانی بەنێزیكترین ڕێگه وازدێنێ، چــاك ئەنجامدان ناكاته ئامانج. ئەو چاكیەی واتای پاككردنەوه و بەرزبونەوه هەڵدەگرێ.

سەریریش نیه، كاتێك مرۆڤ لەخودا لاڕێ دەبێ، بەهەمانشێوه لــه فریشــكیش لاڕێ دەبێ، پەنا بەخوا لەتاریكیدا بەرەو ژێر دادەكشێ هەتا نێو قوڕه شینێ!

* * *

ئەوه دۆزی ئاژەڵێتی بو كه تیۆری (داروین)ی لێوه هەڵقولا و، ئــەوەش ئاستی حەق و بڕی گومڕایی بو تیایدا..

هــەرچی دۆزی دوەمــه كــه لــه هــەمان تیــۆر ســەریهەڵداوه بریتیــه لــه دۆزی گەشەسەندنی بەردەوام كه ڕەگەزی جێگیری نایەڵێ.

[1] له كتێبی (قبسات من الرسول) بەشی (وليرح ذبيحته).

لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای هەژدەدا بیرۆکەی گەشەسەندن لـــە هـزری ئەوروپیدا شتێکی تازە بو، (ئاسودەیی/ترف)ێکی عەقڵی بو زانایان لەنێو خۆیـاندا گفتوگۆیان دەکرد و کتێبیان دەربارە دادەنا، بەڵام نەبوە بیرۆکەیەکی میللی و وێنە توندوتیژەکەی وەرنەگرت، هەتا ئەو کاتەی تیـۆری (داروینـن) هاتـە ئـارا، چونکـە پاڵپشتی زانستی لەو تیۆرەدا دۆزیەوە کە پێشتر پێویستی بو، پاڵپشتێك لە نـاخی فریشکی ژیان، پاشانیش بەڕاستی بیرکردنەوەی زانایانی داگیر کـرد و، لـەوێوە بـۆ بیری جەماوەر گوێزرایەوە، هەمو وەکو پـەتا گرتیانـەوە و، هـەمو شـتێکی سـەر زەویان پێ ڕاڤە کردن، -لەبەر توندی پەتاکەش- وایان بەخەیاڵدا دەهات کـە ژیـان بێ بنەمایە و، گەردونیش هەموی بێ دەستورە!

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بیرکردنەوەی ئاینیش بەتایبەت پێـی لەسـەر بیرۆکـەی جێگیری داگرتبو تاکو کردیە بیروباوەڕ کاتێك پیاوانی ئاین وایان گومـان بـرد کـە جێگیری وەدیهێنەر -پاکی بۆ وی- و جێگیری مەبەستی لــە وەدیـهێناندا، واتـای جێگیری هەمو شتێك لە وەدیهێنراوەکانی دەگەیەنێ و، مانای جێگیری مرۆڤ بـە سیستەم و داب و نەریتەکانی و ، هەمو ئەو شتانەی لــە دەوروبـەریدا بەژیانیـەوە پەیوەستن.

ئەوەی بەم گومانەش فریوی دان -هەروەك لەبەشی پێشتر باسمانکرد- ئەو شـتە باوانە بو لە زانستی ئەو سـەردەم دەربـارەی بیرۆکـەی جێگـیری.. بۆیـە بیرۆکـەی گەشەسەندن -پاش سەلماندنی لەلایەن زانستەوە- نسکۆیەك بو هاوسەنگیەکەی لـە دەستدان بۆیە خۆیان بە هەمو دۆڵێکـدا دەدا و (ويحسـبون أنـهم مـهتدون: وایـان دەزانی کە ڕێنوێن بون!)!

ئەوەش لە سەدەی نۆزدەمین!

لە کاتێکدا زاناکانی موسڵمانان دە سەدە پێشتر بەرونی جێگیری وەدیهێنـەر -

پاكی بۆ وی-یان لە گەشەسەندنی وەدیهێنراوەكانی جودا كردبۆوە..

(دریبەر)ی ئەمریكی لە كتێبی (كێشەی نێوان زانست و ئاین)دا دەڵێ:

((ئێمە سەراسیمە دەبین كە لە دانراوەكانیان هەندێك بۆچونی زانستی دەبینین كە لە ئەنجامەكانی زانستی ئەم سەردەمەی تێدەگەیشتین و ، لەوانەش ڕارەوی دروستبون و بەرزبونەوەی بونەوەرە ئۆرگانیەكانە كە بە رارەوێكی تازە دادەنرێ، پێشتر لە قوتابخانەكانی ئەواندا دەخوێنرا و، گەلێك لە ئێمە پتر تێیدا قوڵ ببونەوە، ئەمەش چونكە لەسەر بێگیان و كانزاكانیش پیادەیان دەكرد)).

هەروەها موسڵمانان بەئاشكرایی هەستیان بە گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتی دەكرد، ئیبن خەلدون لە پێشەكیەكەیدا -كە بۆ خۆی لە راستیدا یەكەم زانای كۆمەڵناسیە، بەواتای زانستی نوێ- وەسفی گەشەسەندنی كۆمەڵگەكانی كردوە لەگەڵ فاكتەرە جیاوازەكانی كاریگەریان لەسەر ئەو گەشەسەندنە هەیە، هەروەك خودی فیقهی ئیسلامیش پیادەكردنێكی كرداری بیرۆكەی گەشەسەندنی مرۆڤە. چونكە ئەركەكەی بریتیە لە گەڕانی بەردەوام بەدوای چارەسەری نوێی وەرگیراو لە بنەما و رۆحی ئاین، بۆ روبەڕوبونەوەی گیروگرفت و پێویستیەكانی مرۆڤ. یا هەروەكو عومەری كوڕی عەبدولعەزیز دەڵێ: (چەند دۆز بۆ خەڵكی دەدۆزێتەوە هێندەش قەزاوەتیان بۆ دابین دەكا)).

ئەگەر پیاوانی ئاینی لە ئەوروپا و لە سەدەی حەڤدە و سەدەی هەژدەدا ئەو تێگەیشتنە پێگەیشتوەیان هەبوایە كە موسڵمانانی سەدەی یەكەمی كۆچی (حەفتەمی زاینی) هەیانبو، توێژینەوە زانستیە نوێیەكان توشی نسكۆی نەدەكردن و دژایەتی لە نێوان ئەوان و زانستدا بەرپا نەدەبو، ئەو دژایەتیەی لە كۆتاییدا ئەوروپای گەیاندە هەڵدێر.

* * *

ژیانی مرۆڤ گەشە دەکا. بەڵێ. هەمو گەردونیش گەشە دەکا.. ئایا ئەمە وادەگەیەنێ کە هیچ بنەمایەکی جێگیر لەم گەردونە و لە ژیانی مرۆڤدا نیە؟

سەدیەکان گەشە دەکەن و دەبنە ئەستێرە.. ئەستێرەکانیش کە دەسوڕێن گەشە دەکەن، گەرم دەبن و سارد دەبنەوە و، دەقۆپێن و خێرا دەبن و هێدی دەبنەوە.. بەڵام هیچ شتێك لەمانە بەبێ یاسا رونادا و، هیچ شتێك لەمانە لە دەستور دەرناچێ، ئەو دەستورەی کە زانست ئەگەر مادده و ئامرازی بۆ هەڵکەوێ هەر جارەی لایەنێکی دەردەخا.

مرۆڤیش گەشە دەکا.. رۆژبەرۆژ ژیانی دەگۆڕێ و، هەر رۆژەی شتێکی تازە دادەهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ملکەچی دەستورەکانە. هەمان ئەو دەستورانەی حوکمی بونەوەر و حوکمی ژیان دەکەن.

گەردون گەشە دەکا.. بەڵام ئایا سروشتەکەی گەشە دەکا؟ ئایا ئەوە دەگۆڕێ کە لە وزەیەك یا کۆمەڵە وزەیەك پێکهاتوە؟

نەخێر! هیچ یەکێك لە زانایان واینەگوتوە. بەڵکو وێنە و حاڵەتەکانی دەگۆڕێن و جەوهەرەکەی وەك خۆی چەسپاو و جێگیرە.

هەروەها مرۆڤیش گەشە دەکا.. بەڵام ئایا سروشت دەگۆڕێ؟

یاخود وێنە و حاڵەتەکانی دەگۆڕێ و ئەو جەوهەرەی تێیدایە نەگۆڕاو و جێگیرە؟

ئەوەی بەدرێژایی ماوەیەکی دور و درێژ و هەڵگێڕ و وەرگێڕێکی بەردەوام لەنێوان سەدان بارودۆخدا لە قەوارەی مرۆڤدا گۆڕاوە چیە؟

شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکاری گەورەی لە بەڕێوەچونی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دروستکرد، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و هزری و رەوشتی.. جا

لەسەرەتادا لەبەر ئەو گۆڕانكاریە خێرا و یەكبەدوای یەكە خەڵك وایانزانی هەرچی ڕودەدا تەواو نوێیە و، پێشتر هاوشێوەی نەبوە و، ئەوجا ئەو خەیاڵە مێشكی داگرتن وایانزانی: كە ئەوان وەدیهێنراوێكی تازەن هیچ پەیوەندی و پێكچونێكیان لە نێواندا نیە لەگەڵ وەدیهێنراوانی پێشو، كەواتە هێڵی بەردەوام لە ژیانی مرۆڤایەتیدا نیە و، قەوارەیەكی جێگیریش نیە ناوی مرۆڤ بێ.

ئەگەر عاقلتر و لەسەرخۆتر بوانا، یان بەبیرۆكەی گەشەسەندن ئاشنابان - هەروەك لە هزری ئیسلامیدا هەبو- بەو دەردە نەدەچون و نەدەكەوتنە نێو ئەو ئەندێشە ترسناكە.

ئەوەی لە قەوارەی مرۆڤدا گۆڕا چ بو لەنێو ئەو شەپۆلە زەبەلاحانەی كە شۆڕشی پیشەسازی دروستی كرد؟

ئایا گەڕانی بەدوای خۆراك یا بەدوای سێكس یا گەڕان بەدوای ئاسایش یا گەڕانی بەدوای دەركەوتن و جودایی گۆڕا؟

ئایا پێكهاتەی دەرونی گۆڕا لە هاندەرە پڕ جۆشەكانی فریشك و هێزی ڕێكخەری هۆشیار یا بێهۆش، بەهێز یا بێهێز، كارا یان بێكار؟

ئایا خولیای مانەوە و؟ خولیای بەردەوامبون و؟ خولیای زانین و؟ خولیای جاویدانی[1] گۆڕاوە؟

ئایا هەرگیز ئەمە دەگۆڕێ؟.. یا وێنە و حاڵەتەكان دەگۆڕێن و، جەوهەرەكەی وەك خۆی نەگۆڕ و جێگیرە.

دروست نیە و جۆراوجۆری داخوازی و جۆراوجۆری بارودۆخ هەڵمانخەڵەتێنی. چونكە وێنە و شێوەكان لە واقیعدا جۆراوجۆر بون. بەڵام ئارەزوە سەرەكیەكان و

---

١ جاویدانی: نەمری: خلود.

ترسە سەرەکیەکان نەگۆڕاون، ئەمەش بریتیە لەو (قەوارە)یەی کە پێی دەگوترێ مرۆڤ.

مرۆڤ ئارەزوی خۆراك دەکا، جا نێچیرێکی خاو بخوا، یان گیایەکی زەوی، یان بەساکاری بیکوڵێنێ و بەدەست بیخوا، یا لەسەر مێزێکی رازاوە بە چەنگاڵ و ملاك و چەقۆ بەکەشخەیی و رێکی و هێمنی بیخوا.

چی گۆڕاوە؟ چۆنیەتی ئەنجامدان یا ئارەزوی شاراوەی ئاو و خۆراك؟

هەروەها مرۆڤ ئارەزوی سێکس دەکا، جا وەکو ئاژەڵ لە دارستان ئەنجامی بدا. یا بەساکاری و خێرایی ئەنجامی بدا. یان بە کەشخەیی و غەزەل و هونەرکاری. بەدزی و دەستدرێژی لە تاریکی هەستەکاندا ئەنجامی بدا. یان لە ئاراستەیەکی دەرونی لە سایەی شەریعەت و یاسایەك ئەنجامی بدا.. چی گۆڕاوە؟ چۆنیەتی ئەنجامدانی یا ئارەزوی شاراوەی نێو سێکس؟

هەروەها مرۆڤ ئارەزوی ماڵ دەکا، جا کاتێ لە دارستاندا کوخێك لە قەدی درەختان دروست دەکا، یا لە گوندێك کوخێك لە قوڕ یا خانویەك لە خشت دروستدەکا، لە شاریشدا باڵاخانەیەك دروستدەکا کە تازەترین ئامراز و نوێترین کەلوپەلی تێدابێ..

چی گۆڕاوە؟ ئایا ئارەزوی ماڵ و نیشتەجێبون گۆڕاوە یا شێوە و شێواز؟

هەروەها مرۆڤ ئارەزوی جلوبەرگ پۆشینی هەیە بۆ جوانی و بۆ بەرگری ناهەمواریەکانی کەشو هەوا و لەبەر هۆی دیکەش، لە دارستاندا پۆشاکێکی چەرمین دروستدەکا و، لە بیاباندا پۆشاکێکی لەمو و، لە بەستەڵەکیش پۆشاکێکی خوری و، لە شاریشدا پۆشاکێکی چنراوی رەنگاو رەنگ.. چی گۆڕاوە؟

ئایا ئارەزوی جلوبەرگ پۆشین گۆڕاوە یان وێنە و شێوەکان گۆڕاون؟

هەروەها مرۆڤ ئارەزوی لە ئامرازەكانی هەسانەوەیە جارێك نوێنێك لە گـەڵای دار دروست دەكا و، جارێكیش لە توكی نەعامە و، جارێك لە پەمۆی پەڕە كراو و، جارێك لە ئیسفەنج..

چی گۆڕاوە؟ ئایا ئارەزوی هەسانەوە گۆڕاوە یان شێواز و شێوەكان گۆڕاون؟

هەروەها مرۆڤ لە مردن دەترسێ. لە دارستان لێی دەترسێ و، لـە گونـد لێـی دەترسێ و، لەشار لێی دەترسێ و، لە وشـكانی لێـی دەترسـێ و، لـە دەریـا لێـی دەترسێ و، لە ئاسمان لێی دەترسێ و. گـەلێك هەسـت و زۆر هەڵوێسـت و گـەلێك پارێزی لـێ وەردەگرێ.. چی گۆڕاوە؟ ترسی ڕەگاژۆ یان ڕواڵەت و شێوەكان؟

پیاو لەگەڵ ژنەكـەی بەشـەڕ دێ.. لەگـەڵی بەشـەڕ دێ چونكـە (گـۆزە)ی بـۆ نەهێناوە تا ئاوی لـێ بخواتەوە، یا بۆیە لەگەڵی بەشەڕ دێ چونكە ژنەكەی مكـوڕە لەسەر ئەوەی سەگە بەنازەكەی لەپاڵ خۆی لەسـەر نوێنـێ دانـێ، یـان بێئگـاداری مێردەكەی یا بێ ئیزنی وی كێندەری حەز لێبی بـۆی دەچـێ.. ئایـا هـەر ڕواڵەتـە گۆڕاوە یان دۆزە نەمرەكەیە گۆڕاوە، كە دۆزی پیاو و ژنە، ئـاخۆ كامـەیان خـاوەن سەرۆكایەتی و دەسەڵاتن و، كەشتیش دو سەركردان هەڵناگرێ!

مرۆڤ ماندو دەبێ و زەحمەت دەكێشێ تا بژی.. بە ڕاوی نێو دارستان زەحمـەت دەكێشێ و، بە كشتوكاڵی زەوی ماندو دەبێ و، بەكاری دیوەخانێ ماندو دەبـێ و، بەكاری نێو كارگان زەحمەت دەكێشێ. چی گۆڕاوە؟ دیاردەی زەحمەتكێشان یان ئەو ئەركەی كە كەس لەبەری دەرناچێ؟

بێجگە لەمانەش سەدان هەست و سەدان بیر و سەدان كاروباری دیكە..

(مرۆڤ ڕەگەزێكی جێگـیر و چەسـپاوی تێدایـە هـەرگیز نـاگۆڕێ هـەر چـەند بارودۆخ بگۆڕێ و هەر چەند ژیانی لەسەر زەویدا بگۆڕێ، چونكە ئـەو ڕەگـەزە بـە

حەقیقەتە ئەزەلیەکانەوە پەیوەستە کە گۆڕانکاریـان ناگاتـێ، و لـە پـاڵ ئەوەشـدا ڕەگەزێکی گۆڕاوی تێدایە. یان بڵێ: وێنە گەلێکی گۆڕاو لە جەوهەرێکی نـەگۆڕ و، باری گەشەسەندو بۆ قەوارەیەکی جێگیر، بەڵام گۆڕان و گەشەسەندنەکەی مرۆڤ لە مرۆڤایەتی ناباتە دەرێ و، یەك چرکەش لە قەوارە بەردەوامەکەی جیا نابێتەوە، بە حوکمی یەکگرتویی نەفسی مرۆڤ و پێکوە پەیوەستبونی و، گشتگیری بـۆ هـەمو ئەو شتانەی مرۆڤ لەخۆیگرتون.

هەندێ حەقیقەتی ئەزەلی لە پێکهاتەی مرۆڤدا هەن:

(لە ویستی خوداوە سەریهەڵداوە: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَـاعِلٌ فِـي الأَرْضِ خَلِيفَةً: ئەو کاتەی پەروەردگاری تۆ بە فریشتانی ڕاگـەیاند: مـن دەمـەوێ بریکارێك لەسەر زەمین دیاری بکەم.﴾البقرة/٣٠.

((سەرجەم مرۆڤیش لەیەك نەفسن: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُـمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ: ئەی خەڵکینە؛ لە پەروەردگاری خۆتان ترسو هەبێ، کە هەر ئەوە ئێوەی هەر لە یەك کەسەوە خستۆتەوە.﴾النساء/١.

((لەو نەفسەش -واتە لە ڕەگەزەکەی- (هاوسەری) وەدیهێنا، کە تەواوی دەکـا و پێ دەگا و خۆشیدەوێ: ﴿خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَـهَا: ئێـوەی هـەر لـە یـەك کەسـەوە خسـتۆتەوە و جووتەکەشـی هـەر لـەو کەسـە خستۆتەوە﴾النساء/١. ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْـكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً: هەر لە نیشانانی ئەوە کە لە خۆتان، هاوسـەری بـۆ بەرهـەم هێنـان؛ کـە پێیـان بحەسـێنەوە و خۆشەویسـتی و ئـەوینی خسـتۆتە ناوتان.﴾الروم/٢١.

((هەمو خەڵکیش لەو نەفسە و لە هاوسەرەکەی کەوتنەوە و بون بە هۆز و گەل:

﴿خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً: ئێوەی هەر لە یەك كەسەوە خستۆتەوە و جووتەكەشی هەر لەو كەسە خستۆتەوە و لەو دوانەوە پیاوی زۆر و ژنی زۆری وەدی هێنا.﴾النساء/١. ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ: ئەی خەلكینە؛ هەر لە نێرە و مێویێكەوە ئێوەمان وەدی هێناوە و كردومانن بە چەند گەلێك و چەند هۆزێك هەتا یەكتری بناسن، بەڕێزترینتان لای خودا پارێزكارترەكانتانن.﴾الحجرات/١٣.

((مرۆڤیش چنگە قوڕێكی زەوی و فویەكە لە ڕۆحی خودا چنگێك لە قوڕی زەوی ڕەگەزە ماددیەكانی تێدا ڕەنگدەداتەوە لە ئاسن و مس و كالیسیۆم و فسفۆر و ئۆكسجین و هایدرۆجین و، ئارەزو و هاندەرەكانی زەوی تێدا ڕەنگدەداتەوە و، فویەكیش لە روحی خودا ڕۆحی مرۆڤی رون و بەتوانا لەبەرزبونەوە و بالابون تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەك ویستی ڕێكخەر و توانای هەلبژاردنی تێدا ڕەنگدەداتەوە:

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِنْ سُلالَةٍ مِنْ طِينٍ: ئێمەین مرۆڤمان لە قوڕێكی خۆشكراو دروست كردوە.﴾المؤمنون/١٢. ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ: هەرگا ڕێك وپێكم كرد و لەگیانی خۆم فوم پێدا كرد، ئێوە بە سوژدە بۆیردن داوەرنەوە و دەمەوڕۆبن.﴾الحجر/٢٩. ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا: بەگیانی مرۆڤ سوێندبێ و بەوەش كە ڕێكی خستوە، ئەوسا هەمو تاوانباری و پارێزگاری دەویژدانیدا گەیاندوە، دیارە هەركێ گیانی خاوێن ڕاگرتوە رزگار بوە، هەركەسێكیش دە گوناهیەوە پێچاوە، دۆڕاندویە.﴾الشمس/٧-١٠.

((ئەمانە ڕەگەزی جێگیر و چەسپاون هەر چەند (ڕوالەتەكان)ی ژیان بگۆڕێن ئەوانە ناگۆڕێن.

((لە پاڵ ئەوەشدا رەگەزێکی گۆڕاو هەیە. یا بڵێ (وێنـــە) گـەلێکی گـۆڕاو لـە جەوهەرێکی نەگۆڕ و (حاڵەتانێکی) گەشەسەندو لە قەوارە هەمیشـــەییەکە. بـەڵام لە گۆڕان و گەشەکردنی مرۆڤ لە مرۆڤایەتی ناباتـــەدەر و، بـۆ یـەك چرکـەش لـە قەوارە هەمیشەییەکە جودا نابێتەوە، بە حوکمی ئەوەی یـەکێتی نـەفس و پێکـوە پەیوەست بونی و، گشتگیری بۆ هەمو ئەو شتانەی مرۆڤ لەخۆی گرتوە.

((کۆمەڵە حەقیقەتێکی تریش لەسەرحەقیقەتە ئەزەلیەکە راوەستاون، جا وەکـو ئەویان لێهاتوە جاویدان و هەمیشەیی و ناگۆڕێن.

((ئەوەی پێوە بەندە کە خەڵك -بە فریشکی خۆیان ئەگەر ساغ بێ- هەست بـە مەزنێتی خوا دەکەن بەگوێرەی گچکەیی خۆیان، جـا دەیپەرسـتن و، هاوکـاری لـە ژیان لێدەخوازن.

((ئەوەشی پێوە بەندە کە هەردو هاوسەر -کە خودا لەیەك نەفس خولقـاندونی- هەست بە سۆز و وپێکەوە نوسان بکەن و، هەست بکەن پێکەوە بە یـەکگرتوویی و یەکتر خۆشویستن و میهرەبانی نەبی بونیان کامل نابی.

((ئەوەشی پێوە بەندە کە خەڵکی -کاتێك دڵودەرونیان پاك دەبێتـەوە- هەسـت بەبرایەتی مرۆڤانە بکـــەن، چونکـە هـەمو لەیـەك نەفسـن کـە لەگـەڵ هـەمویان بەمیهرە، جا هاوکاری یەکتر دەبن یا لە خێر و چاکە هاوبەش دەبن.

((ئەوانـە رەگـــەزی هەمیشـــەیین چونکـــە لەســـەر بنچینـــەی هەمیشـــەیی دامەزراون)).[1]

ئەوانەش ئەو بنچینانەن کە بیروباوەڕ و رەوشتیان لەسەر دادەمەزرێ.

* * *

---

١ لە کتێبی (قبسات من الرسول).

بیروباوەڕبون بەخودا ڕەگەزێکی جێگیرە لە دەرونی مرۆڤایەتی. ڕەگەزێکە لەناخی فریشکەوە دامەزراوە، مرۆڤایەتی بەرەو وەدیهێنەری ڕێنمایی دەکا هەر چەند لێشی بێئاگا بن. ئەو لاڕێبونانەی روشدەدەن لاڕێبونن لە چۆنیەتی تێڕوانینی خودا، نەك لاڕێبون لە بڕواهێنان بەوەی هێزێك هەیە -هەر هێزێك- کە وەدیهێنەر و خاوەن توانایە، گەردون و ژیان و مرۆڤی هێناوەتە دی[1] و، ئەرکی هەمیشەیی پێغەمبەرانیش بریتیە لە ڕێنوێنی مرۆڤایەتی بۆ تێڕوانینێکی ڕاست، کە دواتر هەستی دروست و ڕەفتاری چاك و ڕێکخستنی ڕاستی لێ هەڵدەقوڵێ.

ئەم بیروباوەڕە (گەشە)ی نەکردوە هەروەکو لێکدانەوەی ماددی بۆ مێژو یا توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لەو دو سەدەیەی رابردو هەڵیانبەست، پەرستنی باوك و پەرستنی ئەو و ئەم و پەرستنی بت و گەشە سەندنی بیروباوەڕ نەبون کە دواتر گەیشتنە یەکتاپەرستی. بەڵکو بریتی بو گەشەسەندنی لاڕێبونی مرۆڤایەتی لە بیروباوەڕی ڕاست لە سەردەمە جیاجیاکانیدا. ئەوەش ڕاست نیە -لە مێژودا- کە زنجیرەیەکی ڕێکوپێك لە بیروباوەڕی گومڕا بەسەر مرۆڤایەتی دا تێپەڕبوبن و لە کۆتاییدا بوبن بە هۆی یەکتاپەرستی. بەڵکو -لە مێژودا- چەسپاوە کە مرۆڤایەتی خولی یەکبەدوای یەکی ڕێنوێنی و گومڕا بوندا ڕەت بوە. لە یەکتاپەرستی و چەند خوا پەرستی. لە داماڵینی سیفەتان و بەرجەستەکردن لەئاست خودای مەزن.

هەمو (گەشەسەندن)ی مرۆڤیش ناگاتە ئەو ڕەگەزە جێگیرە لە جەوهەری گەردون و ناخی مرۆڤ، تەنیا کاتێك لە تێڕوانینی ڕاستودروست لاڕێ دەبێ، تەنانەت ئەوکاتەی گەشەسەندن وێنە دەگرێتەوە نەك بنچینە.

---

[1] لەوانەی هەر لە بنەڕەتەوە بڕوایان بەبونی وەدیهێنەر نیە کەمینەیەکی ریزپەڕن کە هەر بە نەبو حیسابن.

لە ژیانی مرۆڤایەتیش -بە جیاوازی بـار و دۆخ و گەشەسـەندنی حاڵەتـەکانی- یان لە باری ڕێنوێنی یا گومڕابون لە تێڕوانین و زیاتر نیە.. بیروباوەڕی ڕاستەڕێ یا بیروباوەڕی لاڕێ و ڕێ ونکردو.

مرۆڤیش -بە جیـاوازی بـارودۆخ و گەشەسـەندنی حالەتـەکانی- لـەم دو بـارە بەرامبەرە بترازێ هیچی دیکەی نیە. جا چ مرۆڤی شار یـا دانیشـتوی دارسـتانان بێ.

پاشان مرۆڤایەتی لە واقیعی خۆیدا دو دۆخی هەیە، بەدوای یەکدا دێن و لێـك جودان: یان ڕێنوێنی یا گومڕایی.

هەرچی (دۆخەکان[1])ە کە لێکدانەوەی ماددی مێژو باسیان دەکا و، خـەیالێکی پێ ئاودەدا کە هێڵێکی هەڵچو لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیـە، هەمیشـە بەرەوسـەر دەچی و، هەردەم بۆ پێشەوە دەچێ.. و ئەم دۆخانە ڕواڵەت وێنـا دەکـەن و ناچنـە قولاییـەکان. وێنـەی گەشەسـەندنی مـاددی ژیـانی مرۆڤایـەتی دەکێشـن، بـەڵام حەقیقەتی ژیانی مرۆڤایەتی وەسف ناکەن.

یەك هێڵ هەیە کە هەمیشە بەرەو سەر هەڵکشێ کە ئەویش هێڵی (زانسـت)ە، چونکە بەسروشتی خۆی وایە، هەر هەنگاوێك تێیدا ڕێخۆشـکەرە بـۆ ئـەوەی دوای خۆی، بۆ شـتێکی لـە خـۆی گـەورەتر. بـەڵام هێڵـی (دەرونـی) وانیـە. بـەردەوام هەڵناکشێ و بـەهێڵێکی ڕاسـتدا نـاڕوا. بـەڵکو بـەدرێژایی مێـژو هەڵدەکشـێ و دادەکشێ و، ڕاست دەڕوا و خوار دەبێتەوە و، ڕێنوێن دەبێ و گومڕا دەبێ: ﴿لَقَـدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ، ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَـافِلِينَ: ئێمـە مرۆڤمـان لـە ڕێکـترین شـێوەدا وەدی هێنـاوە، پاشـان گێڕامانەتـەوە بـۆ پلـەی هـەرە

[1] دۆخەکان: الأطوار

بەرەژێر﴾التين/٤-٥. خولگەی ئەم (گەشەسەندن) یان گۆڕانەش، بریتیە لە باوەڕی لاڕێ یا باوەڕی دروست کە بۆ هەستکردنی مرۆڤ بەخۆی دەگەڕێتەوە، لەگەڵ هۆشیاری بەو وزە جیاوازانەی تێیدایە و، چۆنیەتی تێڕوانینی بۆ ژیان.

هەرچی ئەو گەشەسەندنە ماددیەیە کە روودەدا، لەگەڵ گەشەسەندنی ئابوری و گەشەسەندنی زانستی.. هەموی کاریگەری کاتی لە دەرونی مرۆڤدا دروست دەکەن، پاشان هێندەی پێناچێ لادەچن و دەرون لێیان رادێ و، دەگەڕێتەوە سەر داب و نەریتی و قەوارەی ناوەکی خۆی کە حوکمی دەکا.. هەروەك جەستە لە دەرمانێکی تازە رادێ و پاش ماوەیەك کاریگەری لەسەر جەستە نامێنێ.

بەڵام گۆڕانکاری راستەقینە ئەوەیە کە لە ناخی دەرونڕا دێ.. لەبیر و هەستەکانی.. لە تێڕوانینی بۆ خوی و تێڕوانینی بۆ دەوروبەر.. لە سنورداركردنی ئەرك و ئامانجەکانی.. لە نرخاندنی رۆڵ و پلە و پایەی خۆی.

ئائەمە گۆڕانکاری راستەقینەیە، نەوەك ئوتۆمبیل و فرۆکە و گوێدرێژ!

***

پێوەری ژیار و، پێوەری (گەشەسەندن). لەو دروستکراوە ماددیانەدا نیە کە عەقلی مرۆڤ دروستیان دەکا، لەو (زانست)ەش نیە کە دەیگاتێ. بەڵکو لە چۆنیەتی پێوە کاریگەربونیان، لەگەڵ بەرزبونەوە و نزم بونەوەی لە پێوەری (مرۆڤ)دا کە لە پێوەری (ئاژەڵ) جودایە.

پێوەری پێشکەوتن و دواکەوتن بەگوێرەی مرۆڤ، بریتیە لە ئاستی بەکارهێنانی ئەو سیمایانەی لە ئاژەڵ (جودا)ی دەکاتەوە —لەگەڵ ئاستی دوریی لە ئاژەڵ و هەڵکشانی لەو بوارەی سیماکانی بەرەو رو دەچن. ئەگەر ماددە و ئامێرەکان — هەروەك (جۆلیان هێکسلی) دەڵێ لەو تایبەتمەندێتیانە بن کە مرۆڤ جیا دەکەنەوە،

ئەوا —هەروەك دیسـان (هێکسـلی) دەڵـێ- تـەنیا جیـاوازی نیـە و، لـە تـەواوی قەوارەکە دانەبڕاوە، پاشان -بەتەنیا- وەك پێوەری ژیـار و، پێـوەری پێشـکەوتنی مرۆڤ ناشێن، ئەگەر بەسیما مرۆڤایەتیەکانی دیکە نەبەسترێنەوە و، بـەرەو پێش پاڵی نەنێن.

((پێوەری راستەقینەی مەزنێتی مـرۆڤ بریتـی نیـە لـەو ئـامێری رادیـۆ یـان تەلەفزیۆنەی کـە هەیـەتی، ئـەو ئۆتۆمبێلـە نیـە کـە سـواری دەبـێ و، جلشـۆرە میکانیکیەکەشی نیە و، ئەو بۆمبەش نیە کە ژیانی سـەر ڕوی زەوی پـێ کـاول و وێران دەکا.. بەڵکو بریتیە لە کاریگەری و شونی ئەوانە هەموی لە هەست و سـۆز و قـەوارەی دەرونـی بەگشـتی. جـا ئەگـەر بیگەیەنێتـە بیرۆکەیـەکی فراوانـتر و سەرتاپاگیرتر لە بارەی مرۆڤایەتی و، بیرۆکەی گەورەتر و بەرزتر لـە بـارەی ژیـان، ئەوا بەڕاستی مرۆڤ پێی باڵا دەبێ، بەڵام ئەگەر هەسـتەکانی بـەرەو چوارچێـوەی منانیەتێکی[1] بێزراوی ببا و، روی پێ بکاتە چێژ و خۆشیە برسیەکانی جەستە ئەوا مرۆڤایەتی رو لە داڕوخانە، سەرەڕای ئەو باقوبریقەی کە چاوان لێڵ دەکا)[2]..

بەڵگەی ئەمەش.. بەڵگەی ئەوەی کە پێوەری پێشکەوتنی مرۆڤ مادە نیـە و، پێشکەوتنی زانستی نیە و، ئامرازەکان بەرهەمهێنان نین... ئەو بەڵگەیە بریتیە لە ئەوروپای سەدەی بیستەم.

ئەوروپا لە سەدەی بیستدا گەیشتە ترۆپکی زانست و هێزی ماددی و گـەورەیی بەرهەم کە مرۆڤایەتی لەوەتەی هەیە تا ئەمڕۆ هاوشێوەی نەدیون.

---

١ منانی: أنانی.

٢ لەکتێبی (الانسان بين المادية و الاسلام).

ئەوروپا لە سەدەی بیستدا گەیشتە ئاستێك لە دابەزینی رەوشت و رۆح کە مرۆڤایەتی نە لە جاهیلیەتی کۆن و نەهی تازە لەوە خراپتری نەدیوە.

کاتێك (بەرتراند رەسل)ی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئینگلیز گوتی سەروەرایەتی پیاوی سپی کۆتایی هات، بۆیەی وانەگوت چونکە پیاوی سپی زانستی پێنەما، یا لە پێشکەوتنی ماددی بەتاڵبو، یا لە هەڵکشانی بەردەوام لە جیهانی بەرهەمهێناندا راوەستا، بەڵکو بۆیە وایگوت چونکە پیاوی سپی لە ناوەوەڕا بەتاڵبو، لە بیروباوەڕی چاك بەتاڵبو، لەگیان بەتاڵبو، لە رەوشت بەتاڵبو بە واتا مرۆڤایەتیە فراوانەکەی نەك بەواتا سود گەراییە بەرتەسکەکەی کە ئەمرۆ رۆژئاوا مومارەسەی دەکات.

ئەگەر پێشکەوتنی زانستی، یان بەرهەمهێنانی ماددی، یان شتی دیکە لەوانەی دەکەونە دەرەوەی دەرون کاریگەریەکی گردەبڕیان لە گونجاندنی دەرونی مرۆڤدا هەبێ، ئەوا دەبوایە ئەمرۆ رۆژئاوا بەرەو لوتکەی هەرە بەرزی مرۆڤایەتی بەرزبێتەوە لە هەمو گۆڕەپانێکی رەفتاری مرۆڤدا. ئەو روە رەش و ناشیرنەش نەدەبو کە ئەمرۆ رۆژئاوا پێوەی دەڕوانێتە جیهان:

کێشەی رەگەز و، ئیمپریالیزم و، لێکترازانی رەوشت و، داڕوخانی روحی و، رکابەری بێزراو لەسەر فراوانخوازی و خاوەنداری لەسەر حیسابی رێزی مرۆڤایەتی و، ئەو تۆقینە کاولکارەی جیهان لەترسی شەڕ و لەنێوچوندا تێیدا دەژی.

ئەو درۆ زلەش چەند بێقیمەتە کە دەڵێ ئەمرۆ فرۆکە وڵاتانی جیهانی لە یەکتر نێزیك کردۆتەوە، ئەوجا خەڵك هەستیان بە نزیکی شوێن و یەکێتی مرۆڤ و ئەرکبونی هاوکاری لەنێوان مرۆڤایەتیدا کردوە. یا -هەروەك گوتیان- دنیا لەوە تەنگتر بۆتەوە کە کێشەی تێدا بکرێ!

ئەم درۆ زلە چەند بێقیمەتە. ئەدی خەڵك کە قسان دەکەن لە دەوری خۆیان ناڕوانن؟! ئایا ئەوە ئاشتیە کە ئەمڕۆ جیهانی داگرتوە یا ئەوەی فرۆکە و موشەك لێکی نێزیك کردەوە؟

یان ڕکابەریەکی ناشیرینە کە لە مێژودا هاوشێوەی نەبوە؟

ئەوە هەستەکانن لە ناوەوە و، فرۆکە و موشەك نین.

پاشان بیروباوەڕ مەزنترین شتە لە ژیانی مرۆڤایەتی و، بریتیە لەو بزوێنەرەی کە لە ناوەوەڕا دەرون دەجولێنێ و، بریتیە لە ئاراستەکارێك بۆ پۆلە جیاجیاکانی کردەوە و ڕەفتار و ویژدان.

ئەوجا گەلێك ژیاری ماددی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا تێپەڕیون و، لەنێو چون یا شوێنەواری ڕەق و بێگیان و بەتاڵیان لە ژیاندا بەجێهێشتوە و.. بیروباوەڕ ماون. لەگەڵ ئەو هەمو لاڕێبون و شپرزەبون و شێوانەی تێیکەوتوە. سەرەڕای ئەو هەمو پیسیەی تێڕوانینە گەندەکانی مرۆڤ تێیانخستوە هەرماوە.. هەرماوە وەك دوا پەناگا و تیشکی روناکی بەخش لە تاریکیدا

***

بەهەمان شێوە ڕەوشتیش دۆزێکی جێگیر و نەگۆڕە.

چونکە ڕەوشت -لەلایەکەوە- بریتیە لە پیادەکردنی واقیعی بۆ بیروباوەڕ و، -لە لایەکی دیکەوە- بریتیە لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵك و، ئەمەش بەهەندێك پێوەندی ئەزەلی جێگیرە و حوکمکراوە کە تێپەڕبونی مێژو هیچیان لێ ناگۆڕێ: مەحکومە بە پێکهاتەی مرۆڤ لە مشتەقوڕێکی زەوی و فویەك لە روحی خودا و، گەل و هۆز و نەوەکان کە لە مرۆڤ و هاوسەرەکەی کەوتنەوە.

ئەوە مەسەلەیەكی مێژوییە هەر چەند ڕوداوەكانی مێژو بگۆڕین ئەو ناگۆڕێ. هەر چەند مرۆڤ موشەك و فڕۆكە و سەلاجە و جلشۆر و، مێشكی ئەلكترۆنی و ئامێری ئەتۆمی دابهێنێ، هەرگیز ناتوانی حەقیقەتی پێشوی وجودی خۆی بگۆڕێ، كە خۆی و هەمو خەڵك لەیەك بنەڕەتن و، لەیەك (نەفس)ن.

ڕەوشتیش لەم ڕاستەقینەیەوە هەڵقوڵان و، نەلە داهێنراوە مرۆڤانە پێشكەوتوەكان هەڵقولاوە و، نە لە ژینگەی كشتوكاڵی یان پیشەسازی یان ئەتۆمی. لە ڕەگەزێكی گۆڕاو هەڵنەقولاوە، بەڵكو لە ڕەگەزێكی نەگۆڕ هەڵقولاوە كە خودی قەوارەی مرۆڤایەتیە و، لەگەڵ ئەو ئازوبازەی[1] بونی مرۆڤانە خستویەتیە سەرشانی و، پاشانیش بنچینەیەكی جێگیر و چەسپاوی هەبوە هەر چەند ڕوكەشەكەشی بە گۆڕاوەكان كاریگەر بوبن.

هەر چۆن مرۆڤ لەبیروباوەڕی ڕاست لاڕێدەبێ بەهەمان شێوە ڕەوشتیش لاڕێدەبێ. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ -هەروەك (زانا) بەڕێزەكانی ڕۆژئاوا تێیگەیشتون- كە ڕەوشت هیچ بنچینەیەكی جێگیری نیە! بەڵكو تەنیا واتای ئەوەیە كە خەڵك لە بنچینە جێگیرەكە لاڕێ دەبن كاتێك فریشكیان گەندەڵ دەبێ و لە ڕاستەڕێ گومڕا دەبن.

بەڵكو با وا گریمان بكەین كە مرۆڤ ڕێی ڕەوشتی دروستی نەگرتە بەر لە چەند ماوەیەكی دەگمەن نەبێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. ئەوە هەرگیز وا ناگەیەنێ كە ڕەوشت بەهایەكی گۆڕاوە و بنچینەیەكی جێگیری نیە. تەنیا واتای ئەوەیە كە مرۆڤایەتی هەمیشە لاڕێدەبێ و هەردەم پێویستی بە ڕاستكردنەوە هەیە.

---

١ ئازوباز: تبعات.

نەخۆشیە جەستەییەکان بەردەوام لە هەمو سەردەمەکانی مێــژودا بــەربلاَون و، دەگمەنن ئەوانەی لە ژیانیاندا جارێك یان زیاتر توشی نەخۆشی نــەبن.. ئایــا ئــەوە مانای وایە کە پێوەرێك بۆ تەندروستی نیە و بناغەش بۆ پێوان نیە؟

نەخۆشیە رەوشتیەکانیش بەهەمان شێوە.. بەردەوام لــە هــەمو ســەردەمەکانی مێژودا بلاَو دەبنەوە و، دەگمەنە تاکێك هەبێ لە ژیانی دا جارێك یان پتر دوچــاری نەخۆشی نەبی.. بەلاَم ئەمە مانای وانیە کە پێوەرێــك بــۆ تەندروســتی دەرونــی و بناغەیەك بۆ پێوان نیە..

پێوەریش لە مەسەلەکەدا ئاشــکرایە.. مــرۆڤ -هــەروەك (هێکســلی) دەڵــێ- مرۆڤە و، لە ئــاژەڵ جیــاوازە و، پاشــان دەبــێ قــەوارە مرۆڤانــە جوداکــەی خــۆی وەدیبێنێ و بۆ ژیانی ئاژەڵ لارێ نەبێ و لەرێ دەرنەچێ.

-هەروەك (هێکسلی) دەڵێ- رێکخستن و ویست و ئازادی و هەڵبژاردن لــەنێوان هاندەرەکان و ملکەچ نەبون بۆ پاڵنانی غەریزە، لە سیماکانی مرۆڤن. ئەمانە ئــەو سیمایانەن کە لە ئاژەڵ جیایان کردۆتەوە. ئەگەر بەکاریان بێنێ مرۆڤێکی بــەرز و، خاوەن رەوشتە. ئەگەر لێشیان لارێ بێ ئەوە بەرەو خوارەوە دادەکشــێ.. هــەر بــە هەڵەکاریش دادەنرێ ئەگەر هەزار ســاڵیش لــە هەڵەکــەی بــەردەوام بــو، مــادام - هەروەك زانست دەڵێ- توانای وەدیهێنانی سیماکانی مرۆڤ لە کەیانیدا هەیە.

بەلاَم ئەم حســێبە ســاکارە زانایــانی ئــەوروپای مــاندو کــرد و تێگەیشــتنیانی سەراسیمە کرد کاتێك بروایان بــە ئــاژەڵێتی مــرۆڤ هێنــا.. چونکــە ئــاژەڵ -لــە واقیعدا- ترازوی جێگیر و، پێوەری رەوشتی نیە.

* * *

دۆزی نەریتەکانیش ڕەنگە کەمێك جودابێ.. بەڵام لەڕاستیدا جیاوازیەکی گەورە نیە.

نەریتەکان لە بنەماکانی ڕەوشت نەرمترن، چونکە پیادەکردنێکی ڕەفتاری بیرۆکەی ڕەوشتن و، گەلێك جار قالبەکانی ڕەفتار جۆراوجۆر دەبن ئەگەر چی بنەما و ئامانجەکانیش یەکگرتوبن، پاشان نەریتەکانیش -لە ڕواڵەتدا- پابەندی قالبی دیاریکراو نین و، بەدرێژایی مێژو زۆرجاران دەگۆڕێن.

گۆڕانی نەریتەکانیش لە خودی خۆیان زیانبەخش نین و، گیروگرفتێکیش نیە پێویستی بە چارەسەربێ.

بەڵکو ئەوەی هەردەم مایەی زیان بێ دەرچونی نەریتەکانە لە بنەما و ڕێکارە ڕەوشتیەکان و بریارەکانی بیروباوەڕ و بڕوابون بە خودا.

کە لاوێك دەچێتە داخوازی کچێك، پاشان نەختەکەی دەدا کە بریتیە لە خۆڕاگرتن بەبێ دەنگی لەبەر سەد قامچی، یان بریتیە لە سەد سەر چێل کە دەیداتە کەس و کاری کیژەی، یا سەد دینارە، یا هەردو بنەماڵە مەسرەفەکە دەکێشن.. جەهازەکە بۆ خۆی دێنێ یا خێزانی بوك بۆی دەهێنن، یا بوك و زاوا ڕێدەکەون بۆ ئامادەکردنی.. ئەمانە هەموی نەریتن و دەگۆڕێن و، زیانیش لە گۆڕانیاندا نیە.. بەڵکو زیان لەوەدایە کاتێك نەریتەکان لە خودی بیرۆکەی زەواج دەردەچن و، دەبنە داوێنپیسی.. بەڵام چ داوێن پیسیەك..

هەروەها کە دایك بچێتە خوازبێنی یا پیرەژنێك، یا کورە بۆخۆی بچێ.. هەموی نەریتن دەگۆڕێن، زیانیش لەوەدا نیە کە دەگۆڕێن. بەڵام زیان لەوەدایە کە خوازبێنی نەمێنێ، بەڵکو کچ و کوڕ بۆ ڕابواردن بەشێوەی ئاژەڵان بگەنە یەکتر.

بنەماڵەش لە باپیران و باوان و کوڕان و نەوەکان پێکـدێ، وەك ئـەو قوچەکـەی بنچینەکەی بەبێ کۆتـا فـراوان دەبـێ.. یـا تـەنیا ژن و مـێرد و منداڵـەکانن و.. خەزووریش لەناو ماڵ یا لە دور دەژی و.. دایك بە ئامۆژگاری دێتە نێوان یا واز لـە هەردوو هاوسەران دێنێ بۆ خۆیان پێکبێن.. هەمو نەریتن و دەگۆڕێـن و، زیـانیش لەوەدا نیە بگۆڕێن. بەڵکو زیان لەوەدایە کە پەیوەندیەکانی خێزان بپچڕێـن لەبـەر هۆکاری عـاتیفە یا هۆکاری ئابوری یا رێکخستنێك کە دەوڵـەت دایـەزرێنێ.. یـا لەبەر هەر هۆکارێکی تر بێ.

جا کەواتە نەریتەکان -لەگەڵ نەرمیان- لە بنەما جێگیرەکانی قەوارەی مـرۆڤ بەدەر نین کە: رەوشت و بیروباوەڕن، دەنا دەبنە لارێبون و مایەی ئـەنجامی حـەتمی، ئەگەر چی عورفیش قبوڵی بکا و، کتێبی ملەستوری وەك بڕوبیانو بۆ دابنرێ!!

❊❊❊

ئەوە چیرۆکی گەشەسەندن بو لەوێنە مەعقولەکەیدا کە واقیع پاڵپشـتی دەکـا. نەك لەو وێنە شێتەی کە لەو ماوەیەی دوایی لە ئەوروپادا خەڵکی فریو داوە.

جەوهەرێکی نەگۆڕ و وێنەگەلی گۆڕاو.. لە گەردون و ژیان و مرۆڤ بێجیـاوازی و، گۆڕانی بەردەوامیش بنەما نەگۆڕ و چەسپاوەکان لانابا و، مرۆڤ بەرەڵڵا ناکـا، تا لەزەوی گەندەڵی بکا و بۆ نێو قوڕەشینی ئاژەڵێتی بچێتە خوار و، ئینجا بشـڵێ کەوا گەشە دەکا و پێشدەکەوێ.

هەرچی (حەتمیەتی) گەشەسەندنیشە ئەوە تائێستاش فیتنەیەکی کارەساتە!

لە لێکدانەوەی ماددی بـۆ مێـژودا ئـەم حەتمیەتـە دیـار و بەرجەسـتەیە، کـە قۆناغەکانی حەتمیەتی گەشەسەندن دیاریدەکا و، بەراشکاوی دەڵێ: هیچ پـەیوەندی بە ئیرادەی مرۆڤەوە نیە!

تەنانەت ئەوانەی لە ئەوروپا تەواو بڕواشیان بە لێکدانەوەی ماددی نیە -کە کەمینەی هەرە کەمن- ئەوا لە لایەنێکی دیکە بڕوا بە حەتمیەت دێنن، لایەنی لاوازبونی تاك بەتەنیا و، کەنەفتی و دەستەوەستانی لە ئاست ڕوبەڕوبونەوەی کۆمەڵگە و، لەڕوی ئەو گەشەسەندنە (حەتمی)ەی کە لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخەکان دروستدەبێ.

هەردوکیان بڕوایان بە سلبیەتی مرۆڤ هەیە!

(داروینیزم)یش هۆکاری ڕاستەوخۆی بڕوابون بەو حەتمیەتە بو، چونکە هێڵێکی دیاریکراوی بۆ گەشەسەندن کێشا، پاشان گوتی: بونەوەری زیندو ناتوانێ لەبەر ئەو فشارە دەربچێ کە گەشەسەندن دەیخاتە سەری و، ناچارە وەرامی بارودۆخی ژینگەی دەوروبەری بداتەوە و.. هەر ژینگەشە ڕێگای بۆ وێنە دەکێشێ.

لێکدانەوەی ماددی مێژوش لەوە زیاتری نەکرد کە حەتمیەتەکەی بۆ بواری مرۆڤ گواستەوە -وەك یەکێك لە جۆرەکانی ئاژەڵ- و بەسەر هەمو ڕەنگە چالاکیە تاکە کەسی و کۆمەڵایەتیەکان پیادەی کرد و گوتی هەر ئەمە تاکە لێکدانەوەی زانستی ڕاستە!

بەجۆرە لێرەشدا دەبینین کە مەسەلەکە لە کۆتاییدا هەر لە ئاژەڵێتی مرۆڤەوە هەڵقولاوە!

هێندەش بەسبو کە بۆ قسەی (جۆلیان هێکسلی) بگەڕێینەوە بۆ باگۆدانەوەی[1] بانگەشەکانی لێکدانەوەی ماددی بۆ مێژو کاتێك لە بارەی تاکێتی مرۆڤ دەڵێ: ((لە کۆتاییدا مرۆڤ لە چۆنیەتی گەشەسەندنیدا هاو نمونەی لە نێوان ئاژەڵە باڵاکاندا نیە)) یان دەڵێ: ((مرۆڤ خاسیەتێکی دیکە بایۆلۆجی هەیە، کە بریتیە

---

١ باگۆدانەوە: ڕد.

لە تاکایەتی مێژوی گەشەسەندنی)). یان دەڵێ: ((هەرچی مرۆڤە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە ڕەفتارەکانیدا ئازاد بوە —ئازاد لە وەرگرتن و لە بەخشینیشدا..)) یان دەڵێ: ((بەڵام مرۆڤ بەشێوازێك گەشەسەی سەند کە وای لێکرد لە دەست هەندێك لە جۆرەکانی ڕکابەری دەربازبێ، لەگەڵ کردنە بەندەی جۆرەکانی دیکە و، ڕێکخستنی بارە سروشتی و بایۆلۆجیەکان لە زۆرینەی بەشە وشکانی گۆی زەوی)).

واتە.. مرۆڤ هێزێکی کارای پۆزەتیفە، نەك هێزێکی نێگەتیڤ..

هێندە بەسبو تەنیا بۆ ئەم قسانە بگەڕێینەوە تا باگۆی ئەوانە بدەینەوە کە باسی حەتمیەتی گەشەسەندنی مرۆڤ دەکەن، ئەو حەتمیەتەی کە بە ڕاشکاوی دەڵێ: مرۆڤ تواناى هەڵسوکەوتی نیە و، ویستی لەو ڕوداوانە نیە کە بەسەری دێن!

بەڵام ئێمە بە هێندە واز ناهێنین و.. هەنگاوێکی دیکەش هەڵدێنین.

لێکدانەوەی ماددی بۆ مێژو و حەتمیەتی گەشەسەندن.. ڕاستەقینەن! ڕاستەقینەیەك کە مایەیەکی لە مێژوی دورودرێژی مرۆڤدا هەیە! بەڵام لەیەك باردا. ڕاستەقینەیە کاتێك مرۆڤ ڕەشکردنەوەی قەوارەی خۆی (هەڵدەبژێرێ) و، خۆی دەداتە دەست ڕوداوەکان! ئەو کاتە نابێتە هێزێکی ئیجابی و، هیچ کێش و حیسابێکی نابێ و، ئەو کاتە دەبێتە بڕێکی سالیب و هەمو شتێك دەست لە کاروباری وەردەدا و، ئەمیش لە هیچ شتێکدا هەڵسوکەوت ناکا!

ئەمەش هەندێ جار ڕودەدا! لە ئەوروپا لەم دوسەدەیەی دواییدا ڕویدا کە مرۆڤ خۆی لەبەر یەك تاکە شەپۆلی گەندەڵی نەگرت، بەڵکو خۆی دادەست شەپۆڵەکە، تا لە کۆتاییدا پیاوی سپی تێیدا نقوم بو!

بەڵام تەنیا لەخۆبایی بونی ئەوروپی وایە کە مێژوی مرۆڤایەتی بەو روداوانە لێکدەداتەوە کە لە ماوەی سەدە و نیوێکدا لە ئەوروپا رویاندا، لە ماوەیەکی نسکۆ ئامێزدا کە هەرچی تێیدا رویدا ئەوەبو کە ئەوروپا بە بێبڕوایی لەژێر دەسەڵاتی زۆردارانەی کڵێسا چوە دەر و، خۆی دایە دەست شەیتان!

ئێستاش بۆ شوێنێکی دیکە لە زەویدا و، بەشێکی دیکەی مێژو دەگوازینەوە و دەچین بۆ جەرگەی حوکمی ئیسلامی.

چ هێزێکی ماددی.. چ گۆڕانکاریەك بو لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان.. لە دورگەی عەرەبی و لەهەمو جیهاندا.. کە -بەشێوەیەکی حەتمی- بوە هۆی دەرکەوتنی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ کە بانگەوازی بۆ ئەم ئیسلامە دەکرد و موژدەی ئاینە نوێیەکەی دەبەخشی؟

دەڵێن عەرەب لە جەزیرەی عەرەبیدا لە دۆخی (هۆز) دەرچوبون و بەرەو ئەوە هەنگاویان دەنا کە ببنە نەتەوە.. بۆیە دەرکەوتنی موحەممەد ﷺ مەسەلەیەکی سروشتی بو و لەگەڵ سروشتی روداوەکان دەگونجا و، وەرامدانەوەی حەتمیەتی گەشەسەندن بو.

لەگەڵ ئەو سازاندنەی لەو قسەیەدا بەدی دەکرێ، تا لە مشتومڕ دورکەوینەوە دانی پێدا دەنێین!

لە هۆزەوە بۆ نەتەوە.. مەعقوڵە!

بەڵام ئایا ئیسلام ئاینی (نەتەوەی عەرەب) بو!؟

چۆن تەنیا ئاینی عەرەبان بو لە کاتێکدا -لە مەککە- پێش چونی بۆ مەدینە و، پێش دامەزراندنی دەوڵەت و، پێش کۆبونەوەی پشتیوانان و، پێش کۆکردنەوەی هێزی ماددی و توانای جێبەجێکردن.. تەنانەت پێش ئەوەی بێجگە لە چەند

کەسێکی بێ جێ و ڕێ و پەرتەوازە لە دەشت و دەر بڕوای پێ بێنن، کە لە لایەن خزم و کەسانەوە ڕاونرابون، ویڵ و سەرگەردان بەبێ پارێزگاری و بێهیوا لە داهاتوی نێزیك سەرەڕای داهاتوی دور.. چۆن وابو کە لەو بارودۆخەدا لە سورەتی (قەلەم) کە لەو سورەتانەی قورئانی پیرۆزە کە لە سەرەتا دابەزیون دەربارەی قورئان دەفەرموی: ﴿وَمَا هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ: قورئان بیرەوەریەکیشە بۆ هەمو خەلکی دنیایە.﴾.

هەروەها لە سورەتی (سەبەء)ی مەککەیی ڕاشکاوانەتر دەفەرموێ: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا: ئێمە تۆمان بۆیە نارد کە بۆ گشت خەلکی سەرزەمین مژدەدەر و ترسێنەر بی.﴾السبأ/٢٨.

هەروەها لە سورەتی (ئەعراف)ی مەککەیشدا دەفەرموێ:

﴿قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا: بلێ: خەلکینە؛ ئەمن پێغەمبەری خودام بۆ ئێوە هەموتان.﴾الأعراف/١٥٨.

پاشان ئایا ئیسلام ئاینی (نەتەوەی عەرەبی)بو کە پێغەمبەری ئیسلام دەیفەرمو: ((النَّاسُ سَوَاسِيَةٌ كَأَسنَانِ المِشط، لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ إِلَّا بِالتَّقْوَى: خەلك وەك ددانی شانە یەکسانن، عەرەبێك هیچی لە عەجەمێك زیاتر نیە مەگەر بەتەقوا؟))

ئایا ئەمە بانگەوازی پێکهێنانی نەتەوەیە، یان بانگەوازێکە بۆ تێکڕای (مرۆڤایەتی) هەر لە یەکەم هەنگاوی ڕێگاکەیەوە؟!

ئایا حەتمیەتی مێژویی ئاوایە ئەی ئەوانەی ئارەزوتان لێکدانەوەی ماددیە بۆ مێژو؟ لە هۆزەوە بۆ مرۆڤایەتی لەماوەی چەند سالێکدا؟!

نەتەوەکان لە هۆزەکان پێکدێن.. بەلام ئایا ئەم هەنگاوە سیستەمە فیکری و

عەقیدی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان دەگۆڕێ.. بەبێ گۆڕانکاری ماددی و گۆڕان لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان؟

لۆژیکی ژینگە[1] نەبو ئەو لۆژیکەی ئیسلام هێنای.. بەڵکو ململانێکە -یەکجار- درێژ بۆوە لە نێوان لۆژیکی ژینگە و لۆژیکی ئیسلامی، هەتا بیروباوەڕە نوێیەکە بەو هەمو هێز و ڕەگەزە چاك و باڵا دەستانە زاڵبو و پاشەکشەی بەلۆژیکی ژینگە کرد و، لە دەروناندا دوایخست.

لۆژیکی دەوروبەر لە بەهای ئافرەتی کەم دەکردەوە و لە ریزی ئاژەڵانی دادەنا، جا هەر بە کۆرپەیی لە چاڵ دەنرا و، بە قێز و کینەوە پێشوازی لێدەکرا و، بەکیژینی زەلیل دەکرا و، بە ژنێتیش وەك هەر شتێکی دیکە بە سامان(موڵك) دادەنرا. خودی ئافرەتیش لەم دۆخ و بارەی تورە نەبو، کەسێکیش لە پیاوان نەبو داوای بارێکی دیکەی بۆ بکا. نە لە دورگەی عەرەبی و، نە لە هیچ شوێنێکی دیکەی سەر زەوی.

ئیسلامیش هات و گوتی ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً: هەرکەسێ کرداری باشە و بەباوەڕە-چ نێر، چ مێ- هەتا دەژی وا دەکەین بەخۆشی بژی.﴾النحل/٩٧.

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ: پەروەردگارتان ئاوا بە دەنگیانەوە هات، کە: من کردەی هیچ مرۆڤێك-لەنێر و مێ- بەبێ پاداش ناهێڵمەوە؛ هەمو لەلای من چون یەکن.﴾آل عمران/١٩٥.

هات و فەرموی: ﴿عَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ: بەچاکە لەگەڵیاندا بژین.﴾ ئەوجا

---

١ لۆژیك: منطق. ژینگە: بیئة.

بنەما و یاسا و ئاراستەکردنی بۆ ئەو چاکە کاریە دانا.

هەروەها هات -لەپاڵ یەکسانبون لە مرۆڤایەتی و، یەکسانی لەلای خودا- مافی مولکداری بە ئافرەتان دا: ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ : لە کەلەپوری دای و باب و خزمی نزیك- کەم بێ یان زۆر- نێرینە بەشی خۆی هەیە و مێوینەش تیا بەشدارە.﴾النساء/٧.

﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ: پیاوان بەپێی کۆشش و کردەوەی خۆیان، ژنەکانیش بەرامبەر بە کردەوەیان -هەرکام- بەشی خۆیان هەیە.﴾النساء/٣٢.

ئەمەش مافێکە هەتا سەدەی بیستەم فەرەنسا نەیدابوە ژنان.

لۆژیکی ژینگە لۆژیکی زاڵبونی خاوەن هێزبو نەك خاوەن حەق، گۆڕانی عەرەبیش بۆ نەتەوە -بەشێوازێکی حەتمی- ئەو لۆژیکەی پێ نەدەگۆڕا، چەندیشن ئەو نەتەوانەی تا ئەم ساتەی سەدەی بیستەم ئەم لۆژیکەی تێدا باوە!

ئیسلام هات و مافی دا گشت خاوەن مافێك، تەنیا بەهۆی مرۆڤایەتیەکەی، نەك بەهۆی هێز و دەسەڵات، تەنانەت گەر موسڵمانیش نەبێ مادام لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەژیا و، نۆ ئایەتیش لە سورەتی (نیساء) دابەزی تا جولەکەیەك بێبەری کا لەوەی کە بە زوڵم تۆمەتبار کرابوو، چەند پیاوێکی خاوەن پشت و بەهێزی مەدینەپیلانیان لەدژ دانابو، لە کاتێکدا ئەو چ پشت و پەنایەکی نەبو.[1]

---

١ سورەتی (النساء ١٠٥-١١٣) لە یەکێك لە ئایەتەکانیشدا وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو جولەکە بێتاوانە دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدْ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا: هەرکێ بە هەڵە یان بە قەست، تاوانێکی لێ رویدا و بیخاتە سەر بێگوناهێك، ئاشکرا باری تاوانی بوختانی لەسەر شانە.﴾النساء/١١٢.

لۆژیکی ژینگە وابو کە هێندە ڕێزی سەرۆك هۆزی -یا پاشـا کـاتێك نەتـەوەی پێکدەهات- دەگرت تا دەیکردە خواوەندێـك و چـی دەکـرد لێـی نـەدەپێچراوە و، ئەمەش ئەو کات لۆژیکی هەمو دونیا و حوکمرانانی دنیا بو، جا گەر ئیسـلام وای لەم نەتەوەیەی کرد بگاتە ئاستی لوتکە لە هۆشیاری سیاسی کە وا لە تاکێکی نێو عەوامی موسڵمانان بکا کە بە هێژاترین جێنشین لە مێژوی ئیسـلامدا -عومـەری کوڕی خەطاب- بڵێ: ((سوێند بەخوا ئەگەر خواریەکت لـێ ببینین بەدەمی شمشـێر راستت دەکەینەوە))! ئەوجا وا لە عومەریش دەکا کە بۆخۆی لەو قسـە بوێرانەیـە توڕە نەبێ، بەڵکو ستایشی خودا بکا!

هەروەها لۆژیکی ژینگە وای لە بەخشندەیی عەرەبان کردبو کە لەو ڕێزلێنـان و بەخێر هێنانەدا کورت هەڵێ کە کاروانەکان ڕێ و ڕێ باسیان بکەن و، بەکەڵك خـۆ هەڵدانەوەی نێو هۆزەکان بێ، بەڵام سۆز بەرامبەر فەقیر و هەژاران، ئەو سۆزەی لە سەرچاوەیەکی تەواو مرۆڤانەوە هەڵدەقوڵا و بە ئامانجی ئارەزویەك یا شانازیەك یـا خۆهەڵکێشانێك نەبو، مەسەلەیەك بو بـە دەگمـەن لـەو ژینگەیـەدا ڕویـدەدا! جـا ئیسلام هات زۆر بەتوندی داوای ئەوەی دەکرد لەماڵی خودا (ماف)ی هەژار بـدرێ و، ڕێزی لـێ بگیرێ و، سۆزی بـۆ بنوێـنرێ و، دڵـی بدرێتـەوە، تەنانـەت ئیسـلام ئەمەی کردە فەرمانەك بۆ خودی پێغەمبەری خوا ﷺ کە هـەرگیز پێویسـتی بـەو فەرمانەش نەبو: ﴿فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلاَ تَقْهَرْ، وَأَمَّا السَّائِلَ فَلاَ تَنْهَرْ: سـا تـۆش هـەتیو مەڕەنجێنە، دەرۆزەکـەر مەتارێنـە.﴾الضحی/٩-١٠. بـەڵام کـە ئـەو فەرمانـەی ئاراستە کرا بۆ ئەوە بو کە گرنگێتی و بایەخەکەی دەرکەوێ و بزانرێ کە ئەرکـە و دەبێ جێبەجێ بکرێ.

هەروەها لۆژیکی ژینگە -و لۆژیکی هەمو جیهان لەوان ڕۆژانەدا- گـەورەکانی بە گەورە دادەنا و بەندەشی دەهێنا ئاستێکی نێزیك لە پلـە و پایـەی ئـاژەڵ، بـێ

ژمار سوکایەتی پێ دەکرا و ئەشکەنجە دەدرا و دەکوژرا.

ئیسلامیش هات و کچە پلکی پێغەمبەری خوا -کە قورەیشی بو- کردی بە خێزانی زەید.. کە بەندەیەکی ئازادکراو بو، هات ئەو کۆنەبەندەی کردە سەرکردەی سوپایەك کە ئەبوبەکر و عومەری وەزیران و جنێشینانی پێغەمبەری تیادا سەرباز بو.

پێغەمبەری پایەدار دەفەرموێ: ((مَنْ قَتَلَ عَبْدَهُ قَتَلْنَاهُ وَمَنْ جَدَعَ عَبْدَهُ جَدَعْنَاهُ: ئەوەی بەندەی خۆی بکوژێ دەیکوژین و، ئەوەی بەندەی خۆی هەتك بکا هەتکی دەکەین.)). ئەمەش بۆیە نەبو کە یەکێك داوای ئەو ڕێزلێنانەی بۆ کردبن..

. لەبەر ئەوەش نەبو کە باری ئابوری یا پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان یان ماددەکانی بەرهەم کەمترین گۆڕانکارییان بەسەر هاتبێ!

هەروەها لۆژیکی ژینگە باوەڕی بە مولکداری تاکەکەس هەبو بە ڕەهایی لە هەمو کۆت و پێوەندێك و، دور لە هەمو یاسایەك.

ئیسلامیش هات بە سیستەمێك ئەو مولکدارێتیەی ڕێکخست کە تا سەردەمی ئێستا جیهان نەگەیشتبوە بەشێکیشی، ئەمیش پاشنەوەی بە دۆزەخی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری داخ بو و ئازاری چەشت، ئیسلام هات و گوتی مالّ مالّی خودایە و کۆمەلّیش نمایندەیە و، تاکیش تیایدا فەرمانبەرە، بەچاك ئەنجامدانی و بەجێگەیاندنی مافەکانی شایستەی دەبێ، بەلاّم ئەگەر گوێی نەدایێ و مافەکەی بەجێنەگەیاند بۆ کۆمەلّ دەگەڕێتەوە کە یەکەم خاوەن مافە لەو مالّەدا، ئەوجا دەقێکی هاوردوە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ﴿كَيْ لاَ يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ: نەك ببێتە سەرمایەی ئالوگۆڕکردن لەنێوان

دەوڵەمەندەكانتان.﴾الحشر/٧.

جا لۆژیكی ژینگە بەمشـێوازانە و هیدیكـەش بـوە.. ئیسـلامیش هـات ئـەو لۆژیكەی ڕەشكردەوە و لۆژیكـی دیكـەی تـەواو دوری لـەباتی دانـا، تـەواو بـەو ژینگەیە و هەمو ژینگـەكانی دیكـەی ئـەو ڕۆژان نـامۆ بـو، قسـەكانیش ناكاتـە مـەبدەئی (نمونـەیی) هەڵواسـراو لـە بۆشـایی دا، بـەڵكو كردیـە واقیعێكـی هەستپێكراوی وا لەو مرۆڤانە ڕەنگی دایـەوە كـە لەسـەر زەوی دا دەژیـان و روی دڵیان لە ئاسمان بو!

جا ئەمە چۆن رویدا؟

چ حەتمیـەتێكی مێژویـی و چ لێكدانەوەیـەكی مـاددی دەتوانـێ ئـەو سـەیر و سەمەرەیە لە مێژوی مرۆڤدا لێكداتەوە؟!

یەك شت هەیە دەكرێ لێكبدرێتەوە.

كاتێك مرۆڤ بڕوایەكی ڕاستەقینە بەخودا دێنێ و بیروباوەڕێكی دروسـت دڵـی دادەگرێ. ئەو موعجیزانە دروست دەكا!

مرۆڤ گەورەترین هێزی سەر ڕوی زەویە ئەو كاتەی باوەڕ بە خودا بێنێ. چونكە ئەو كاتە دەبێت وزەیەكی ئاراستەكراو. دەبێتە هێزێكی كارا و خاوەن ویست لەسەر روی زەوی -بە ئیزنی خودا- چونكە مرۆڤ جێنشینی خوایە.

خوداش بە خەڵكی دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ: هەرچی لەناو عاسمانەكان و زەمیندان، هەمو هی ئەون، ئەو بۆ ئێـوەی كەوی كردون.﴾الجاثية/١٣.

خوا -ی پاك و بەرز- بۆ خەڵكی ڕامكردوە. كەواتە هەرچی هەیە بـە مۆڵـەتی خوا بۆ خەڵكی ڕام و كەویە، بۆ وان دەستەمۆیە واتـە مـرۆڤ ئـەو هـێزە كارایـەن

دەتوانن هەڵوێست وەرگرن، نەك ئـــەو بـڕە نێگەتیڤـەی هـەمو شـتێك دەسـت لـە کاروباری وەردا و بۆ خۆی دەست لە کاروباری هیچ شتێك وەرنەدا!

ئەوە باری ڕەوای مرۆڤە. ئەوە شوێنی شایستەیەتی. ئـــەو شـوێنەی شایسـتەی جێنشینی خوایە لە زەویدا.

جا کاتێك مرۆڤ بەئاگا دێتەوە و شوێنی شیاوی خۆی دەناسێ، چیدی ناچێتەوە بەر ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەری هەیە و ئەو کاریگەری نیە، بەڵکو دەبێتە هێزێکی پۆزەتیڤ -بەلای کەمی- لەگەڵ هێزە ماددیـەکان کـارێك دەکـا. ئەگـەر نەشڵێین بەسەریدا زاڵ دەبێ و دەستەمۆی دەکا.

هەر بەتەنیا هێزی ماددیش نیە کە ئیسلام بۆ هەڵوێستی نێگەتیف و پۆزەتیـف لە ئاستیدا ئاراستە دەکا.

بەڵکو بەهەمان شێوە بارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و یاسایی و مێژویی و روحیەکانیشە.. لەگەڵ هەمو چالاکیەکانی مرۆڤایەتی.

﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِـــــهِمْ: خـوا لـو هیـچ گـەلێك ناگۆڕێ، تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن.﴾الرعد/١١.

ویستی خوا وای خواستوە، لە چاکـە و بەخشـندەیی خـۆی -کـە مـرۆڤ ببنـە ماددەی کاری سەر زەوی و، ببنە ماددەی گۆڕانکـاری. مرۆڤـە کـە کـار دەکـا و، مرۆڤە کە بەرهەم دێنێ و، مرۆڤە کە سیستەمان دادەمەزرێنێ و بارەکـان دێنێتـە ئارا و، هەر مرۆڤیشە کە واقیع دەگۆڕێ و.. گۆڕانیش ویستی خودایـە و، خـوداش دەستەوەستان نیە لەوەی باری خەڵکێك بگۆڕی بێئـەوەی خۆیـان بگـۆڕن، چونکـە ئاسمانەکان و زەوی هەرچی تێیاندان مولکی وین و، هەر خوا بەسـەر بـەندەکانیدا زاڵە و، تاکە مشورگێڕی هەموانە و بەچی بیەوێ و چۆنی بوێ هەڵیاندەسـوڕێنێ..

بەڵام ئاوای خواستوه.. كە مرۆڤ ئەندامێكی ئیجابی بێ لە ژیاندا و، گۆڕانكاریش بە ویستی مرۆڤەوە بەند بێ، لە ڕێگای ئەوەوە بێتە دی، لەویڕا بێتە ئارا و، دەگەڵ هەمو قەوارەكەیدا، لە كار و فیكر و هەستونەستی تێكەڵ ببێ.

چ ڕێزلێنانێك لە سەرەوەی ئەم ڕێز لێنانەیە؟

لەگەڵ ئەمەش مرۆڤ خۆی پەنا دەدا و پاشە كشە دەكا و، خـۆی لـە جێگـەی ئاژەڵ و بێگیان دادەنێ و، خۆی بەردەداتەوە تا ڕوداوەكان بیهاژۆن و بەخۆی ڕەوتی ڕوداوەكان ناكێشێ.

نەخێر! كاتێك وادەكا كە بڕوای بەخوا نـەبێ و، حەقیقـەتی خۆشـی نەناسـێ و بڕوای پێ نەبێ.

بەڵام كـاتێك بـڕوا بـە خـوا دێنـێ و بـڕوای بـە خـۆی دەبـێ ئـەوا حەتمیـەتی گەشەسەندن بەدوای ناكەوێ و، نە بۆ لێكدانەوەی ماددی مێژو ملكەچ دەبێ و، نە بۆ هیچ لێكدانەوەیەكی دیكە جگە لە لێكدانەوەی مرۆڤانەی تەواو، كە مرۆڤ لـە هەڵوێستی ئاراستەكاری كارای خاوەن ویست دادەنێ.

ئەگەر ئەوروپاش بڕوای بە خوا هەبوایە و، بڕوای بە مرۆڤایەتی مرۆڤ هێنابـا، لێنەدەگەڕا ڕوداوەكان لەوێدا بەم ئاراستەیە بڕۆن و، ڕا و ئاراستەیەكی دیكەی دەبو و، توانای ڕاوەستانی لەبەردەم نسكۆی (حەتمی) لەخۆی بەدی دەكـرد كـە ڕەوشـتی گرتۆتەوە و كۆمەڵگەكەی لێكترازاندوە و، شۆڕشی پیشەسازیش یا شەر یان ڕوداوی دیكە نەیاندەتوانی بەو شێوە توندە لەبار یەكی ببـەن كـە مـاڵوێرانی و كاولكـاری بەسەربەخۆی و دنیادا هێنا.

* * *

جا مەسەلەکە هەر چۆن بێ.. ئەوە ئەو چیرۆکە بو کە بە داڕوخانی رەوشت و نەریتەکان کۆتایی هات و، ئەو (روداوانە) بون کە بەلای کەمی ئەو داڕوخانە لێک دەدەنەوە -ئەگەر نەبن بەبیانوش بۆی.

بەڵام ئێمە؟ ئەدی ئێمە بارمان چۆنە؟ چ (روداوێك) لە ژیانی ئێمەدا رویدا ببتە بیانوی ئەو داڕوخانەی کە لە دەستی دەناڵێن. یا بەلای کەمەوە لێکی بداتەوە؟ چیە بێجگە لەو کۆیلایەتیەی بۆ رۆژئاوای ئیمپریالیست لەناخماندا ڕەگی داکوتاوە کە هاتوە بۆ ئەوەی ئاین و رەوشت و نەریتەکانمان بڕوخێنێ و، تا بۆخۆی هەر سەروەر و دەسەڵاتدار بێ؟

ئایا هیچ هۆکارێکی راستەقینەی دیکە دەمانگەیەنێتە ئەو خاو و خلیچکی و شل و شۆق بون و سەرەو لێژبونەوەی ئێستا تێی کەوتوین؟

ئایا هیچ هۆکارێکی دیکە هەیە.. با راشکاوبین!

با ڕاشکاو بین

با راشکاو بین!

با لەگەڵ خۆماندا راشکاوبین لە ئاست هەڵوێستمان بەرامبەر ئاین و رەوشت و نەریتەکان.. بۆ لە واقیع هەڵبێین و سەری خۆمان لەنێو زیخەڵاندا نقوم کەین..؟ بۆچی خۆمان دەسخەڵەت دەین و خۆ بە درۆیان هەڵواسین؟

یان.. بۆ بەقەستی درۆ بکەین و خەڵکی دیکە گومڕاکەین؟

با راشکاو بین!

* * *

ئایا هیچ هۆکاری (بابەتی) هەن بۆ ئەو لەباریەکچونە رەوشتیەی کە ئەمڕۆ مومارەسەی دەکەین.. یان ئەگەر دەربڕینێکی بەرامبەریان بەکارهێنا: ئایا (بەرەلایی)و دەربازیون لە هەمو کۆتێك هۆکاری بابەتیانەی هەیە؟

ئەوروپا لەبەر زۆر هۆکار کە پێشتر باسمانکرد لێکترازا.. بەڵام ئەمە نابتە بیانوی بێڕەوشتی و، شەرعیەتی ناداتێ و، لە تاوانی ئەو دابەزینە ئاژەڵانەیە کەم ناکاتەوە کە ئەمڕۆ ئەوروپا مومارەسەی دەکا، بەڵکو تەنیا ئەو هەڵوەشانەوەیە (لێکدەداتەوە) کە رویدا.

ئەدی ئێمە بۆچی لێك هەڵوەشاینەوە؟

ئەو (روداوانە) چ بون ئێمەیان توشی لێکترازان کرد؟

ئایا ئێمەش کلێسایەکمان هەبو بە نوستویی و وەئاگایی شوێنمان کەوێ و خاوەی[1] قورسمان لێوەرگرێ و زەبونانە ملکەچی پیاوانی دینیمان بکا و، لێمان حەرام کا بیر لە گۆئاسایی زەوی، یا لە پایەی مرۆڤ لە گەردوندا، یا لە دادگەری کۆمەلایەتی، یا رژێمە سیاسیەکان بکەینەوە، یان بە زانستە کرداریەکانی وەك نوژداری و فەلەك و سروشت و کیمیا و روەکزانی و ئاژەلناسی خەریك بین، یا بەدنیادا بگەڕێین بۆ بژێوی پەیداکردن؟

ئایا هزری ئاینی وامان هەبوە کە بیرۆکەی گەشەسەندن لە گەردون و ژیان و مرۆڤ رەتکاتەوە.. جا کاتێك بیری گەشەسەندن بەرەو رومان هات ئاینمان وەلانا و لەگەڵ گەشەسەندنی زانست بەرەو (گەشەسەندن) چوین؟

ئایا بە درێژایی هەمو مێژوی ئێمە دژایەتیەك لە نێوان ئاین و زانستدا هەبو وەك ئەوەی لە ئەوروپا رویدا، یا هەر لە ویژدانی ناوەوەمان لێکدورکەوتنەوەیەك لە نێوان مرۆڤ و خوادا رویدا، هەروەك لە ویژدانی ئەوروپیدا، لە ئەفسانەی (پرۆمیثیوسی)ی ئاگر دزدا هەیە؟[2]

جا ئەگەر ئەوروپاش بەهەر هۆکارێك بێ بڕوای بە ئاژەڵێتی مرۆڤ هێنابێ، ئایا رۆژهەلات بە رۆحانیەتە رەسەنەکەی و بیروباوەڕە رەگاژۆکەی و رەسەنایەتی لە

---

١ خاوە: سەرانە، الإتاوة.

٢ ئەمە ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆنە ململانێی نێوان مرۆڤ و خواوەندان لەسەر ئاگری پیرۆز (زانین) دەردەخا. مرۆڤ ئاگریان دزی و خواوەندان لەپای ئەوەدا زۆر ئەشکەنجەی بە ئازاریان دان. لەگەڵ ئەوەی ئەمە ئەفسانەیەکی بتپەرستی بو بەلام لە نەست (لاشعور)ی ئەوروپیدا بەقوڵی رەگی داکوتا و هەستی راستەقینەی ئەوانی بەرامبەر خوا رێکخست، جا پەیوەندی لێکدورکەوتنەوە و پێکدادان، نەك پەیوەندی خۆشەویستی .

مەیدانی مرۆڤایەتی، رەسەنایەتیەك كە بۆ دەیان هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. هەر لەو ساتەڕا كە ئاینی حەنیفی ئیبراهیم پێغەمبەر تیایدا پرشنگی دا.. ئایا رۆژهەڵات رۆژێك لە رۆژان -لەهەر قۆناغێكی تەمەنی- دەتوانێ بەراستی بروا بە ئاژەڵێتی مرۆڤ بێنێ؟

ئەگەر ئەورووپاش لە فەلسەفەیەكی میسالی هەڵواسراو لە بۆشاییدا یا سوڕاو لە بەتاڵی چوو بەرەو فەلسەفەیەكی ماددی تەواو كە تەنیا بڕوای بەوشتانە هەیە كە هەستەكانی پەی پێدەبەن، وەكو كاردانەوەیەكی لۆژیكی لەگەڵ ئەو روداوانەی لەوێ لە ئارادان، وەكو كاردانەوەیەك بۆ ئەو بارە زەمینیە گەندەڵانەی كە فەلسەفەی میسالی بەجێی هێشت بۆگەنی بێ و كرم لێی بدا، كە بە خۆی لە بورجە عاجیەكەیدا بەدوای لای ئەودیوی مادە و ئەودیوی سروشتدا دەگەڕا.. ئایا لە مێژوی ئیسلامیدا ئەو روبەڕوبونەوەیە دژە لە نێوان میسالی و ماددی، لە نێوان گیانی و جەستەیی، لەنێوان بینراو و نەبینراو رویداوە؟ یان ئەو دو توخمە هەر لە سەرەتاوە لە بیری ئیسلامیدا تێكەڵ بون، جا خەڵك لە زەویدا ژیان و روی دڵیان لە ئاسمان بو، كاریان دەكرد و جیهادیان دەكرد و خاكیان ئاوەدان دەكردەوە و فێردەبون و زانستیان هەڵدەهێنجا و دەیانخوارد و ژنیان دەخواست و هەمو داخوازیەكانی زەویان بەجێگیری و باڵا دەستی بەجێدەگەیاند و، لە هەمانكاتدا دڵیان بە خوداوە پەیوەست بو و چاویان لە رەزامەندی وی بو، حیسابی قیامەتیان دەكرد و پشكی خۆیان لە دنیادا لەبیر نەدەكرد؟

ئایا چ جار لە ژیانی ئێمەدا رویداوە كارگەكان لەو كارگەرانەی كە دژی ستەمكاری راپەڕیون بكەونە فێڵ كردن و ژنانیان لەباتی بخەنە كار، پاشان نیوەی كرێی پیاوانیش بدەنە ژنان هەروەك لە ئەورووپا رویدا، جا ژن راستبنەوە و داوای

یەکسانی کرێیەکانیان بکەن[1]؟ یان ئایا لە تێکڕای مێژوی ئێمەدا رویداوە نیوەکرێی شایستە بدەینە ژن —چونکە ژن- لەپای ئەو رەنج و زەحمەت و کارەی لەکارگەیەك یا کۆگایەکی بازرگانی یا لە کێڵگان دەیدا، ئایا لە مێژوی کۆن و نوێی ئێمەدا رویداوە بۆ نمونە موچەیەکی کەمتر لە مامۆستای پیاو بدەینە مامۆستا ژنەکان هەروەك تا ئەم ساتەش لە ئینگلترا رو دەدا، بەبیانوی ئەوەی ژن مۆڵەتی زگپڕی و منداڵبون و شیرپێدان وەردەگرێ بەڵام پیاو ئەو جۆرە مۆڵەتەی نیە؟ وە ئایا ئەم جۆرە شتە بچوکانە لە روی بایەخە مرۆڤانەکە راوەستاوە کە هەمو دەم هەستی رۆژهەڵات لەم بابەتەوە پرشنگ دەدا؟

ئایا هیچ شەڕێکی کاولکار لەلای ئێمە رویداوە ملیۆنان گەنج و لاوان تەفر و تونا بکات. پاشان ئاینی ئێمە رێ لە پیاوە زیندوەکان بگرێ پتر لە ژنێك بێنن، جا کچان لە پشکە پاکەکەی خۆیان لە پارێزگاری و چاودێری و پێداویستی جنسی بێبەش بن و، لەژێر فشاری ئەم پێداویستیە خۆیان بدۆڕێنن؟

ئایا لای ئێمە هیچ پازدانێکی لەناکاو لە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازی رویداوە، کە کارگەران لە گوندان بۆ شار راپێچ بکا بە بێئەوەی دەرفەتی ئارامگرتن و گواستنەوەی خێزان و سەقامگیربونیان بۆ برەخسێ. کە ئەمەش ببێتە مایەی گەندەڵ بونی کچ و کوڕانی گەنجی شار؟

یان چیدیکە؟!

لەم هەموە چی بەدرێژایی مێژوی ئێمە رویداوە کە ببێتە هۆی (مەنتیقی) لێکدابڕان و توانەوە؟

---

[1] تەنیا لە میرات دا ژن نیوەی پیاو دەبا، ئەویش ماڵێکە ژن پێیەوە ماندو نەبوەو حیکمەتی دابەشکردنەکەش لەوەدایە کە پیاو لەو میراتەیدا ئەرکی مەسرەفی خێزانی دەکەوێتە سەر نەك ژن. بەڵام کرێی ئیش و کار پەیوەندی بەو رێنماییە نیە کە بە میرات تایبەتە.

ئایا هیچ رویدا؟ له ئیمپریالیزمی ئەوروپی بۆ رۆژهەلأت زیاتر چیدیکه رویدا..
ئەو ئیمپریالیزمەی تەنیا بە لەشکری سەربازی خاکی داگیر نەکرد. بەڵکو دڵ و گیانەکان و هەست و هزرەکانیشی داگیرکرد؟

باراشکاوبین و.. با بڵێین ئێمە لاسای رۆژئاوای داگیرکەر دەکەینەوە وەك لاساکردنەوەی کۆیلە یا لاساکردنەوەی مەیمونان.

* * *

ئێمە -میللەت و، نوسەر و هزرمەندان- هیچ بیرۆکەیەکی ئاشکرامان هەیە لە بارەی ئەو کۆمەڵگەیەی دەمانەوێ؟ کە بیر و هەست و رەوشت و نەریتەکانی چین؟ ئایا بیرۆکەیەکی ئاشکرامان لە بارەی هیچ نەریتگەلێك هەیە کە کامەی دەبێ بمێنێتەوە و کامەی دەبێ لابچێ..؟

ئایا هیچ بیرۆکەیەکمان لە بارەی ئەو وێنەیە هەیە کە کچ و کوڕانی لاومان دەبێ وەریگرن؟ لە (ئازادیەکەیان) تا کوێ بڕۆن و چ ڕێکخەرێك[1] بیانگرێتەوە؟ یا هەر یەکجاری هیچ ڕێکخەرێك لە ئارادا نیە؟..

ئایا کچ بەهەمو ڕاڕەوێکدا بڕوا؟ ئایا بۆ خۆی هاوڕێیەکی هەبێ؟ ئایا (باسی) ئەو هاوڕێیەی لەلای خێزانیدا بکات؟ یا هەر بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵیدا هەبێ؟ ئایا پێویستە خێزانەکەی کە دەزانێ تورەبێ؟ یا دەبێ چاوی لێ بپۆشێ وەك ئەوەی نەیزانێ؟ یا بەرویەکی خۆشەوە پێشوازی لە هاوڕێکەی دەکات؟

ئایا کچ لەگەڵ دەسگیرانەکەی بەتەنیا دەچنە سینەما و شانۆ و باخچەیەکی چۆڵ. یا دەچنە شوێنێکی کەسنەزان؟ یان کەسێکیان لە خێزاندا لەگەڵ دەچێ؟ ئایا دەبێ ئەرکی ئەو کەسەش چ بێ؟

---

١ ڕێکخەر: ضابط

ئایا بە کراسێکەوە دەردەچێ کە بەدڵی خــۆی بــێ؟ قومــاش و بڕیارەکــەی بــە کەیفی خۆی هەڵدەبژێری، کە سینگی روت یا پشتی روت یا قاچــەکانی روت بــێ؟ یا خێزان سەرپەرشتی دەکا یا ئەو هەڵیدەبژێرێ؟

یا کە دەچێتە دەرێ لێی دەپرسن: کێوە دەچــی؟ یــان ئەمــە لــەو تایبەتیانــەی خۆیەتی کە خێزان نابێ تێکەڵیان بێ؟

ئایا لە دورەوە یا لە نێزیکدا چاودێری دەکرێ یا جڵەوی دەدرێتە دەست خۆی؟

ئایا ئەگەر درەنگ گەڕاوە لێی دەپرسرێ: لە کوێ بوی؟

یا ئەوە مافێکی خۆیەتی و تیایدا ئازادە؟

ئایا ئەگەر گوتی: لەگەڵ دەستە خوشکێکم دەمخوێند، دەبێتــە شــتێکی بەڵگــە نەویست یا گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێ؟

ئایا گفتوگۆکە بە چ شێوازێك دەبێ؟ بەچاوپۆشی لێکردن و فرتوفێڵ؟

یا بە تێکگەیشتنێکی راشکاوانە؟ یا بە گەفو گوڕ بەناوی دەســەڵاتی خــێزان و دەسەڵاتی سزادان؟

ئایا –ئەگەر بارودۆخی ئابوری نەبوە رێگر- تا کوێ دەخوێنێ و چی دەخوێنێ؟

ئایا ئامانجیش لە خوێندنەکە چیــە؟ وەزیفەیــەك تــەنیا چونکــە وەزیفەیــە؟ یــا وەزیفە بۆ مێرد پەیداکردن؟ یا وەزیفە بۆ هەستکردن بە ئازادی؟

لەلایەکی دیکەوە: ئایا کوڕ بەهەمو ڕاڕەوێکدا دەڕوا؟

ئایا لەکیژان دۆستێك دەگرێ و هەمو داخوازیە جنسیەکانی پێ جێبەجێ دەکا، یا هەر هەندێکیان بەپێی ئاسانکاریەکان؟ ئایا ئەمە لەبەر چــاوی خــێزان و لەبــەر چاوی هەموان بەئاشکرایی دەبێ؟ یا بەدزی و بە نهێنی دەبێ؟ یا هەڵوێستی خێزان

چ دەبێ کە دەزانێ؟ ئایا ئەو کاتە بەچ جۆرێك ئاراستە دەکرێ؟ یا هەر بەیەکجاری ئاراستە ناکرێ؟

ئایا هەڵوێستی کوڕ لەناو خێزاندا بەرامبەر باوکی چیە؟

ئایا ڕێزی دەگرێ بەواتای جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، یا لەسەر بنچینەی (هاوڕێیەتی) ڕەها لەهەمو مەسەلەیەکدا ڕێزی لێدەگرێ؟ یا ریزی ناگرێ؟ یان هەڵوێستەکەی لە بەرامبەریدا بێلایەن دەبێ نە سوکایەتی پێدەکا و نەڕێزی دەگرێ؟

ئایا کوڕە بۆ خۆی داخوازی دەکا، یا بەهۆی کەسانێکی دیکەوە؟

ئایا کێ دەخوازێ؟ کچێك دەخوازێ کە لەرێگە یا سینەما یا لە باخچەیەکی گشتی ناسیویەتی؟ یا کچێك کە لە ئیش لەگەڵیدایە یا لە خوێندنێ پێکەوەن؟ یا کچێك کە هەر نەیناسێ؟

ئایا مەرجەکانی لە ژنەکەیدا چین و؟ چۆن دەزانێ کە هەمو مەرجەکانی تێدایە؟ ئایا هاوەڵ و هاوڕێیەتی دەکا و چی ڕێکەوێ لەگەڵیدا دەکا، ئەوجا ئەگەر پێی رازی بو دەچێتە داخوازی؟ ئایا هەر (بە بێگوناهی) لەگەڵیدا دەبێ و؟ ئایا ڕادەی بێگوناهیەکەی چەندە؟ ئایا ماچ و لە باوەشگرن دەکەونە چوارچێوەی بێگوناهی یا چوارچێوەی گەندەڵی؟ ئایا هەڵوێستی چ دەبێ کە دەزانێ -پێش ئەوەی ببێتە دۆستی تایبەتی ئەم- پێشتر دۆستی فلان و فیسار بوە و، ئێستا چی لەگەڵ ئەمیان دەکا ئاواشی لەگەڵ ئەواندا کردوە؟ ئایا ئەمە وەك ئەمری واقیع وەردەگرێ، یا سەری خۆی لە قومەلانێ دەشارێتەوە، یا هەڵدەچێ و تورە دەبێ؟ وە ئایا چۆن (خۆشەویستی کچە) بۆ خۆی تاقیدەکاتەوە؟ ئایا ئەو کاتە بەخۆشەویستی دادەنێ کە خۆی دەداتە دەست یا کە نایەڵێ؟ ئایا تا چ ڕادەیەك دەوروخولی دەدا کە بە تەمایە ببێتە ژنی؟ ئەو کاتە ڕای چدەبێ کە کیژە بۆی دەستەمۆ دەبێ؟

ئەدی پاش زەماوەندکردن؟ هاورێ و دۆستانی پێشو چییان لێدێ؟ ئایا کورە واز لە دۆستانی خۆی کچەش واز لە هاورێکانی دێنێ؟ یا کورە رێ لە ژنەکەی دەگرێ و بەخۆی وازناهێنێ؟ یا -پێکەوە- لە بۆنە و کۆبونەوان چاویان پێیان دەکەوێ؟

وە ئایا ژنە لە ماڵێ پێشوازی لە برادەرانی مێردی دەکا؟ ئەگەر کابرا لەوێ بێ یا لەوێ نەبێ هەر پێشوازیان لێدەکا؟ یا تەنیا لەو کاتەی کە مێردە لە ماڵێیە؟ ئایا چ دەستەبەری[1] دەکا؟

ئەمانە و سەدان و هەزارانی هاوشێوە.. ئایا ئێمە -ئێمەی میللەت و، نوسەر و هزرمەندان- بیرۆکەیەکی دیار و ئامانجێکی بەرچاومان هەیە؟ یا مەسەلەکە بە (بەرەکەت) و بۆ بارودۆخ چۆنی هات ئاوا لێیدەگەڕێین؟

با راشکاو بین و.. با بڵێین ئێمە هێشتا هیچ بیرۆکەیەکی دیار و ئاشکرامان نیە و، بەبێ ئامانجێکی دیاریکراو دەژین.

* * *

ئایا ئێمە گەلێکی پارێزگارین؟ یا ئێمە گەلێکی ئازادین؟ یا نەئەوین و نە ئەم؟

ئایا هیچ توێژێکی کۆمەڵ هەیە -هەر توێژێك بێ- نەریتی ئاشکرا و وێنەی دیاریکراوی هەبێ؟ دەشت یا شار کرێکار یا فەرمانبەر. فەرمانبەری بچوك یان فەرمانبەری گەورە، کچی خوێندەوار یان نەزان. کچی فەرمانبەر یا بێکار. مێرد کردو یا عازەب. ئەوەی لە (ئەوروپا)ی خوێندوە یا ئەوەی لە میسری[2] خوێندوە. ئەوەی رۆشنبیریەکی (رۆژئاوایی) هەی یا رۆژهەڵاتی؟

---

١ دەستەبەری: ضمان
٢ کە لێرە و لە شوێنانی دیکە نوسەر دەڵێ میسر، لەبەر ئەوەیە کە خۆی خەڵکی ئەوێیە، دەنا مەبەستەکە بۆ ئێرە و هەمو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئیسلامی ڕاستە.. -وەرگێڕ-

ئایا هیچ چین و توێژێك لەوانە یەك وێنەی هەیە کە مۆرکێکی دیاریکراو جودای بکاتەوە؟

یا هەر توێژێك لە هەمو جۆرەکانی تێدایە: میانەڕەو و توندڕەو و بەرەڵڵا؟

لە لایەنێکی دیکەش: ئەگەر هەر جۆرە نەریتێکمان وەرگرت: توندڕەوی یان میانەڕەوی یا بەرەڵڵایی، ئایا ئەوە توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەگرێتەوە؟ یان بەبێ هودە لە نێو توێژەکانی کۆمەڵدا پەرش و بڵاودەبێ؟

ئەگەر بۆ نمونە ئەوەمان وەرگرت کە کچ بەبێ چاودێری بەتەنیا بچێتە دەرێ.. ئایا ئەمە بەزۆری لە توێژێکی دیاریکراو لە توێژەکانی کۆمەڵگا رودەدات؟

بۆ نمونە لەنێو (ڕۆشنبیران)؟ یا لەنێو دانیشتوانی پایتەخت؟ یا لەنێو ئەو خێزانانەی کچەکانیان لە زانکۆیان خوێندوە؟ یا لە خێزانی (هەبونەکان)؟ یا لە ژینگەی کرێکاران..؟

یا ئەم نەریتە لەهەمو چین و هەمو جۆر و هەمو توێژێکیدا[1] دەبینین؟

ئەگەر نمونەی کچێکی پارێزگاریشمان وەرگرت کە غەریبان نەدوێنێ و لەگەڵ پیاوان تێکەڵ نەبێ ئایا زیاتر ئەوە لە (کیژی لادێ)[2]دا دەبینین؟ یا لەو خێزانانەی ڕۆشنبیری ئاینیان هەیە؟ یا لە (چینی ناوەنجی)[3] یا لەهەر توێژێکی خەڵکی؟ یا لێرە و لەوێ بە پەرتوبڵاوی دەیبینین لەسەر بنچینەیەکی تێنەگەیشتراو؟

---

١ چین: طبقة. توێژ: قطاع.

٢ کیژی لادێ: بنت البلد.

٣ چینی ناوەنجی: الطبقة المتوسطة.

ئەگەر باوكێك وەربگرین كە پارێزگاری لە كچەكانی دەكا.. یا باوكێك كـە لـە بازارِ هـەڵیاندەخا.. یـا بـاوكێك كـە تێكـەڵی هیـچ نابـێ.. ئایـا لـە توێژێكـی دیاریكراودا دەیبینین، یا بە دابەشكراوی بەبێ سیستەم؟

با راشكاو بین و.. با بڵێین ئێمە لەم مەسەلەیەدا (میللەت) نین بـەڵكو حاڵـەتی تاكەكەسی پەرتەوازەین كە یەكێتیەكی لـێ پێكنایــێ و مۆركێكـی جیاكـەرەوە و ئاراستەیەكی دیاری نیە.

* * *

كچ دەچێتە سەر دەریا، روتە و لە مایۆیەك بترازێ هیچی دیكەی لەبەر نیە، بە لەنجـە و لار و خۆبـادانی هـەرچی داپۆشـراوە دەری دەخـا و هەرشـتێكی بـورووژێ دەیوروژێنێ.. دەڵێ بۆ وەرزشكردن دەچێ! (ئای خەڵكینە)! ئێوە هێنـدە دڵرەقـن و خۆپەسەندن بەشێوەیەك مافی سروشتی وەرزشكردنی لـــێ حـەرام دەكـەن؟ ئـەدی دەریا تەنیا بۆ ئێوەیە ئەی گەلی پیاوان؟ ئایا سروشت تەنیا بـۆ رابواردنـی پیـاوان وەدیهێنراوە؟ ئایا وەرزشیش لە خودی خۆیدا حەرامە؟

نەخێر! مافی خۆیەتی وەرزش بكا. مافی خۆیەتی بچێتـە سـەر دەریـا. مـافی خۆیەتی مەلەی تێدا بكا.. بەروتی لە مایۆیـەك بـترازێ و. پاشـانیش لـە سـەر لم راكشێ و خۆی بداتە رۆژێ.

ئایا ئەمەی مەبەست نیە؟ یا شتێكی دیكەی مەبەستە؟

رێگەی ئەم وەرزشە و، هەمو وەرزشێكی دیكەی دەدەین..

شوێن و گەرماوێكی تایبەت بە پیاوان و، یەكێكی تایبەت بە خانمان دادەنێین.

خودایا! چ رویدا؟ ئەو كیژۆڵەیە بۆ وا هـەڵچو؟ هـەزار كچـی دیكەشـی لەگـەڵ هەڵچون؟ ئەدی داوای وەرزشی نەدەكرد، ئێمەش وەرزشمان بۆ نەرەخساند؟

با ڕاشکاوبین.. ئەو کچە تەنیا خودی وەرزشی ناوێ، یا وەرزشی بەپاکی نـاوێ، بەڵکو دەیەوێ خۆی دەربخا و، چێژ لەخۆ دەرخستنەکە وەرگـرێ و، ئـارەزوی کـوڕە لاوان ببزوێنێ.

* * *

ئەو کچەی کە کراسێکی سینگ روت و بنبـاڵ روت (جـاپۆنیز) لەبـەر دەکـا و بەرێگادا دەڕوا یا لە ئوتومبێل دادەنیشێ یان لە (گازینو) دادەنیشێ لەنێو پیـاوان و گەنجاندا.. دەڵێ کەوا مومارەسەی (ئازادی) خـۆی دەکـا لـە هـەڵبژاردنی ئـەو پۆشاکانەی خۆی دەیەوێ. ئەو کچێکی ئازادیخوازە و، قەوارەی ئازادیخوازانەی خۆی وەدیدێنێ. خەڵکینە ئێوە چیتان لێی داوە؟ ئێوە بەگوێرەی ئـەو کێـن؟ بـۆ تێکـەڵ کاروباری دەبن؟ پەیوەندیتان پێیەوە چیە و چ مافێکتـان بەسـەریەوە هەیـە؟ ئـەو ئازادە چی بیەوێ بەخۆی بکا.. ئایا ئێوە ڕێ لە ئازادی ژن دەگرن؟ ئایـا قـەوارەی سەربەخۆی ژن رەشدەکەنەوە؟ ئایا دەیکەنە کۆیلەی خۆتان؟ ئایا دەیکەنە پاشـکۆی پیاو تا ئـەو جلـە بپۆشـێ کـە پیـاو بەسـەریدا فـەرزدەکا و بۆخـۆی چـی بیـەوێ هەڵینابژێرێ؟

نەخێر. ژن ناکەینە کۆیلە و نایکەینە شوێنکەوتە و پاشکۆی پیاو.

ژن قەوارەیەکی (ئازاد)ی هەیە.

بەڵام.. ئایا مەبەستی راستەقینەی ئازادیە؟

ئایا ئەمە (دۆز)ێکی دەرونی و رۆحی و هزریە کە باوەڕی پێدێنێ و وەدیدێنێ؟

با تەماشەکەین..

ئەو کوڕە لاوەی کە سینگە روتەکەی ئارەزوی ئاژەڵانەی تێدا وروژاند.. کە وەك هار چاو دەبڕێتە ئەوەی دیارە و ئەوەی داپۆشراوە.. ئەو گەنجـەی خەریکـە بـەچاوە

برسیەکانی هەڵیلوشێ.. ئایا کچەکە وا نایبینێ؟ ئایا رای بەرامبەری چۆنە؟ هەر چەند بە ڕواڵەت بێزاری دەردەبڕێ، ئایا رای بەرامبەر بە تێڕوانینەکانی چیە؟ ئایا چ حیسابی بۆ نەکردوە؟ ئایا حیسابی بۆ سینگی روت و جوڵانەوەی وروژێنەر و چاوتێبڕینی روتانەی خۆی دەکات کە ئارەزوی ئاژەڵانەی ئەو گەنجە دەوروژێنێ؟ بۆ ئایا تەواو لەمە دڵنیا نیە، هەر لەو ساتەوە کە بۆ دەرچونێ لەبەری کردوە؟ ئایا را و بۆچونی چیە؟ ئایا ئەو کراسەی (بۆخۆی) پۆشیوە؟ یا بۆ ئەو لاوە برسیەی، کە چاوی دەکەوێتە سەر ئەو دیمەنە وروژێنەرە؟ بۆچی؟ بۆچی حیساب بۆ ئەو لاوە دەکات کاتێکی کراسەکە دەپۆشێ و، کە بەرامبەری دادەنیشێ حیسابی بۆ دەکا لەو ساتەی چاوی دەکەوێتە سەر؟ ئایا بۆیە حیسابی بۆ دەکا چونکە کچێکی ئازادیخوازە؟ یا لەبەر ئەوەی لە ناوەوە بۆتە کۆیلەی هاندەری سێکس، بۆتە کۆیلەی ئەو ئاژەڵەی لە خۆیدایە و ئەو ئاژەڵەی لە کوڕەکەدا هەیە؟

با راشکاوبین.. ئەو کچە مومارەسەی (ئازادی) ناکا بەڵکو مومارەسەی کۆیلایەتیەکی تەواو بۆ هاندەرە ئاژەڵانەکە دەکا.

* * *

ئەو رۆژنامەنوسەی کچان لە رۆژنامەکەیدا بەکاردێنێ.. دەڵێ: کار بۆ (ئازادی) ژن دەکا. یارمەتی دەدا هەتا (بخرێتە) ناو هەمو بوارێکی کارکردن و شایستەیی خۆی بسەلمێنێ و کەسێتی خۆی وەدیبێنێ. دەڵێ ژن سەلماندی کە لە پیاو لێهاتوترە و زیاتر توانای بەسەر ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا دەشکێ. دەڵێ: ژن ئارامیزیاترە لەسەر کارەکەی و دڵسۆزی زیاترە.. دەڵێ و دەڵێ..

ئایا بەراستی بۆ ئازادکردنی ژن و سەلماندنی شایستەیی کاردەکا؟

یا دەیکاتە (تەڵە)یەك بۆ ئەو کارە رۆژنامەوانیەی ئەنجامی دەدا؟ دەینێرێ بۆ وەرگرتنی هەواڵان و، چاکیش دەزانێ کە جوڵەیەکی نەرم و شل لێرە و

زەردەخەنەيەكی وروژێنەر لەوێ دەمــە داخراوەكــان دەكاتــەوە و رازی نێــو ســينان دەردەهێنێ. يا لە نوسينگەكان دەيهێڵێتەوە جا لاوان باڵەفڕكێی لە دەور دەكــەن و لە كاركردن بۆ رۆژنامەكە (دڵسۆز) دەبن هەتا لە پاڵ كچەكەدا بمێننەوە؟

ئايا ئەو خاوەن رۆژنامەيەی كار دەداتە كچان پەی بەمە دەبا يا لێی بێئاگايە؟

با ڕاشكاوبين.. ئەمە بازرگانيەكە وەك بازرگانی كۆيلەی سپی پێستە لــە پشــت ديواران و لەپێش ديواران رودەدا.

***

ئەو نوسەرانەی بانگەوازی (ئــازادی) دەكــەن و.. ئــەو لاوانــەی بــۆ كتێبەكــەی هەناسەگير دەبن.

ئايا ئەوانە لە بانگەوازی ئازاديدا دڵسۆزن؟ ئايا بەراســتی لــەتاو پاشــكەوتن و كۆيلايەتی ژن ژان گرتونی؟ ئايا ويژدانيان لەتاو ژنانی ئازاردراوی سەر زەوی چكــی كردوە و چاويان بە فرمێسك تەڕبوە؟

ئايا بەراستی دەيانەوێ ژن هەست بە كەسێتی خــۆی بكــات و قــەوارەی خــۆی وەدیبێنێ؟

ئايا هەريەكەيان دەيەوێ ژنێكی (ئازاد)ی هەبێ لەوانەی كە بەخۆی لە خــەياڵی خۆيدا لەكاتی بانگەوازەكەی وێنەيان دەكێشێ.. ژنێك حيســاب و كيتــاب لەگــەڵ مێردەكەی بكات و بيخاتە بەر ئەو هەستەی كە لەگەڵيدا يەكسانە، پيــاوە كــارێك ئەنجام نەدا بە رەزامەندی وی نەبێ.. ژنێك هەر كاتێك بيەوێ بچێتە دەرێ و كــەی بيەوێ بگەڕێتەوە و، لە هەمو بوارێكدا لەگەڵ پياوان تێكەڵ بێ؟

يا لە دەست ئەو ژنە پشی تەنگ دەبێ و نــەفرەت لــەو رۆژە دەكــا كــە تيــايدا (ئازاد) بو.. لەگەڵ ئەوەش هەر بانگەوازەكە دەكا..

ئایا لە بانگەوازەکەیدا دڵسۆزە؟ یا (هاندەری) لەدوا هەن؟

ئایا ئازادی ژنی دەوێ تا بەڕاستی ئازاد بێ..

یا بۆ ئەوەیەتی تا بە ئاسانی لە بازاڕ و کارگە و نوسینگە و ڕێگادا دەسکەوێ؟ هەتا بە سانایی ئارەزووەکانی تێرکا و هیچ لەمپەرێکی لەرێگەدا نەبێ و هیچ (نەریت)ێك ڕێگەی نەگرێ؟

با ڕاشکاوبین.. ئەوە ئارەزوی دەسکەوتنی ئافرەتە نەك خولیای ئازادکردن.

* * *

ئەو کچەی دەچێتە زانکۆ و وەك سەماکەر خۆی ڕازاندۆتەوە و وەك ... خۆی ڕوتکردۆتەوە.

دەڵێ: گوایە زانستی دەوێ..

بەو شێوەیە؟...!

زانست ئەو جلوبەرگانە دەخوازێ؟ زانست ئەو جوڵە و خۆبادانەی دەخوازێ؟

زانست پێکەنینی وروژێنەر و چاوتێبڕینی پڕ غەمزە و فریودانی دەوێ؟

زانست نینۆکی بۆیاغکراو و سۆراوی لێوانی دەوێ؟

زانست وادەخوازێ لەماوەی نێوان موحازەرە یا لە کاتی موحازەرە (لێدان) لەگەڵ خوێندکاران لەنادی دانیشێ؟

زانست ژوانی پەناوپەسیوانی دەوێ بەبیانوی خوێندن.. چ خوێندنیش لە گۆڕێ نیە؟

زانست چاوچاوانێ لەگەڵ مامۆستا و سەرنج ڕاکێشانی موعیدانی دەوێ؟

زانست وادەخوازێ زانکۆ بکرێتە سەماگە و شانۆ و کەرنەڤاڵ؟

ئایا ئەو کیژە کە لە ماڵێ دێتە دەر زانستی لەبیرە؟ یا بۆ (ڕاوکردن) چۆتە زانکۆ؟

با ڕاشکاوبین..

* * *

زانکۆکان ئەمڕۆ بون بە چوار.. دوانیان لە قاهیرەدان[1].

کاتێك هەندێك کچی (دواکەوتو) کە بۆ زانست دەچنە زانکۆ و، دڵیان لەو پیسوپۆخڵیە روحی و فیکریە هەڵدەچێ کە ئەو کیژ و کوڕە خوێندکارانە مومارەسەی دەکەن لە راو بترازێ خەمێکی دیکەیان نیە.. راوکردنی ئاژەڵ.. کاتێك ئەو کچانە داوایانکرد زانکۆیەکیان بۆ تایبەت بکرێ، تا دور لە گەندەڵی هەمو زانستێکی تێدا فێر بن، ئەوا رۆژنامەوانی (ئازادیخواز) هار و هاج بو و.. گوتیان تاقیگە و کارگە لە کوێ بێنین و ماددە لەکوێ بێنین؟ تەنانەت مامۆستا و وانەبێژ لەکوێ بێنین کە ئێمە بەخۆمان دەستمان ناکەون و بۆیان لە تەنگژە داین.

ئەمڕۆ.. ئەگەر کچانی هەر چوار زانکۆ کۆ بکەینەوە؟ ئایا زانکۆیەکی تەواو بەڵکو زیاتر پڕناکەنەوە؟ بەهەمان تاقیگە و کارگە و بەهەمان ماددە و، هەمان مامۆستا و وانەبێژ، بەبێ زیادکردن و گۆڕانکاری؟

با ڕاشکاوبین.. مەسەلەی لە دەستهاتن نیە، بەڵکو حەزێکی شێتی تێکەڵبونە.

* * *

---

[1] ئاشکرایە نمونەکانی ئەم کتێبە بەگشتی و ئەم بەشە بەتایبەتی هەموی لە واقیعی میسرەوەیە، بەڵام ئەمانە تەنیا نمونەن دەنا مەبەستەکان بەسەر هەمو واقعێکدا پیادە دەبن. —وەرگێڕ—

ئەو برایەی خوشکەکەی (بەرەڵا) دەکا تا دۆست و گراوی بۆ بگرێ..

ئایا بۆ بازنەی خەیاڵی تەواو ناکا تا ئەو شتە بزانێ کە هەر دەبێ ڕوبدا؟

ئایا نازانێ چ نمونەو پێشەنگێك دەداتە خوشکەکەی کاتێك وەکو ... بەکاری دێنێ تا کچی بۆ بێنێ؟ ئایا نازانێ کە خوشکەکەی دەزانێ بۆچی کچ لە دوای کچی لێ داوا دەکا؟ ئایا نازانێ خوشکی دەرك بەوە دەکا کە بەم شێوەیە ئارەزوەکانی براکەی تێر دەکا؟ ئایا نازانێ کە چ پێشەنگ و نمونەیەکی دەداتێ و هەر دەبێ ئەویش بۆ خۆی لە هاوڕێیەك بگەڕێ، یا لەنێو هاوڕێیانی براکەی، یا لەهەر ڕێگایەکی دیکە؟

هەڵوێستی چیە؟

ئایا رازیە لەپێناو تێرکردنی ئارەزوی نزمی خۆی خوشکەکەی فێری گەندەڵی بکا و فرێیداتە سەر ڕێ؟

یا پێشوازی لێدەکا. بەڵکو لەکاتی ڕاوی خۆیدا نێچیرێکی باشیش بۆ برایەکەی بدۆزێتەوە.

با ڕاشکاوبین.. ئەمە پیسیەکی قێزەوەنە ئاژەڵی لێ دەپرینگێتەوە.

* * *

ئەو باوکەی درەنگی شەوێ کچەکەی دەگەڕێتەوە و.. پرسیاری لێدەکا و وەڵامی دەداتەوە.. کە لەگەڵ یەکێك لە دەستەخوشکانی دەیخوێند.

ئایا دەزانێ؟ ئایا هەڵدێنێ؟

ئایا دەزانێ ئەو کوڕە لاوەی لەگەڵیدا بو تا دەرگای ماڵێی هێناوە و بەیانیش چاوەڕێی بوبو؟

ئایا کە دەزانێ هەڵوێستی چیە؟

کاتێك لە ناوەوە دڵی دەبزوێ بەڵام ملی شۆڕ دەکا و کڕدەبێ و.. وا پیشـــاندەدا کە رازیە، ئایا وا دەزانێ هێشتا گەردیلەیەك پیاوەتی تێدا ماوە؟

یا رەنگە لەبن سمێڵان بزەی بێتێ و، بڵێ: (کچەکەم زیرەکە)!.. دەبێ کەی کوڕی باشێك بێتە خوازبێنی؟

با ڕاشکاوبین.. ئەمە پیسیەکی بێزەوەرە و ئاژەڵ لێی دەپرینگێتەوە.

* * *

سنورەکانی رەوشت بەرزی چین؟

کاتێك کچ بەسینگی روت دەچێتە دەرێ و روی ســـواخ دراوە و خـــۆی بـــادەدا.. بانگەشەکارانی (ئازادی) دەقیژێنن! چیتان دەوێ ئـــەی تونـــدڕەو و دڵڕەقینـــە؟ ئایـــا رەوشتبەرزی بە جلوبەرگە؟ ئایا بەسەر روی پێستە دەپێورێ؟ بـــە ســـانتیمەتر و بـــە مسقاڵە؟ ئـــەوە کیژۆڵەیـــەکی بێگوناهـــە هیـــچ مەبەســـتێکی نیـــە. ئـــەوە کچێکـــی رەوشتبەرزە.

کاتێك کە دەبێتە دۆستی کوڕێك و لەگەڵی دەچێتە ســـینەما یـــا گەشـــتێك لـــە چۆڵەوانیدا، بانگەشـــەکاران هاواردەکـــەن و دەڵێـــن: جـــا (چقەیدیـــە)؟ چ رویـــداوە؟ گەشتێکی بێگوناه لە چۆڵیدا.. ئێوە بێجگە لە شـــتی خـــراپ چیدیکـــەتان بـــەدڵدا نایێ؟ خەڵکینە! گومانتان باش بێ. خراپە تەنیا لە خەیاڵی پڕ شتی هیچ و پـــوچ و تاریکی و گومانی ئێوەدا هەیە. کـــوڕە گەنجـــە و دەیـــەوێ بـــە پـــاکی و بێگونـــاهی رابوێرێ.

کاتێك لە باوەشی دەکـــا و مـــاچی دەکـــا و.. هـــەندێك دەســـگەمەی قەدەغـــەی لەگەڵدا دەکـــات.. بانگەشـــەکاران دەقیژێنـــن: ئایـــا هیـــچ رویـــداوە؟ رەوشـــتبەرزی دەسکاری کراوە؟ کچە هیچی لـــێ کەمبۆتەوە؟ خۆ دنیا بەسەریەکدا نەڕوخاوە؟ هۆ

خەڵکینە! هێشتا دنیا باشە! لێگەڕێن ئیش بڕوا. دۆستایەتیەکی بێگوناح.. دەستبازیەك کە سنور نەبەزێنێ..

ئەو کاتەی کارەساتەکەش روودەدا بانگەشەکاران دەقیژێنن: تاکەی لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی رووداوەکان هەر پاشکەوتو و کۆنەپەرست دەبن؟ ئایا رەوشتی بەرز شتێکی ماددی بەرهەستە؟! رەوشتبەرزی لە ناخەوەیە! لە دەرونە! لە هەستەکانە! ئەوە کچە خۆشەویستی وێڵی کردوە، بەسەر هەستەکانی دا زاڵبوە و ئەویش هەمو شتێکی لەپێناو کردۆتە (قوربانی). بەڕاستی کچێکی هەست بەرزە. مادام جەستەی خۆی نافرۆشێتە هەمو کڕیارێك. مادام بۆ (خۆشەویستیەکەی) دڵسۆزە و، بۆ دۆستەکەی وەفادارە. کەواتە رەوشتبەرزە!

پاشان جەستەی خۆی دەفرۆشێتە هەمو کڕیارێك و دادەبەزێتە بازاڕ..

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك نوسەرهەن لە دەرونی خۆیان هێشتا زیاتر بێئابڕوییان ماوە و ناوی لێدەنێن داوێنپیسی رەوشتبەرز و! داکۆکی لەو رەوشتبەرزیە دەکەن کە لە داوێنپیسی رەنگدەداتەوە.

با راشکاوبین.. ئێمە بازرگانی (کۆیلە)ین دەمانەوێ داوێنپیسی بڵاوبێتەوە!

❊ ❊ ❊

ئەو نوسەرەی ئەم چیرۆکە لە رۆژنامەکەی دەنوسێ:

ژنێك نامەیەکی بۆ ناردوە و (راوێژ)ی پێدەکا و دەڵێ..

وا راهاتبوم ئەگەر کێشەیەك لە نێوان من و مێردەکەم رویدابا دەچومە ژوری خۆم و دەرگەکەم لەسەرخۆم دادەخست.. جا مێردەکەم دەهات و لە دەرگەی دەدا و دەهاتە ژورێ و پێکدەهاتینەوە.

لەدوا جار کێشەیەکی توند رویدا و، مێردەکەم زۆر تورە بـو منیـش هەسـتام و چومە ژورەکەم و چاوەڕێ بوم.. وەکو جاران مێردەکەم لە دەرگـەی نـەدا و نـەهات داوای لێبوردنم لێبکا. منیش رقم هەستا و، لە ژورەوەڕا دەرگەکەم کلیلدا و، گـوتم ئەگەر هات لەبەر دەرگە دەیهێڵمەوە و بە ئاسـانی لێـی خـۆش نـابم، بـەڵام هـەر نەهات. منیش زیاتر تورە بوم. بەدرێژایی رۆژ لە ژورەکەم مامەوە. هـەر نـەهات. دەرگەکـەم کـردەوە. دیتـم مێردەکـەم لـە ماڵێ دەرچـوە. پـتر رقـم هەسـتا.. دراوسێیەکمان هەبو چاوبازی لەگەڵ دەکـردم منیـش چـاوم لــێ دەپۆشـت. بـەڵام ئەمرۆ هانم دا. هەر تەنیا. هەر تەنیا بۆ ئـەوەی مێردەکـەم تورەکـەم. مێردەکـەم بایەخی پێنەدام. پتر تورە بوم. جا زیاتر دراوسێیەکەم هاندا. بانگی ناو ماڵێم کرد. مێردەکەم گرنگی پێنەدام. هەر یەکجاری شێت بوم. بڕیارم دا لەگـەڵ دراوسـێکەم خیانەت لە مێردەکەم بکەم. کەتنەکەشم کرد.. جا تۆ رات چیە؟

ئەو نوسەرەی ئەم چیرۆکە دەنوسێ..

چ مەبەستێکی هەیە؟

بەڕاسـتی مەبەسـتی وایـە گـیروگرفتێك بخاتـە رو؟ بەڕاسـتی دەیـەوێ بگاتـە ئامۆژگاری و پەندێك؟

یان چاك دەزانێ بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە چ کارەساتێك لە دەرونـی خوێنـەراندا دەقەومێنێ. جا بەهەر چ جۆرێك وەڵامی نامەکەی دابێـتەوە و لەسەری نوسیبێ؟

وە ئایا ئەرکەکەی چیە و؟ ئەرکەکەی لە کۆمەڵگە دا چیە؟ چ رۆڵێك دەگێڕێ؟

با راشکاوبین.. ئـەو رۆژنامەنوسـە چـاك دەزانـێ بڵاوکردنـەوەی ئـەو چیرۆکـە ئامانجێکی دیکە دەپێکـێ، کـە بریتیـە لـە وروژاندنـی هەسـتەکانی سـێکس و، شلکردنەوەی گرێی رەوشت و، هەڵپچڕاندنی چارشێوی ئابرو بە بڵاوکردنـەوەی ئـەو

کەتنە ناشرینانەی وەك (واقیع)ێك.. واقیعێك خاوەنەکەی بێشەرمانە دەیگێڕێتەوە. ئەگەر هەر لە بنەچەڕا خاوەنی هەبێ!

* * *

تێکەڵاوی.. بێگوناح...

لە کوێ هەیە؟ سنورەکانی چین؟ لەکامە گۆشەی سەر ڕوی زەوی مرۆڤ چنگی دەکەوێ؟

ئایا لەوێ -لەهەر شوێنێکی سەر زەوی- تێکەڵاویەك هەیە ناوی بێگوناح بێ؟

لە گڕی هەست و بزوانی ئارەزوەکان گەڕێ لەناخی دەروناندا. ناو لە تێکەڵاوی دەنێین بێگوناح مادام جەستەی تیادا بەجەستەوە نانوسێ و جێبەجێکردنێکی کرداری ئەو شتانەی تیا نابێ کە لە سینەدا خول دەخۆن. جا ئەو تێکەڵاویە بێگوناحە لەکوێ رودەدا؟ لەو ئاهەنگانەی قوتابخانەکان بەسەرپەرشتی سەرپەرشتیاران ئەنجامی دەدەن و؟ لە ماڵان بەسەرپەرشتی باوکان دەگێڕدرێ؟

بەڵێ. راستە. ئەو جۆرە ئاهەنگانە بێگوناج دەبن. چونکە سەرپەرشتیاران لە دیاری رادەوەستن و باوکانیش سەیری دەکەن، ناکرێ لە تێڕوانینێکی بێگوناح و قسەکردنێکی ئاشکرا زیاتر ڕوبدات.

ئاهەنگەکەش کۆتایی دێ و.. کوڕان و کچان دەچنە دەرێ..

بەڵام ئایا سەربردەکە هەر لەم سنورە دیاریکراوە کۆتایی دێ؟

کێیە وا دەڵێ؟

کێیە دەڵێ: پاشان چاوپێکەوتنی تایبەت روناداا، کە هەمو شتێکی قەدەغەی تێدا ڕودەدا؟

ئەو شێتبونە سێکسیە چیە لە ئەمریکا هەیە و، ئەو بەرەڵڵاییە چیە لە ئەوروپا

له ئازادیه و، ئەو توانەوەیه چیه كه توانەوەیەكی دیكەی لەدوا نیه؟

ئایا لاوان تێكەڵاوی بێگوناحیان (خواردوه) و، له سێكس تـێربون، ئـەوجا لـه بەرامبەر تاواندا پاك و پاكیزه بوینه؟

ئەی نرخی تێكەڵاویی بێگوناح چیه ئەگەر مەبەستێكی لـەدوا نـەبێ و ڕێ لـه تاوانێك نەگرێ؟ له واقیعی ژیاندا نرخی چیه؟

ئەوروپا لەسەدەی ڕابردودا[1] هەڵیبەستا كه گەیشتۆته ئەو تێكەڵاویه بێگوناحـه وەك چارەسەرێك بۆ كێشەی سێكسی خەفەكراو. پاشان بەخۆی ئەنجامـەكانی دیت زانی تەنیا چەند هەنگاوێك بەبێگوناحی نامێنێ! ئەوجا بانگەوازكارانیان چیدیكـه له بارەی (تێكەڵاوی بێگوناح) نەیاننوسی. لەگەڵ خۆیاندا ڕاشـكاو بـون، گوتیـان: كەوا ئەوان تێكەڵاوبونیان دەوێ، پاشانیش هەرچی ڕودەدا با ڕوبدا!

ئێمەش تا ئێستا هەر كۆنه قەوانەكه لێدەدەینەوە.. ئەو قەوانەی لەگەڵ خـراپ بەكارهێنانی تێكچو!

بـا ڕاشـكاوبین و.. بەڕاشـكاوی داوای تێكـەڵاوی بكـەین، بەهـەمو ئـەو دەرەنجامانەی دەیداته دەست و ئەو شوێنەوارانەی بەجێی دێڵێ.

❊ ❊ ❊

ئەو چاوه برسیانەی شوێن هەمو كچێك دەكەون كه بە پێشیاندا تێپەڕی و هـەر له تۆقی سەریەوه تا نوكـی پێـی دەپیشـكنن و، بـه تـێڕوانین هەسـت بـه هـەمو كەلەبەرێكی جەسته و هەمو شوێنێكی داپۆشراو دەكەن..

ئەو دەرونه وێڵانەی له هەڵمی پەتاداری سێكسـدا مەلـه دەكـەن و لـه خەونـه هارەكانیان وەخەبەر نایەن، هەمو دیمەنێكی وروژێنـەر دەقۆزنـەوه و، بـه هـەودای

[1] سەدەی نۆزده —وەرگێڕ—

هەمو خەیاڵێکی پیس و برسی هەڵدەواسرێن..

ئەو ڕەوە گەنجانەی وەك سەگی هار بەدوای هەمو کچێك دەکەون.

ئایا ئەمانە وەدیهێنراوی ئادەمین؟

ئایا ئەمانە دەرونگەلێکن چاوەڕوانی خێریان لێدەکرێ؟

ئایا ئەمانە قۆڵ و باسکێکن بنیاتی نەتەوە دادەمەزرێنن؟

با ڕاشکاوبین..

* * *

ئەو کچە نەرم و شل و داشەپاوەی جادەکانی پڕکردوە.. کە لە ڕۆیشتن لەنجە دەکا و لە جوڵانەوەی خۆی دەردەخا و لە قسەکردن ناز دەکا و خۆی ناسك دەکا تاوای لێدێ هەر ئەوەتا دەنگ و پیتەکان گۆ دەکا..

ئەو کچەی بەچاوە گەشەکانی و جولەی جەستەی بەلار و لەنجەی و لۆچی پۆشاکی شەپۆڵداری نزمترین ئارەزوی لاوان لە هەستە سێکسیەکان دەوروژێنێ..

ئەو کچەی بێچاو و ڕویی دەیگەیەنێتە ئاستێك بەخۆی دەست بە غەزەل بکات و، لەماڵ بچێتە دەر هەتا چاوبازی لەگەڵ لاواندا بکات.

ئایا ئەمە وەدیهێنراوێکی ئادەمیە؟

ئایا بۆ ئەوە دەشێ ببێتە دایك و پەروەردەکاری منداڵان؟

ئایا بۆ ئەوە دەست دەدا نەوەیەك دروستکا کە هەوڵدا و لە تێکۆشان ئارامی هەبێ؟

با ڕاشکاوبین..

* * *

بــا بەحەقیقــەت روبــەڕوی گیروگرفتەکــە ببینــەوە، بــەبێ تــایتڵی خەڵــەتێن و گومڕاکەر.

با بەڕاشکاوی و بە ئازایی چیمان دەوێ بیڵێین..

با بڵێین: ئێمە ئاینمان ناوێ و رەوشتمان ناوێ و نەریتەکانمان ناوێ.

بابڵێین: ئێمە دەمانەوێ نەوەیەك خەڵك دەربچوێنین کە وەکو ئاژەڵان بژین.

بابڵێین: ئێمە رقمان لە بەرزبونەوە و لە هەڵکشانە.

بابڵێین و.. نەترسێین.. مادام باوەڕمان بەوە هەیە کە دەیڵێین!

بەڵام خۆپەنادان لەپشت ئازادیخوازی و پێشکەوتن و رەهــابون.. ئەمــە هــەموی ساختەیە و هێندەی پێناچێ لادەچێ!

سەیریش نیە ئەوانە هەمو رقیان لە ئیسلامە.. چونکــە کەســیان نــاوێرن ســەر دەربێنن کاتێك ئێمە موسڵمان بین!

كاتێك كه موسڵمان بين

كاتێك كــه موســڵمان بـين بـەبێگومان وێنــەی هــەمو كۆمەڵگــه دەگــۆڕێ و، وێنەیەكی تازە وەردەگرێ.

خەڵكانێكیش لەمە تۆقیون و، دڵانێك ترس دایگرتون!

ئایا دەبێ وێنەی كۆمەڵگەی موسڵمان چۆن بێ؟

شمشـێر لەسـەر گەردنانـه و، جـەلاد و مـیر غـەزەب رۆژ و شـــەو خـــەریكی داركوتكردنی[1] سەرپێچی كارانن!

ژن له (حەرەمسەرا) دایه و نایەته دەر و ناخوێنێ و لەكارێك دانامــەزرێ و لــه چالاكیەك بەشداری ناكا!

ردێن بازاڕەكان پڕ دەكەن و، مێزەر دیوەخانان دەئاخنن!

شادی لەڕو و له دڵان باری كردووه و، روگرژیەكی هاتۆته جێ نه زەردەی بەسەر لێو دادێ و نه نەرم دەبێ.

پیاوان له مزگەوتەكان و ژنــان لــەماڵ، بێدەنگـی و بێجوڵـەیی و رەقهــەڵاتن و بەستەڵەك هەمو لایەكی داگرتوه.[1]

---

[1] داركوتكردن: جلد.

ئەمە وێنەی کۆمەڵگەی موسڵمانە لە زەینی کەسانێکی زۆر!
هەر بۆیە مافی خۆیانە کە لە ترسان بلەرزن و ئەم ئاینە ببوغزێنن!

* * *

کەسانێکی دیکەش رەنگە تا ئەو رادەیە بەدگومان نەبن، لەگەڵ ئەوەشدا دەترسێن و، رقیان لەم ئاینەیە.

ئەو لاوەی کە بەگەڵ ئارەزوەکانی کەوتوە و جلەوی لێ هەڵکێشاوە.

ئەو لاوەی لە رابواردنی پیس راهاتوە. کە شەو و رۆژ بێ دڵ دەژی. سێکس خەیاڵی پڕکردوە و، ئارەزوی دەرژێنێتە ناوخوێنی و هار و برسی دەیبزوێنێ.

ئەو لاوەی وێنە روتەکانی گۆڤاران هزرە خەفەبوەکانی وەئاگادێنن، لەگەڵ وێنەی روتی سینەما و، جەستەی روتی سەرشانۆ و،[٢] کچی روتی شەقامەکان و، گۆرانی روتی رادیۆ و، بیرۆکەی روتی نێو کتێب و، چیرۆکی روتی (گەورە) نوسەران.. جا ساچمە شێتە لە خوێنی دەردەپەڕن.

ئەو کچەی وەسفی سێکسی حەزی خەفەبوی بەئاگادێنێ لەهەر رۆژنامە و گۆڤارێکی دەیخوێنێتەوە لەگەڵ دیمەنەکانی رابواردن لە سینەما و شانۆ و، وێنە و قسەی روت ئەندێشەی پڕ دەکەن جا حەز و ئارەزوی هار و هاجی تێدا دەوروژێ.

ئەو گەنجێتیە -بەو حەزە برسی و ئارەزوە چڵێسانە- لەباسی ئیسلام دەرەوێنەوە و، هەستدەکا مێشێك بە دەمارەکانی وەدەدا، چونکە بەو ساچمە زەنانەی ناو

---

١ بەداخەوە زۆر لەوانەی بانگەشەی ئیسلامی بون دەکەن، زۆرجار دەقاودەق ئەم وێنەیە دەخەنەڕو. —وەرگێڕ—

٢ ئاشکرایە لە دەمی نوسینی ئەم کتێبەدا بەزمی سەتەلایت و کەناڵە ئاسمانیەکان لەگۆڕێ نەبوینە، دەنا ئەوان بەڵای گەورەترن. —وەرگێڕ—

خوێنی، خۆی وا دێتــە بــەرچاو لــە هــەمو چێژێــك بێبەشــە کــە حــەز و ئــارەزوی دامرکێنێ، بۆیە خولیاکانی شێت دەبن و، ئــەم ئیسـلامەی وەك دڕندەیـەك دێتـە بەرچاو کە لەبەردەم هەمو ئارەزو و چێژێك راوەستابێ.

* * *

هی دیکەش هەن لــە وێرانکردنــی رەوشــتبەرزی و بڵاوکردنــەوەی فاحیشــە لــە کۆمەڵگەدا سود وەردەگرن، بۆیە زەندەقیان چوە و رقیان لەم ئاینەیە.

خاوەنی رۆژنامە و گۆڤارە روتەمەنیەکان.

خاوەن سینەما و فیلم سازەکان.

نوسەری هزرە روت و داشەپاوەکان.

کۆیلەکانی ئیمپریالیزم.. کە رقی لە ئیسلامە و لە راپــەڕینی دەترسـێ.. بۆیـە بەکرێگیراوانی خۆی تێبەردەدا هەتا لە ناوەوەڕا وێرانی بکەن و، وەك مۆرانە کلۆری بکەن و، وێنەکەی لەبەرچاوان بشێوێنن و.. لەهەمانکات رەوشتنزمی بڵاوبکەنــەوە تا بۆشاییەکە پڕکاتەوە..

ئەوانە هەمو لە باسی ئیسلام دەتۆقن و ئــەم ئاینــە دەبوغزێنــن، چونکــە ئــەو زۆنگاوە پاکژ دەکاتەوە کە ئەوان بە سەرکەوتن و قازانجەوە تێیدا دەژین.

* * *

ئێمە ئێستا مەبەستمان ئەم گروپەی ســێیەم نیــە ئەگــەر چــی لــە هــەموانیش ترسناکترە!

بەڵکو مەبەستمان گروپی یەکــەم و دووەمــە، چونکــە کــە ئــەمان ئیســلام بــە حەقیقەتی خۆی دەناسن و بڕوای پێ دێنن، ئەوا گروپــی ســێیەم ناتوانــێ رێگــەیان

لـێ بگرێ، ئەگەر هەمو رێچکەیەکیش بگرێتە بەر.

ئەو وێنە شێواوەی ئیسلام لە دەرونی خەڵکیدا، کە ئیمپریـالیزم بـۆ شـێواندنی کۆششی کردوە و، (پیـاوانی ئـاین)یـش بەرەقـەکاری و بـە بـەردبونی خۆیـان بـۆ جێگیربونی ئەم وێنە شێواوە یارمەتیدەر بون.. ئـەم وێنـە شـێواوە ئـەمڕۆ یەکـەم دوژمنی بیری ئیسلامیە.

وێنەی کۆمەڵگەی موسڵمان چۆن دەبێ؟

زۆر لە خودی موسڵمانان، کە بۆ ئەم ئاینە دڵسۆزن، بەوردی نایناسن و، نـازانن چۆن دەبێ.

کێشەی هەرە گەورەش لـە زەینـی خـەڵکدا بریتیـە لـە رەوشـی[1] ئـافرەت لـە کۆمەڵگەی موسڵمان و، ئەو رۆڵەی کە ئەنجامی دەدا.

ئایا دەردەچێتە سەر شەقام یان لە ماڵێ دەمێنێتەوە؟

ئایا دەخوێنێ؟ لە چ ئاست و، لە چ چوارچێوەیەکدا؟

ئایا دەچێتە زانکۆ و خوێندنی هاوبەش دەخوێنێ؟

لە ماوەی خوێندنیدا پەیوەندی لەگەڵ خوێندکـاران چـۆن دەبـێ؟ دەیاندوێنـێ؟ لێیان دور دەکەوێتەوە؟ لە چ جۆرە قسەیەك بەشدارییان دەکا؟

ئایا کار دەکا؟ یان حەڵاڵ نیە کار بکا؟

چۆن مێرد دەکا؟ دەچێتە دەرێ و خۆی دەردەخا هەتا لاوان بیناسن؟ یا لە ماڵێ دەمێنێتەوە هەتا لەخۆڕا رێبوارێك دەیدۆزێتەوە؟

---

١ رەوش: وضع.

پەیوەندی لەگەڵ (کۆمەڵگەدا)دا چیە؟ پەیوەندی ترس و دورکەوتنەوەیە؟ یا پەیوەندیەکی سلبیە و نەدەبەخشێ و نە وەردەگرێ و نە لە هیچ مەسەلەیەك بەشداری دەکا؟

ئەدی (قەوارە)کەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا چیە؟ مرۆڤە؟ یان کۆیلەیە؟ یان شتێکی پشتگوێ خراوە و قەوارەی نیە؟

ئایا سنوری مرۆڤایەتیەکەی چەندە و؟ چۆن مومارەسەی دەکا؟ بەدور لە پیاو؟ یان بە هاوبەشی؟ یا بە رکابەریکردن؟

بەشێوەیەکی دیاریکراو رەوشەکەی بەگوێرەی پیاو چیە؟ هاوڕێیەتی؟ لەگەڵیدا یەکسانە؟ پاشکۆیەتی؟ خانم و گەورەیەتی؟

هەروەها چۆن لەگەڵ پیاو مومارەسەی پەیوەندی خۆی دەکا؟ چاوی پێدەکەوێ و لەگەڵی دەبێ و گفتوگۆی لەگەڵ دەکا و هاوەڵایەتی دەکا و بەتەنیا دەیناسێ و پەیوەندی (تایبەت)ی لەگەڵ دروست دەکا؟ ئایا ئاستی ئەو پەیوەندیە چەندە؟

ئایا وێنەی پیاو لە دەرون و خەیاڵی ژندا چۆنە؟ گورگێکی دڕندەیە و دەبێ خۆی لێ بپارێزێ؟ یا عاشقێکی سوتاوە و دەبێ قبوڵ بکرێ؟ یا هەر لە دورڕا موعجەبە؟

ئایا خۆشەویستی بکا؟ ئایا دڵی بۆ پیاوێکی دیاریکراو بەسۆزەوە لێبدا؟ پاشان.. ئایا خۆشەویستیەکەی دەرخا یا بیشارێتەوە و؟ بەچ شێوەیەك (مومارەسە)ی بکا؟

ئایا ئەگەر پیاوێك هاتە داخوازی بە کەسوکاری بڵێ: نەخێر. من ئەمەم خۆشناوێ و، فلانم خۆش دەوێ و دەمەوێ؟

ئایا پەیوەندی بەخێزانەکەی چۆنە؟ تاکێکە لەو ڕەوەیەی[1] خێزانی لـێ پێکـدێ؟ یا تاکێکە قەوارەی هەیە؟ ئایا سنورەکانی ئەم قەوارەیە چـین؟ لەهـەمو فـەرمان و هەمو ئامۆژگاری و هەمو ئاراستەکردنێك بۆ دایـك و بـاوکی ملکـەچ دەبـێ؟ یـا گفتوگۆ دەکا؟ سنوری گفتوگۆکەش چیە؟

هەروەها ئایا بەبێ بەهانە ملکەچی نەریتەکان دەبێ؟ یا بیانویـان لێدەگـرێ و؟ تەنیا بەقسە بیانو دەگرێ یا قسەکانیشی جێبەجێ دەکا؟

کاتێك دەبێتە ژنیش ئایا ئەرکەکەی کۆتایی دێ؟ ئایا بۆ دایکایەتی دادەبـڕێ و پەیوەندی بە (کۆمەڵگە) دەپچڕێ؟ یان دایکایەتی ڕێگەی چالاکیـەکانی لێنـاگرێ؟ چ جۆرە چالاکیەکیش؟

* * *

ئەمەو دەیان مەسەلەی هاوشێوە یەکەم شتن بـەبیری مرۆڤـدا ڕەت بـن کـاتێك باسـی کۆمەڵگـەی موسـڵمان دەکـا و، وێنەیـەکی دیـاریکراویش لــە خــەیاڵدا دروستدەکرێ بۆ وەڵامدانەوەیان، پاشان بابەتەکە وەك شتێکی مەحاڵ بەکۆتا دێ.

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە و، بـەر لـەوەی وەڵامـی پرسـیارە بەرامبەرەکانیشیان بدەینەوە، ئەو پرسیارانەی کە بەپیاو تایبـەتن لـە کۆمەڵگـەی موسڵماندا، لەگەڵ هەڵوێستی لاوی زگورتی[2] لـە ئاسـت گـیروگرفتی سێکسـیدا.. پێش ئەوەی ئەوکارە بکەین دەبێ یەکەجار بزانین:

ئیسلام چیە؟...

---

١ ڕەوە: گەلە: قطیع.
٢ زگورتی: أعزب.

هەڵەیەکی زۆر زەبەلاح و گەورە هەیە بڕواداران و بێبڕوایان بێ جیاوازی تێیدەکەون کاتێك کە گفتوگۆی مەسەلە لاوەکیەکان دەکەن، هەر بەشێکی بە تەنیا، بە لێکدابڕین و پارچە پارچەکراوی، بێئەوەی یەکەمجار لە وێنەکەدا بیخەنە شوێنی خۆی، تاکو وەڵامە راستەقینەکانی رونبێتەوە و، بتوانرێ لە سیاقە راست و دروستەکەی حوکمی لەسەر بدرێ.

ئێمە کاتێك گفتوگۆی هزرەکانمان کرد لە ئەوروپا بەتەنیا گفتوگۆی بەشە وردەکانیمان نەکرد.. بەڵکو ئەو (چەمك)انەمان گفتوگۆ کردن کە حوکمی ئەو بەشانە دەکەن و، لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە و، ئەمەش واقیعە لە هەمو (سیستەم) و هەمو بیرۆکەیەکدا: کە بریتیە لە تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ تێکڕای شتەکان، پاشان وردەکاری و لقەکانی لەسەر بنیات دەنێین.

ئیسلامیش بە سیفەتێکی تایبەتی دەبێ بەهەمانشێوە وەرگیرێ.

چونکە هەر چەند بیرەکە گەورەتر و گشتگیرتر بێ پتر پێویست دەکا پەی بەوێنە هەموەکیەکەی ببردرێ پێش توێژینەوەی وردەکاریەکان. ئیسلامیش مەزنترین بیرە بەدرێژایی مێژو لەسەر زەویدا ناسرابێ و، گەورەترین چەمکە هەمو ژیان بگرێتەوە.

بۆیە پێش ئەوەی پرسیار بکەین کە کۆمەڵگەی موسڵمان و، ئافرەتی موسڵمان و، پیاوی موسڵمان چۆن دەبن. دەبێ ئەو وێنەیە بناسین کە (مرۆڤ) لە چەمکی ئیسلامدا وەریدەگرێ.

* * *

ئەوەی کە بڕیاری پایەی مرۆڤ دەدا لە چەمکی ئیسلام.. بریتیە لە خودا.. ئەو خودایەی کە وەدیهێناوە و، بە وەدیهێنراوانی خۆی لە هەموان شارەزا ترە.

خوداش دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً: ئێمە ڕێزمان لە تۆرەمەی ئادەم گرت و لە وشکانی و لە زەریادا هەڵمانگرتن، ڕۆزی پاکژمان پێداون، لەچاو زۆر لە کردەی خۆمان زۆر پتر قەدرمان گرتون.﴾الاسراء/٧٠.

کەواتە مرۆڤ -هەر لەسەرەتاوە- ڕیزی لێگیراوە و بەچاتر دانراوە و پایە بەرزە.

هەروەها خودا دەفەرموێ: ﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ طِينٍ، فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ: کاتێ کە پەروەردگاری تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: وا خەریکم مرۆڤێك لە قوڕ دروستکەم، هەرکاتێك لەشیم تەواو کرد و لەگیانی خۆم فوم پێداکرد، هەموتان سوژدەی بۆ بەرن.﴾ص/٧١-٧٢.

بڕیاری ئەوە دەدا کە مرۆڤ چەنگە قوڕێکی زەویە کە فویەك لەروحی خودا سەروەری وڕێزی بەسەر وەدیهێنراوەکانی دیکەدا پێ بەخشیوە. کەواتە مرۆڤ دورەگەزە تێکەڵبوە نەك یەك ڕەگەز. بۆیە -لە هەمو شتێکدا- دو سروشت و دو ئاراستەی هەیە: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا: بەگیانی مرۆڤ سوێندبێ و بەوەش کە ڕێکی خستوە، ئەوسا هەمو تاوانباری و پارێزگاری دەویژدانیدا گەیاندوە، دیارە هەرکێ گیانی خاوێن ڕاگرتوە ڕزگار بوە، هەرکەسێکیش دە گوناهیەوە پێچاوە، دۆڕاندویە.﴾الشمس/٧-١٠.

﴿أَلَمْ نَجْعَلْ لَهُ عَيْنَيْنِ، وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ، وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ: ئەدی ئێمە دو چاومان پێنەداوە، زمانێکیش و جوتێ لێو؟ ڕێگەی هات و نەهاتیشمان نیشان نەدا؟﴾البلد ٧-١٠.

﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا: خۆمان ڕێگەمان پێنیشاندا، جا یان شوکرانەبژێرە یان پێنەزان.﴾الانسان/٣.

مرۆڤ بەهەمو قەوارەکەیەوە ڕێزدار و باشترە.. چونکە مشتە قوڕەکە لەگەڵ فوه ڕۆحەکە تێکەڵ بوه و لە زەوی بۆتەوە و، لە قوڕی دیکە تاك و جودا بۆتەوە و. -بەم قەوارە تێکەڵبوەی- لەلای خودا بەڕێز و هێژایە. هیچ پیسی و بێزەوەریەکی تێدا نیە، مادام لەگەڵ فریشکی[1] خۆی دەڕوا و لەگەڵ قەوارە ڕەسەنەکەیدا کۆك و گونجاوە. ئارەزوەکانی لە قوڕی زەوی و کیمیای زەوی هەڵقوڵاوە.. ئارەزوی خۆراك و سێکس و پێداویستیەکانی دیکەی جەستە کە ئەمرۆ زانست دەڵێ بریتین لە کۆمەڵە کارلێکێکی کیمیایی.. ئەم ئارەزوانە لە مرۆڤدا پایە و نرخی دانابەزێنن، ئەمەش بە مەرجێك.. کە لەسەر شێوەی ڕەسەنی خۆی لە فریشکی مرۆڤدا بمێنێ تێکەڵ بە فوی ڕۆحی خودا، نەلێی جودابێ و نە بەزەویەوە نوسابێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ: بڵێ: کێیە، جلکی جوان و خشڵ و بژێوی پاکژی- کە خوا بە عەبدەکانی خۆی رادیوە- لای وایە کە ناڕەوایە؟ بڵێ: ئەمانە شایانی ئەو کەسانەن کە لە ژیانی دنیادا بڕوایان بەخوا هێناوە و ڕۆژی دواییش هەر تایبەتی بەخۆیانە.﴾الاعراف/٣٢.

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ: ئارەزوی ژنان کردن و کوڕی زۆر پەیداکردن بۆ مەردم رازاوەتەوە.﴾ال عمران/١٤. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((فِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ: ئەندامی هەریەکەتان پاداشتی پێوەیە)). گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن یەکێکمان ئارەزوی خۆی تێرکا و پاشانیش پاداشتی لەباتی

---

[1] فریشك: فطرة .

وەردەگریّ؟ فەرموی: ((أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ وِزْرٌ: ئـەدی ئەگـەر لە حەرام بەکاری هێنا، ئایا گوناهبار دەبیّ؟)) گوتیان: بەڵێ. فەرموی: ((فَـــإِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كَانَ لَهُ عَلَيها أَجْرًا: جـا ئەگـەر لـە حـەلال بەکاریـهێنا ئـەوا پاداشتی لەباتی وەردەگریّ)).رواه مسلم.

مرۆڤیش لەدیدی ئیسلام (مرۆڤ)ە.. مرۆڤایەتیەکەی لەوەتەی هەیە چەسپیوە، بالآیە، بەرزە، بەهۆی فوی خودا بۆوی لە رۆحی خـۆی. ئـەو فـوە خوداییـەش لـە مرۆڤدا هەردەم بەرەو سەرچاوەکەی رێنوێن دەبیّ. هـــەر بـە فریشـك بـەرەو خـودا رێنوێن دەبیّ ئەگـەر فریشـکەکەی سـاغ بـیّ و، مرۆڤیـش بـەخۆی ئـەو فریشـکە پەردەپۆش دەکا و لێلآیی دەخاتە سەر و دایدەپۆشیّ بۆیە رێچکەکەی بەدی ناکا و، لەو کاتەدا لارێ دەبیّ و، گومڕا دەبیّ و، هەمو جۆرە ستەمێکی لـیّ دەکەوێتـەوە: سـتەم لـە خـۆی و لـە خـەڵك و، هـەمو جـۆرە کـارێکی خـراپ و هـەمو جـۆرە سنوربەزاندێك.

پاشان مرۆڤ وای لێداواکراوە خۆی پـاك بکاتـەوە و پیسـی نـەکا. خـۆی پـاك بکاتەوە و فریشکەکەی بدرەوشێنیتەوە، جا بەرەو خودای وەدیهێنەری رێنوێن دەبیّ و، ئاراستەکردنی لێوەردەگریّ. بۆیە کاتیّ ئەوە رودەدا ئەم گەردیلـە لاوازە وێـڵ و فانیە.. دەبێتە بەهێزترین رەگەز و گەورەترین وزەی سەر زەوی و.. بەراستی مرۆڤ دەبێتە جێنشینی خودا لەسەر زەوی: بنیاتدەنیّ و ئاوا دەکاتەوە و، دادەمەزرێنیّ و دروست دەکـا و، دادەهێنـیّ و رێکدەخـا، لـەروحی خـوا و لـە ئاریکـاری خـواوە هەڵدەهێنجیّ، و بەرەو راستە شەقام رێنوێن دەبیّ.

بەهەمانشێوە ئیسلام سیستەمێکی هاوسەنگە..

هەروەك لە نێوان چنگە قوڕێك و فوەڕوحێك هاوسەنگی سازداوە و، لەیەك شت تێکەڵی کردون، بەهەمانشێوە هاوسەنگی لە نێوان هێزە جیاجیاکان و وزەکان لەناخی مرۆڤ و لە واقیعی ژیانیشدا سازدەدا.

لەنێو دەروندا هاوسەنگی لەنێوان واقیعی ماددی و واقیعی رۆحی دەسازێنێ، لەنێوان هاندەری ئارەزو و رەهابونی رۆح، لە نێوان واقیعی بەرهەست و واقیعی ئەودیوی هەست، لەنێوان هەستی شاردراوەی نێو ویژدان و رەفتاری روکەشی بەرچاوان. لەنێوان فشاری زەرورەت و ئازادی ئاراستە و هەڵبژاردن.

هەروەها هاوسەنگی لە واقیعی ژیاندا لەنێوان هێزە ماددی و ئابوری و سیاسیەکان دەهێنێتە ئارا، لەگەڵ هێزە رەوشتی و مەعنەوی و رۆحیەکان، لە نێوان تاك و کۆمەڵگە و، لەنێوان بەرژەوەندی نەوەیەك و بەرژەوەندی نەوەکان.

هەروەك بەردەوام دین و دنیا تێکەڵ دەکاو.. دنیا و قیامەت لە سیستەمێکدا دەکاتە یەك.

هەروەها ئیسلام سیستەمێکی کردەکیە[1]..

تەنیا بە وەعز و ئیرشاد و (پاككردنەوەی رۆح) وازناهێنێ.

ئیسلام چاك دەزانێ رۆح بە وەعز و ئیرشاد پاك نابێتە وە ئەگەر کۆمەڵگە گەندەڵ بو و سیستەم لە گرێژنە چوبو و ئابوری ستەمکار بو و سیاسەت پاك نەبو. جیاوازی لەنێوان رۆح و جەستە و لەنێوان واقیع و میسالدا دروست ناکا. دەزانێ بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی پاککردنەوەی رۆح دەبێ سیستەمێکی ئابوری دادگەر و سیستەمێکی کۆمەلایەتی هاوسەنگ و، سیستمێکی سیاسی پێگەیشتوی تونـد و تۆڵ و پتەو دامەزرێنێ.

---

١ کردەکی: عملي

جا لەبەر ئەوەیە کە مەبدەئەکانی لە چوارچێوەی جوانی نمونە بـەرزەکان دانانـێ و، لە بەرزیەکەوە هەڵیانواسێ. چونکە بۆ ئەوە هەوڵدەدا کـە بیرەکـە لـە جیـهانی واقیعـدا وەدیبێنـێ، لەگـەڵ دامـەزراندنی کۆمەڵگـە بـــە تـــەواوی.. بەهـــەمو لایەنێکیەوە.. لەسەر بنچینەی ئیسلام.

پاشان -بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەڕاستی موسڵمان بێ- دەبێ حکومەتی موسـڵمان و، قوتابخانـەی موسـڵمان و، خـێزانی موسـڵمان و، تـاکی موسـڵمان و، رادیـۆی موسڵمان و، رۆژنامەی موسڵمان و کتێبـی موسـڵمان و، سـینەمای موسـڵمان و، ریکلامی موسڵمان و، بیژەری موسڵمان و، هونەری موسڵمان و، ئابوری موسـڵمان و، هزری موسڵمان و ... بگرێتەوە و، هەمو شتێك دەبێ لە ئیسلامەوە هەڵقوڵێ و ملکەچی بەرنامەی ئیسلام بێ.

مەبەستمان لە رادیـۆ و رۆژنامـە و کتێـب و سـینەما و هونـەر و... تـاد. ی موسڵمان ئەو وێنە ساکارە نیە کە لەناوی (ئاین) دەفامرێتەوە: کە هـەموی ببێتـە وتاری سەر مینبەر و وەعزی ئاینی.[1]

نەخێر. ئیسلام پێویستی بەمە نیـە و، فراوانـتر و گشـتگیرتر و بـەرکراوە تـرە لەوەی ببێتە وتارگەلێکی هەراسان و قسە و باسی دوبارە.

ئیسلام بریتیە لەهەمو ژیـان لـە وێنەیـەکی خـاوێندا.. ئـەو وێنەیـەی لەگـەڵ سەرجەم فریشکی ژیان تێکدەکاتەوە.. ئـــەو فریشـکەی تـەنیا بـە بەجێگـەیاندنی زەرورەت وازناهێنێ بەڵکو چاککاریش دەکاتە ئامانج.

جا هەر شتێك ئەمەی لەسەر پیادە بکرێ ئەوە ئیسلامە.

---

[1] هەروەك بەداخەوە لە کوردستاندا رویدا و ئێستاش لە هەندێ کەناڵدا بەردەوامە. -وەرگێڕ-

ئەو شیعر و هەڵبەستەی کە لە بارەی جوانی بێپایانی سروشت دەدوێ و، ئەوەی کە باسی هێز دەکا و، ئەوەی باسی رەهابونی وزەی مرۆڤ بۆ کار و بەرهەمهێنان دەکا. ئەوەی دەربارەی هەست و سۆزە پاکەکانی مرۆڤ دەدوێ، ئەوەی مرۆڤ بەرەو پێش هاندەدا و دەیبزوێنێ، ئەوەی دەرگای هیوا بۆ مرۆڤایەتی ئاوەڵا دەکا، ئەوەی وا لە خەڵك دەکات هەست بە جوانی ژیان بکەن کە شایستەیە مرۆڤ تیایدا بژی، ئەوەی لە بارەی ئازار و ژانەکانی مرۆڤ دەدوێ، ئەوەی داوای نەهێشتنی زوڵم و ستەم و، چاکسازی گەندەڵی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی دەکا و ئەوەی ژیان پێویستە چۆن بێ ئاوای وەسف دەکا.. ئەوە هەموی شیعری ئیسلامیە چونکە دەربڕینێکە لە فریشکی پاك، ئەگەر چی تەنیا جارێکیش ناوی ئاینی تێدا نەهاتبێ و، راستەوخۆ چەمکەکانی ئاینی تێدا نەخرابێتە ڕو.

بەلام ئەو شیعرەی تایبەتە بە وەسفی هاندەری پڕ خلتە و خاری جەستە. ئەوەی هەموی لە دەوری خەونی سێکسی روداو یا هی خەیاڵی تامەزرۆ خول دەخوات، ئەوەی وەسفی جەستەی ژنێکی روت یا حەزبرسی دەکات. ئەوەی وەسفی ساتی ملکەچبون بۆ زەرورەت دەکا نەك بەرزبونەوە لە زەرورەت و، ئەو شیعرەی کە رق و کینە دەوروژێنێ و.. ئەو شیعرەی وەسفی ساتە لاوازەکانی مرۆڤ دەکا بەهەمو جۆرەکانیەوە. ئەو شیعرەی گوزارە لە گومڕایی مرۆڤ و بودەڵەیی و تاریکایی دەکا..

ئەمە هەموی شیعری ئیسلامی نیە.. هەر چەند بەتەنیا وشەیەکیش بەگژ ئاین و بیروباوەڕ و چەمکی (رەسمی) رەوشتدا نەچوبێ، چونکە نوێنەرایەتی فریشکێکی لارێ، یا فریشکێکی لاواز دەکا ئەوجا لەگەڵ ئامانجی رەسەنی ئیسلامیدا ناکەوێتەڕێ.

خەڵکە واقیعی و سروشتی و هاوشێوەکانیان رەنگە بپرسن: بۆ ئایا ساتی لاوازی حەقیقەتێکی مرۆڤانە نیە؟ ئەدی چۆن هونەر دەرینەبڕێ؟ وەڵامیش ئەوەیە کە یەکەم، هونەر رێکۆردەرێك نیە هەمو شتێك وەکو خۆی تۆمار بکا، بەڵکو بەخۆی دەبێ ئەو (گرتە)[1]یە هەڵبژێرێ کە تۆماری دەکا. دوەمیش ئەوەیە کە ساتی دابەزین جوانترین شت نیە لە مرۆڤ و لە هەمو شتێك شایستە تر نیە بۆ تۆمارکردن. بەڵکو ئەوەی شایستەی تۆمارکردنە بریتیە لەو ساتەی مرۆڤ خودی خۆی تێدا وەدیدێنێ. ساتی تێکەڵ بونی قوڕ لەگەڵ فوی رۆحەکە، نەك ساتی جودابونەوەی قوڕ و بەزەویەوە نوسانی، وەڵامی سێیەمیش ئەوەیە کە دەکرێ ساتی دابەزین بەشێوەیکی هونەری بەتەواوی تۆمار بکرێ، بەمەرجێك نەبێتە تەوەری چێژ بەخشین و وروژاندنی سەرسامی. واتە دابەزین نەبێتە ئەو پاڵەوانێتیەی گورزە تیشکی دەخرێتە سەر! بەڵکو تیشك دەخرێتە سەر ساتی وەئاگاهاتنەوە، ئەو ساتەی مرۆڤ تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ رەسەنایەتیفریشك، ئەو ساتەی چەنگە قوڕەکەی تێدا دەگەڕێتەوە هەتا لەگەڵ فوە رۆحەکە تێکەڵ دەبێ و، نمونەی ئەمەش چیرۆکی یوسف (عليه السلام)ە لە قورئانی پیرۆزدا. سەربردەیەکە وەسفێکی ورد و وێناکردنێکی بەرزی تێدایە و هیچی لە جوانی هونەر کەم نیە و. ساتێکیش لەساتە ئەستورەکانی ژیانی (واقیعی) دەرونی مرۆڤ دەخاتە رو! ساتی وروژاندنی ئارەزو و زاڵبونی بەسەر هەمو دەنگ و هەمو بانگەوازێکدا. لەگەڵ ئەوەشدا وەسفێکە ئارەزوان نابزوێنێ و نابێتە مایەی چێژوەرگرتن لە دیمەنی سێکس. ئەگەر نەڵێین بەپێچەوانەوە بەرز و باڵا بون لەوساتە دابەزیوە دەوروژێنێ و بانگەواز بۆ ئاگا لەخۆبون دەکا.

---

[1] گرتە: لقطة

ئەوەی بەسەر هونەردا پیادە دەبێ بە شیعر و پەخشان و کەڤاڵەکانیەوە[1] بەسەر سینەما و شانۆ و رادیۆ و مۆسیقا و گۆرانیشدا پیادە دەبێ. بەمجۆرە وروژێنەرە شێتانەکان نامێنن کە لاوان هار و هاج دەکەن و برسیەتیەکی هارانە دەخاتە نێو خوێنیانەوە. لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵگە رەگەزی چێژ وەرگرتن و رەگەزی جوانی لەدەست ناچێ.. چونکە هەمو خۆشیەك پیسی و قرێژ نیە.

جا ئەوکاتە لەلای گەنج و لاوان زەحمەت نابێ کە هەوڵی رەوشتبەرزی بدەن و تواناشیان پێیدا بشکێ. بەڵکو هەر ئێستا لەبەریان گرانە و، مەحاڵە، چونکە ئەوان کە هەر گۆشت و خوێن و حەز و ئارەزون، شەو و رۆژ لەناوەندی وروژێنەری شێتانەدا دەژین، کە بەردەوام فو لە دەماری گڕگرتویان دەکا و، خراپەکاریان لەبەر چاوان جوان دەکا و، کچ و کوڕانی دودڵ هاندەدا و، لە هەمانکاتیشدا -بە ئامرازە جیاجیاکانی- رێی هەمو دەنگێکی رەوشتبەرزانە و هەمو ئاراستەکردنێکی دروستیان لێدەگرێ.

جا ئەو کاتە کچ بچێتە دەرێ یان نا، ئیش بکا یا ئیش نەکا.. چاوی بەپیاوان بکەوێ یان نا.. ئەوا عیبرەت بەڕوکەشی کارەکە نیە بەڵکو عیبرەت بە ئامانج و چۆنیەتی جێبەجێکردنیەتی.

کاتێك کۆمەڵگەی موسڵمان کە لەسەر رەوشتەکانی ئیسلام و سیستەمی ئیسلام دامەزراوە، دێتە ئارا، ئەو کاتە دەکرێ بەدوای وردەکاری و لکەکاندا بگەڕێین وە لە رەوشی ئافرەت و رەوشی پیاو و هەمو شتێکی نێوانیان بپێچینەوە.

بەڵام لە سەرەتادا دەبێ لە ئاست دامەزراندنی کۆمەڵگەی موسڵمان ئارخەیان بین.

---

١ کەڤاڵ: تابلۆ، لوحە.

کۆمەڵگەیەك روی لە خوا بێ و، بەرنامەی ژیانی خۆی لێ وەرگرێ و، لەسەر ئەو رێنوێنیە بڕوا کە بۆی هەڵبژاردوە.

کۆمەڵگەیەك خوا بپەرستێ. بەکردەوە بیپەرستێ نەك بە قسە. پەرستن و فەرزەکانی بەباوەڕ و جێبەجێکردنەوە ئەنجام بدا: ((ليس الإيمان بالتمني، ولكن ما وقر في القلب و صدقه العمل: بڕواهێنان بەخۆزگە نیە. بەڵکو ئەوەیە کە لەدڵدا ئۆقرە بگرێ و لەکردەوەش رەنگبداتەوە)).

کۆمەڵگەیەك تەنیا بەوەندە وازنەهێنێ کە نوێژ بکا و رۆژو بگرێ و زەکات بدا.

کۆمەڵگەیەك کە فاحیشە ئەنجام نەدا و رێگە نەدا ئەنجام بدرێ و بانگەوازی لەبۆ ناکا و بەچاك و بە شیرینی دانانێ.

کۆمەڵگەیەك لەسەر خۆشەویستی و ئامۆژگاری و فەرمان بە چاکە و بەرهەڵسی لە خراپە دامەزرابێ.

کۆمەڵگەیەك دزی نەکا و درۆ نەکا و فێڵ نەکا و هەڵنەخەڵەتێنێ.

کۆمەڵگەیەك غەیبەت نەکا و جاسوسی نەکا و تانە و تەشەری نەبێ.

کۆمەڵگەیەك تیایدا دڵنیابی لەو کرێکارەی کارت بۆ دەکا کە فێڵت لێناکا و ماڵت نادزێ و، لە فەرمانبەر کە یاری بە بەرژەوەندیت ناکا و، لە بازرگان کە لە نرخ و جۆری کاڵا فێڵت لێناکا و، لە مامۆستا کە خانەی وانەکانی پڕناکاتەوە و واز لە قوتابیان دێنێ بکەون هەتا وانەی تایبەتی وەرگرن و، لە قوتابی کە لە تاقیکردنەوە قۆپیە ناکا و زانستەکەی وەك ئامرازێکی خراپەکاری وەرناگرێ و، لە مێرد کە زوڵم لە ژنەکەی ناکا و قەوارەکەی بەفیڕۆ نادا و، لە ژن کە لە ماڵ و ناموس خیانەت لە مێردەکەی ناکا و، لە باوك کە درۆ لەگەڵ منداڵەکانی ناکا تا فێرە درۆیان بکا و، خۆی بۆیان ناکاتە پێشەنگ و نمونەیەکی خراپ و، بە ترسنۆکی

و زەلیلی و لێکداپچڕاوی و سلبیەت پەروەردەیان ناکا و، لەگەڵ کوڕێك کە فێڵ لە باوکی ناکا و دایکی ناخەڵەتێنێ و شەڕەنگێزانە رەفتاریان لەگەڵ ناکا.. لەگەڵ حوکمڕان و حوکمکراو و گچکە و گەورەش بەهەمان شێوە و وەکو یەك.

کۆمەڵگەیەك کە بوارە ئابوریەکانی هاوسەنگن.. نە هەژار لەبرسان دەمرێ و نە دەوڵەمەند بە سامان دڵی گەند دەبێ.

کۆمەڵگەیەك کەسی بێکاری تێدا نیە، چونکە بێکاری لە سەرچاوەکانی خراپەیە، کەس بێکار نیە کە کاری دەست نەکەوێ و، کەسیش بێکار نیە لەبەر ئەوەی بۆ خۆی پوچە و ناو دڵی بەتاڵە..

کۆمەڵگەیەك لە ئاست تاکدا لە سنور دەرنەچێ و بواری تاکیش نەدا سنور ببەزێنێ.

کۆمەڵگەیەك ئاشتی خۆشبوێ و بۆ ئاشتی کاربکا، ئاشتی لە ماڵ و لە شەقام. لە تاك و، لە هەموان.

کۆمەڵگەیەکی چالاکی کارگەری بەرهەمهێنی هزرمەند کە بەردەوام بەرەو بەرزی بچێ.

* * *

ئەوە بریتیە لە کۆمەڵگەی موسڵمان..

کێ جورئەت دەکا رقی لەم وێنە جوانە بێ یا لێی دورکەوێتەوە؟

کێ مەگەر رموزنێکی تێکشێواوی فریشك خوار و خێچ کە هەر بیەوێ وەکو ئاژەڵ رابوێرێ یا هەر لە کۆمەڵگە وەرگرێ هیچ نەبەخشێ؟

ئاساییە ئەگەر ئەمەش وەك وێنەیەکی تێکڕای لە قالب داڕێژراو وادەرکەوێ کە هەندێك نمونەی خەیاڵین یا خۆزگە و خەونن.

بـــەلاّم ئـــەوە واقیعێکـــە زەمـــین جـــارێك بەهـــەمو حەقیقـــەت و هـــەمو واقیعیەتیەکەیـەوە بینـی، لـە یـەکێك لـەماوە هـەرە بالاّکـانی مێـــژو. رەنگــە بشگەڕێتەوە.

دەشگەڕێتەوە.. ان شاء الله.

لەو کۆمەلّگەیەدا مرۆڤ نابنە فریشتەی پاك و بێگوناح، بەلّکو ئەوان مرۆڤن و فریشکی راستەقینەی خۆیان وەدیدێنن، چنگە قورێك تێکەلّ بـەفوی رۆح. خـۆ لـە فاحیشە بەرز دەگرن، چونکە پێویستیان بە فاحیشە نیە.

هەر بە سروشت هەموشیان هەروا نابن.

لەو کۆمەلّگە رەبیانیەشدا کە محمدی کـوڕی عـەبدوللاّ ﷺ بەکەسـێتی بـەرز و رێزدار و رۆحی پاك و بالاّی خۆی دایمەزراند، هی وا هەبو تانە و تەشەر لە ناموسی خودی پێغەمبەر بدا وەك لەسەربردەی بەناوبانگی ئیفك دا هاتوە.

نەخێر! هەرگیز لە هیچ شوێنێکی ســەر زەوی و لــە هیـچ ماوەیـەکی مێـژو وا رونادا کە خەلّك هەمویان چاك بن.

لەگەلّ ئەوەشدا جیاوازیەکی گردەبڕ و ئاشکرا لە نێوان کۆمەلّگەیەك هەیـە کـە تاوان تیایدا تاکتاکەی ریزپەڕبێ و بەرهەلّستی بکرێ، لەگەلّ کۆمەلّگەیەکی وا کـە رقی لە رەوشتبەرزی بێ و بە ریزپەڕی تێبگا، هەروەك ئەو کۆمەلّگەیـەی قورئـانی پیرۆز باسوخواسیان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: ﴿أَخرِجُوا آلَ لُوطٍ مِنْ قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ: خێزانی لوط لە شاری خۆتان دەربکەن، چونکە ئـەوان چاویـان لـە داوێن پاکیە.﴾النمل/٥٦. و هەروەك ئەو کۆمەلّگەیەی کە ئێمەی تێـدا دەژیـن و هێندەی نەماوە وای لێبێ.

* * *

لەم کۆمەڵگەیەدا[1] ڕەوشی ژن و ڕەوشی پیاو وەکو یەك دەخەینەڕو.

کۆمەڵگەی ئازادان.. پیاوی ئازاد و ژنی ئازاد.

واتای ئازادیش لە ئیسلامدا زۆر فراوان و سەرتاپاگیرە.. هیچ مەدلولێکی دیکە لەو مەدلولانەی تاکو ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات یا ڕۆژئاوا بۆ ئازادی لە ئارادان بۆ ئاستی ئەو بەرز نابنەوە.

ئازادی لە ئاست هەمو بەهاکان و هەمو هێزەکان و هەمو بایەخەکان و..

یەك بەندایەتی بۆ: خوا.

خودا تاکە پەرستراوە لەکۆمەڵگەی موسڵماندا. نە ماڵ و نە سامان و نەپلە و پایە و نە ئارەزو و نە هەوەس و نە مرۆڤ هیچیان پەرستراو نین.

خودا تاکە پەرستراوە.. هەمو شتێکی دیکەش بابردەڵەن.

ژن و پیاویش هەردوکیان بەندەی خودان. لەمە بترازێ ئازادن و ئازادی خۆیان لە خودی ئەو بەندایەتیەیان بۆ خودا هەڵدە هێنجن.

کاتێك مرۆڤ بەڕاستی خوا دەپەرستێ و، بەڕاستی پەیوەندی پێوە دەکا و، بەڕاستی هانا و کۆمەکی لێ دەخوازێ، لەو ساتەدا هەست بە گرنگی و بودەڵەیی هەمو هێزێکی دیکەی سەر زەوی و، هەمو بەها و هەمو شکۆ و هەمو دەسەڵاتێك دەکا.

جا ئەو کاتە ئازاد دەبێ.

لەو فشارە ئازاد دەبێ کە چ لە ناخی دەرونی خۆی و چ لە دەرەوە کەوتۆتە سەری. فشاری ئارەزوەکان و زەرورەت لە لایەك و، فشاری کۆمەڵگە و هێزە

---

[1] مەبەست لە کۆمەڵگەی موسڵمانە. –وەرگێڕ–

ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی لە لایەکی دیکە.

ئازاد دەبێ.. چونکە بەخواوە بەهێزە، بە خواوە دەوڵەمەندە، لە خودا دەخوازێ و گەیشتۆتە پارێزی خودا.

لە مردن ناترسێ و، لە هەژاری ناترسێ و، لە زوڵم ناترسێ و، لە خەم ناترسێ و، لە ئێستا ناترسێ و لە سبەی ناترسێ.

ناترسێ.. نەك لەبەر ئەوەی گوێ ناداتێ.. بەڵکو لەبەر ئەوەی بەو هێزە راستەقینەیە پەیوەستە کە خاوەنی هەمو شتێکە لەژیاندا و، لەبەر ئەوەی ئامادەیە بەرامبەر هەمو ئەو زوڵم و ستەمەی لێی دەکرێ تێبکۆشێ و، یارمەتی لە خودا بخوازێ و، دڵنیابێ لەوەی کە خوداش یارمەتی دەدا.

ئازادبونەکەشی واتای ئەوەی نیە کە بۆ هیچ سیستەمێك ملکەچ نابێ.

نەخێر! چونکە ژیان بەمشێوەیە بەڕێوەناچێ و، هەرگیز ئەوەش رونادا مەگەر کاتێك کە شوێن حەز و ئارەزوەکان بکەوێ. ئەمەش ئازادبون نیە.. چونکە ئازادبون مانای ئازادبونە لە حەز و ئارەزوەکانیش.

بەڵکو ئازادبون ئەوەیە کاتێك بۆ ئەو سیستەمە ملکەچ دەبێ کە خودا هەڵیبژاردوە، لە راستیدا بۆ خودا ملکەچ دەبێ و، راستەوخۆ لەگەڵ خودا مامەڵە دەکات.

پاشان گوێڕایەڵی کاربەدەست و گوێڕایەڵی سیستەمەکەی دەبێ کە لە شەریعەتی خواوە وەرگیراوە و، ئامۆژگاری و ئاراستەکردنی بۆ دەخاتە رو کە لەگەڵ چاکە و خێری گشتیدا دەگونجێ.

بەمجۆرە گوێڕایەڵی و ئازادی لەم وێنە ناوازەیەدا تێکەڵ دەبن کە لە سیستەمی خودا بترازێ لە چیدیکەدا نیە.

بەهەمانشێوە ژن نابێتە بەندەی پیاو کاتێك گوێڕایەڵی دەکا -لەو سنورەی لە شەریعەتی خوا بۆی دیاریکراوە- چونکە مافی ئەوەی هەیە -بەڵکو ئەرکی خۆیەتی- کە مێردەکەی ئاڕاستە بکا ئەگەر دیتی لەرێگەی خودا لایداوە.

* * *

ژن نابێتە بەندەی پیاو.. چونکە هەرگیز کەس نابێتە بەندەی یەکێك جگە لە خوا.

ناشبێتە بەندەی کۆمەڵگە و نابێتە بەندەی هیچ هێزێك لە هێزەکانی سەر زەوی.

بەڵکو ژن -وەکو پیاو- بەندە و گوێڕایەڵی خوایە و، راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و، هەستدەکا شوێنکەوتەی دڵڕاستانەی فەرمانەکانی خودایە و بەتەنیا و، لەرێگای خوداوە هێزێکی تەواوە: ﴿رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ، رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ، رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ، فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ: پەروەردگارمان؛ هەرکەس تۆ بیخەیتە ئاگر، توشی شورەییت کردوە. ئەوانەی ناهەقیکارن هیچ کەس دەهانایان نایە. پەروەردگارمان؛ ئێمە بیستمان بانگ ڕایەڵێك گازی دەکرد کە باوەڕی بە پەروەردگارتان بێنن، ئێمەش باوەڕمان هێنا، سا بۆ خۆت ئەی پەروەردگارمان! لە گوناهانمان خۆش ببە و هەر خراپەی کردومانە وەیکوژێنەوە و دەگەڵ ئەوانەی پیاوچاکن بمان مرێنە. پەروورێنمان ئەو شتانەش بە ئێمە ڕەوا ببینە کە لە زوان پێغەمبەرانتەوە بەڵێنت پێمان داوە، شەرمەزاری ڕۆژی قیامەتمان مەکە. تۆ لە هەر پەیمانێ بیدەی لاریت نیە. پەروەرگاریان ئاوا بە

دەنگیانەوە هات، کە: من کردەی هیــچ مرۆڤێـك -لـەنێر و مـێ- بـەبێ پـاداش ناهێڵمەوە؛ هەمووتان لەلای من چون یەکن.﴾ال عمران/١٩٢-١٩٥.

ئەم پەیوەندیە بەخودا رێزی مرۆڤانە و سەربەخۆیی راستەقینە بە ژن دەبەخشێ. ژن لە لای خۆی و -لە لای خـوداش- وەدیـهێنراوێکی مرۆڤانـەی خـاوەن رێـزە و بەخوداوە پەیوەستە و، هەمو ژیان و هەمو قەوارە و هەمو هێزەکـانی لـە خـوداوە دەخوازێ.

ئەم پەیوەندیەش کەسایەتی پـێ دەبەخشـێ -بەهـەمان شـێوەی کـە کەسـێتی بەپیاو دەبەخشێ.

ژن بەشێك نیە لـە کـەس. قەوارەیـەکی نەقوسـتان نیـە کـە لـە قەوارەیـەکی مرۆڤانەی دیکەوە خۆی تەواو بکا (تەنیا مەگەر بەو هێنـدەی کـە پیـاو قـەوارەی خۆی لە پەیوەندی هاوسەرێتیدا تەواو دەکا.. کە ئەمەش مەسەلەیەکی دیکەیە..)

کاتێکیش گوێڕایەڵی پیاو دەکا لەو شتانەی خوا بەسەریدا فەرزی کـردوە، ئـەوا قەوارە و سەربەخۆیی و کەسێتی خۆی بزر ناکا. بەڵکو سەنگی مەحەکی کەسـێتی و سەربەخۆیی بەردەوام ئەوەیە کە مافی ئەوەی هەیە -بەڵکو لە ئەرکی خۆیـەتی- پیاو بۆ ڕاستەڕێ بگێڕێتەوە کە دەبینێ لەراستە شەقامی خودا لایداوە.

هیچ شتێك هەستی هەبونی کەسێتی بەمرۆڤ نابەخشێ هێنـدەی ئـەو مافـە.. مافی ئاراستەکردن.

تێکڕای تێکۆشانی گەلان لەپێناو هەستکردن بە خـودی خۆیـان و وەدیـهێنانی قەوارەیان ئەوە بوە کە بەو مافە بگەن..

مافی ئاراستەکردنی فەرمانڕەوا کاتێك لەو بنەما گێژاوانە دەردەچـێ کەهـەمو کەسێك لە فەرمانڕەوا و بەرفەرمانان بۆی ملکەچ دەبن.

ئەو مافەش مافی هەمو تاکێکە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، وەکو یەك مافی ژن و مافی پیاوە.

کاتێك ژنیش هەست بەو هێزە دەکات لە خۆیدا کە لە پەیوەندی بەخوداوە دەیخوازێ. ئەوا لەناخی قەوارەیدا کەسێتیەکی سەربەخۆ و خودی وەدیهاتوی خۆی لە واقیعی ژیاندا دەبێ.

سەربەخۆییش ئەوە نیە کە ڕکە لەگەڵ مێردەکەی بکا و هەڵوێستی وابێ کە بۆ هێرشکردن ئامادەبێ.

ژیان شەڕ نیە لەناو ماڵێدا، بەسە کە جەنگێك بێ دژی هێزەکانی خراپەکاری کە لە هەمو شوێنێکدا ئامادەن.

ژیان لە ماڵێدا خۆشەویستی و ئۆقرە و ئارامە: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً: هەر لە نیشانانی خودایە کە لە خۆتان، ئاوجوتی بۆ بەرهەم هێنان؛ کە پێیان بحەسێنەوە و خۆشەویستی و ئەوینی خستۆتە ناوتان.﴾الروم/٢١.

کاتێك خۆشەویستیش هەبێ تێکەڵبونی تەواو دەبێ کە هیچ یەکێك لە هاوسەران هەست ناکا کە لەکوێ کۆتایی دێ و ئەوی دیکە لەکوێ دەست پێدەکا..

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساتانێك هەن هەریەکەیان حەز دەکات هەست بە خودی خۆی بکات و سنوری قەوارەی خۆی بزانێ..

ئەوانەش سنورەکانن..

هەردوکیان بەندەی خودا، هەریەکەشیان مافی ئەوەیان هەیە -بەڵکو ئەرکی خۆیانە- کە ئەوی دیکە بۆ تاعەتی خوا ئاراستە بکا.

بەڵکو ژن دەتوانێ -بەتوندی- نارەزایی لەپیاو دەربڕێ ئەگەر سەرپێچی کرد.

تەنانەت دەتوانێ پێی بڵێ: لە ئەمڕۆوە من ژنی تۆ نیم، مادام لە تاعەتی خودا دەرچوی.[1]

بەمشێوەیە لەرێگەی پەیوەست بونەوە بە خودا هەست بەتەواوی قەوارەی خۆی دەکا.

❊ ❊ ❊

هەر بەمەش نیە کە ژن کەسێتی خۆی دەدۆزێتەوە. چونکە ژنیش -هەروەك پیاو- مافی ئەوەی هەیە کەسێتی خۆی بدۆزێتەوە بەوەی -بەهەڵبژاردنی خۆی- ببێتە ئافرەتێکی رەوشتبەرز.

رەوشتبەرزی لە کۆمەڵگەی موسڵماندا بەدەمی شمشێر بەسەر ژندا فەرز نەکراوە هەروەك بەخەیاڵی خەڵکانێك دادێ. ئەوەی بەشمشێر فەرز دەکرێ رادەی هەرە نزمی رەوشتبەرزیە -ئەو هێندەی کە کۆمەڵگە ناتوانێ بێ ئەوە بژی، ئەم هێندەش-لە کۆمەڵگەی موسڵماندا- بەسەر پیاویشدا فەرزکراوە بەهەمان ئەو برەی بەسەر ژندا فەرزە. جا چ لە یاسادانان بێ چ لە ئاراستەکردن:

﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ: داوێن پیسانی پیاو و ژن هەریەکەیان بە لێدانی سەد تازیانە تەمێ کەن.﴾النور/٢.

﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ، وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ: تۆ بە پیاوانی باوەڕداران بڵێ: چاو داخەن و شورەیی خۆ بپارێزن. ئەمە

---

١ ئەمە لایەنێکی مافی بەردەوامی خۆیەتی لە جوایەزبونەوە لە مێردەکەی ئەگەر نەتوانێ لەگەڵی بژی. بڕوانە بەندی (الاسلام و المرأة) لە کتێبی (شبهات حول الاسلام).

بۆ ئەوان باشترە و خوداش ئاگای لە هەمو ئاکاریان هەیە. بە ژنانی باوەڕداریش بێژە با چاویان داخەن و شەرمی خۆیان بپارێزن.﴾النور ۳۰-۳۱.

تەنانەت ئەو هێندەش کە بە زەبری چەکی یاسا فەرزکراوە، چ پیاو چ ژن مافی ئەوەیان هەیە هەڵوێستی خۆیانی تیادا (هەڵبژێرن) جا بە هەڵبژاردنی خۆیان رەوشتبەرز بن نەك بەزۆری، بە بڕوایەکی راستگۆ نەك بە ترس و تۆقین لە سزا.

ئائەمەیە کە بڕوا لە دەرونی بڕواداران دروستی دەکا.

بەڵام رەوشتبەرزی زۆر لەم سنورە (رەسمی)ە فراوانترە کە بریتیە لە کەمترین رادە و ئەگەر ئەو رادەیە نەبێ کۆمەڵگە لە بنچینەوە دادەروخێ. بەڵکو بنیاتی تێکڕای دەرون و، هەمو هەڵسوکەوت و هەمو هەستێك دەگرێتەوە.

جا لێرەدا (مرۆڤ) -پیاو بێ یا ژن- مافی ئەوەی هەیە بە هەڵبژاردنی خۆی رەوشتبەرز بێ. وەك بەرزبونەوەیەك لە داکەوتن و هەڵزەلین بۆناو قوڕ و چڵپاوی رەوشت نزمی.. جا لەو کاتە زۆر بەتوندی هەست بەوە دەکا کە مرۆڤە و، خاوەنی بونێکە لە فراوانترین چێوەدا.

ژن مافی هەیە کە درۆ نەکا.

درۆش رەوشتێکی نزمە لە یاسای سەر زەوی سزای لەسەر نیە. جا کاتێك ژن خۆی لە درۆکردن دەپارێزێ، لەترسی سزا نیە، بەڵکو وەك خۆ بەرزگرتن لە کەوتنە نێو رەوشتنزمی و، بۆ دورخستنەوەی قەوارەی موسڵمانی لە دابەزین و دورکەوتنەوە لە رێگەی خودا.

هەروەها مافی هەیە جاسوسی نەکا و

مافی ئەوەی هەیە تانە و تەشەر نەهاوێ و

مافی ئەوەی هەیە خەڵەتاندن و فێڵ نەکا.

-بەکورتی- مافی ئەوەی هەیە کە لە رەفتار و هەست و هزر و جوڵە و ئۆقرەیدا راستەڕێ بێ..

جا ئەوکاتە هەست دەکا کە ئەو (مرۆڤ)ە و، هەمو بەهاکانی سەر زەوی لە دەرونیدا گچکە دەبنەوە و، هەست بەبونیان ناکا لەبەرامبەر قەوارە گەورە وەدیهاتوەکەی خۆیدا.

٭ ٭ ٭

بەر لەهەمو ئەو شتانەش ئافرەت مافی ئەوەی هەیە خاوەن بیروباوەڕ بێ. بیروباوەڕێکی ئیجابی چالاکی کارا.

بیروباوەڕی ئیسلامی بەخۆی بیروباوەڕێکی جولاّوە و ئۆقرەی نیە. هەر کە لە دەروندا شوێنی رەوای خۆی گرت، یەکسەر رەهای دەکا.. بەهەمو ئاراستەیەکدا رەهای دەکا.

هیچ هەستێکی ئیجابی وانیە قەوارەی مرۆڤ چالاك بکا و بونی بەدی بێنێ و، هیچ چارەسەرێکی هاوشێوە نیە بۆ هەمو نەخۆشیەکانی دەرون. چارەسەری بۆ لاوازی و کورتبڕی و سلبیەتی. چارەسەری گرێوگۆڵ و نەخۆشی و شپرزەییەکانی.

جا بۆیە کۆمەڵگەی موسڵمان -بەڕاستی- لەهەمو کۆمەڵگەکان نەخۆشی دەرونی و شپرزەبونی دەمارەکانی کەمترە. چونکە ئەو رەهابونە ئیجابیەی بیروباوەڕ دروستی دەکات، وزەی خەفەبونی نێو مەکۆکانی دەخاتە دەر و لە پێناو چاکە هەڵیدەڕێژێ و بەتاڵی دەکا، بۆیە دەرون هەست بە خەفەبون ناکات و وزەیەکی بەندبو نادۆزێتەوە پێویستی بە ئازاد بون هەبێ، کە زۆربەی جار ئازادبونێکی خوار و خێچە.

ئیجابیەتیش گەلێك جۆر و بواری جیاجیای هەن. لە چوار چێوەیەکی دیاریکراو

پەنگی نەخواردوە، تەنیا بریتی نیە لــە کــردەوەی مــاددی. بــەڵکو هــەمو کــار و کردەوەیەکە و، هەمو بیرۆکە و هەمو هەستێکە و. هەمو چرپەیەکی ویژدانە.

تەنیا کە مرۆڤ ئاراستەیەکی دیاریکراوی بەرامبەر شت و روداو و کەســەکاندا هەبێ. تەنیا گەر راوبۆچونی هەبێ. تەنیا گەر پێوەرێکی هەبێ شتەکانی پێ بپێوێ و حوکمی خۆی لەسەر دەربکــا.. ئەمــە بەتــەنیا ئیجابیــەتێکی گــەورە بــە دەرون دەبەخشــێ، کــە شــوێنەواری لــە هەســتەکاندا دەردەکــەوێ هــەروەك لــە قســە و کردەوەکاندا روندەبێتەوە..

جا بیروباوەڕ ئەمە دروستدەکا. ئەو پێوەرە دەداتە مرۆڤ کە حوکمی شــتەکان و روداوەکان و کەسەکانی پێ بکا. ئەو ڕاوبۆچونەی دەداتێ کە دروســتی دەکــا، ئــەو رایانەش لە وەرامی ئارەزوەکانی دروست ناکا (چونکە ئەمە سلبیە هەر چــەند بــە ئیجابیش دیار بێ) بەڵکو بە مەکێکی بابەتیانە دەبێ کە پێڕاگەیشتویی کەســێتی و توانای جیاکردنەوەی تێدا بەدی دەکرێ.

ئەم گۆڕەپانەش بە تەواوەتی لەبەردەم ئافرەتدا کراوەتەوە بەقەدەر ئەوەی کە بــۆ پیاو کراوەتەوە، ئافرەتی بڕواداریش -حەز بکا یا حەز نەکا- هەر دەبــێ کەســێتی ئیجابی بەرامبەر شتەکان هەبێ، چونکە ناتوانێ شتێك قبوڵ کــا کــە پێچەوانــەی بیروباوەڕ و حوکمی خۆی بــێ لەســەر شــتەکان. ئەگــەر ئــەو شــتە لــە نزیکــترین کەسیشەوە بێ: خــزم و کــەس یــا مــێردی یــا منداڵــەکانی. هــەردەبێ رای خــۆی بەرازیبون یا نارازیبون دەربڕێ لە بارەی هەمو ئەو شتانەی دێنە بەردەمی.

جا لە پاش ئەمە هیچ شتێك نیە رێگــەی جیــهادی لــێ بگــرێ لــەپێناو ئــەم بیروبــاوەڕە کــاتێك مەســەلەکە پێویســتی بــە جیــهاد دەبــێ.. جیــهاد بەهـــەمو ئامرازەکان هەتاکو مەیدانی جەنگیش.

* * *

هەروەها مافی هەستکردنی بە کەسێتی خۆی هەیە بە ئیجابیەت و کاریگـەری لەسـەر منداڵـەکانی. لـە پـەروەردەکردنیان لەسـەر بیروبـاوەڕ و بـەرەو راسـتەڕێ ئاراستەکردنیان.

ئافرەت لە عورفی ئیسلامیدا ئامێری منداڵبونی و دایەنی و شـیرپێدان نیـە.. ئەگینا ئیسلام هێندە مکوڕ نەدەبو لەسەر گۆشکردن و فێرکردن و بەهێزکردنی بڕوا لە ویژدانی ئافرەت لەگەڵ دابینکردنی دەسـتەبەری بژێـوی و یاسـایی و دەرونـی و رۆحی بۆ دامـەزراندنی قەوارەکەی.

ئیسلام ئەو هەمو هەوڵ و ماندوبونە بۆ پەروەردەکردنی ئافرەت-پەروەردەکردنی پیاویش- خەرج ناکا تەنیا لەپێناو هەردوکیان وەکو دوتـاك کـە ماوەیـەك لەسـەر زەوی بەسەر ببەن و تێپەڕن.

نەخێر! گەر مەسەلەکە بەم بارە بێ، ئەو هەمو ماندوبونە ناهێنێ.

بەڵکو ئیسلام هەمیشە حیساب بـۆ نـەوەکانی داهـاتو دەکـات کـە نـەوەکانی ئەمڕۆ پەروەردەیان دەکەن. بۆیە زاخـاوی ئـەمڕۆ دەدا هـەتا سـبەی -هەمیشـە- بەرهەمەکەی پاك بێ.

بۆیە لەمەدا گرنگی بە پیاو و بەژن دەدا وەك باوك و دایکی بەرهەمە نوێیەکە. بەڵام بەتایبەتی گرنگی و بایەخ بە ژن دەدا چونکە دایـك بنیاتنـەری راسـتەقینەی نەوەکانە. جا پاشان باوك بەشداری دەکا و. رەنگە پاشان بە تەنیا -یا بەشێوەیەکی سەرەکی- کارەکە لە ئەستۆ بگرێ. بەڵام مۆرکە سـەرەتاییەکانی دەرونـی منـداڵ ئەو مۆرکانەی کە هەر لە کۆرپەلەییـەوە لـە نـاخی هەسـتی دەچەسـپێ و، دواتـر کەسێتیەکەی دروست دەکـا، زۆرترینـی ئـەو مۆرکانـە لـە دایکیـەوە وەردەگـرێ، بەحوکمی ئەوەی کە بە هەست و نەستەوە بەدایکیەوە نوساوە، بەلای کەمی هـەتا بەپێ دەڕوا و، بازنەی ئەو (کۆمەڵگە)یە فراواندەکا کە تێیدا دەژی!

لەبەر ئەوەیە ئیسلام دەستەبەریەکانی ژیانی بۆ ژن دابینکردوە و، ناچاری نەکردوە بۆ بەخێوکردنی خۆی و خێزانی کار بکا. تاکو بۆ ترسناکترین ئەرك لە ژیانی مرۆڤایەتیدا تەرخان ببێ کە: ئەرکی بەرهەمهێنانی مرۆڤ و، چاودێری وپارێزگاری کردنیەتی لەگەندبون.

گێلایەتیەکی گەورەیە -لەسەردەمی پسپۆری و تایبەتمەند بوندا!- کە ئافرەت تایبەتمەندێتیەکەی لێ بسێندرێتەوە کە هەر بەخۆی تیایدا شارەزایە، تا لە بەرهەمهێنانی ماددی بەژدار بێ، کە پیاو دەتوانێ ئەنجامی بدا و، مادده و ئامراز دەتوانن ئەنجامی بدەن!

پێشتر باسی ئیجابیەتیشمان دەکرد..

هەروەها ئافرەت بۆی هەیە هەست بە ئیجابیەتی خۆی بکا و لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا قەوارەی خۆی وەدی بێنێ. دەڵێین لە پەروەردە نەك تەنیا منداڵبون و دایەنی و شیرپێدان، کە هەمو پشیلەیەك و هەمو مانگایەکی شیردەر ئەنجامی دەدا.

پەروەردە.. پێکهێنانی دەرونی منداڵان.. تۆوی بیروباوەڕی راست لە خاکو خۆڵێکی تازە.. چاندنی شەتڵە نەمام لە شوێنێکی تازە.

ئەمە هەوڵێکی گەورە و دور و درێژی پڕماندبونە. هەوڵێکی ئیجابیشە کاتێك ژن بەچاکی جێبەجێی دەکا.. هەروا ژن مافی چاکەکاری هەیە!

* * *

ئەمەش مانای وانیە ژن کار نەکا!

ئیسلام کارکردن قەدەغە ناکا.. هەمو مەسەلەکە ئەوەندەیە کە بە ئیشوکاری ئافرەت مورتاح نیە و وەك زەرورەتێك بە دروستی دادەنێ. بەڵام نایکاتە بنەڕەتی

شتەکان.

لە سەرەتادا ئەوەی لا مەکروهە کە تاقەت و وزەی ئافرەت لەبواری دیکەی غەیری بوارە رەسەنەکە بخرێنە کار و، دوەمجار لەلای مەکروهە کە مێشکی بەکارکردن ماندو بێ، جا برێکی رەونەقداری پڕشنگداری بەنمەی تێدا نەمێنێ کە کەش و هەوای ماڵی پێ ئاودار بکا و، بەسیحری تازەبوەوەی جلەوی بگرێ. کاتێك ژنیش ئیش بکا ئەوا -وەکو پیاو- بە هیلاکی و مێشك ماندویی دەگەڕێتەوە، جا قۆچانێ لەگەڵ پیاوەکەی دەکا و، پێکەوە ناگونجێن و تێك ناگەن و. سەرەڕای ئەمەش منداڵەکانی وا هەست ناکەن دایکێکیان هەیە. وەك بڵێی دایك و باوکی هەردوك نێرینەن!

بۆیە ئیسلام مکوڕە کە زامنی پێداویستیەکانی ژیان بۆ ژن بکا بەبێ ئاتاجبونی بۆ ماندوبون و کار و نان پەیداکردن. ئەگەر چی لە کاتی پێویست بونیش ئیشی لێ حەرام نەکردوە و ئەمەش بەردەوام لە ئارادایە!

هەرچی لەوکارانەشە کە بە ژنان تایبەتن وەك: مامۆستایی و پەرستیاری و نوژداری ژنان.. لێرە کارکردن تەنیا بە دروست دانانێ، بەڵکو فەرزی دەکا وەك فەرزکردنی سەربازی کردن بۆ پیاوان.

* * *

زانستیش فەرزە.. ئەم فەرزەش سنوری نیە.

بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئافرەت لە سەرەتادا دەبێ ئەوە فێربێ کە لەگەڵ فریشکیدا دەگونجێ و، بۆ ئەرکی هەرە گەورەی پێگەیاندنی نەوەکان دەیسازێنێ و، پاشان -ئەگەر ویستی- هەرچی بیەوێ بێ هیچ گرێ و گۆلێك دەیخوێنێ و فێری دەبێ..

ئەمەش پەلکێشمان دەکاتە نێو بابەتی تێکەڵاوبون.. چونکە کاتێك لــە زانکـۆ بخوێنێ ئەوا لەگەڵ لاوان تێکەڵ دەبێ.[1]

منیـش -بەدڵسـۆزیەوە- هــەوڵم دا بڕوبیــانو بـۆ ڕێگـە پێدانــی تێکــەڵاوبون بدۆزمەوە!

ئەو بیانوانەم خوێندەوە کە دەیانڵێن و ویستم بەلای بەراستدانانیاندا بشکێمەوە! سەربردەی بیرازکردنم[2] خوێندەوە!

کۆمەڵگـەی تێکـەڵاو بـیراز و مشـــتومالّی هەســتە سێکســیەکان دەکــا و دایاندەمرکێنێ. چونکە ئەو برسیەتیە سێکسیە کافرەی تێدا نامێنــێ کـە دەبێتـە مایەی لاڕێبون و ریزپەڕی. هەروەها کاتێك گەنجێك لەگەڵ کچێك یەکتر دەبینن و، هەردوکیان لەیــەکتر دیــتن و چاوپێکــەوتن دلاّرام دەبــن و، گـڕی حـەز و چاوبـازی دادەمرکێ، چیدیکەش سێکس نابێتە خەمی یەکەم و هێندەی پێوە خەریك نابن و، کـوڕ و کچـــی لاو لـــە غـــەریزەی ئاژەڵانـــە بـــەرزتر دەبنـــەوە، چونکـــە لـــە چاوپێکەوتنەکەیاندا بە باسوخواسی زانســتی و وێژەییــەوە خــەریك دەبــن، لەگــەڵ گفتوگۆکردنی مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری.. شـــتگەلێکی بـــەدەر لـــە چوارچێوەی سێکس.

کاتێك لاویش لە کۆمەڵگەیەکی تێکەڵاو دادەبێ قسە و گفتی جــوان و شـیرین دەبێ و، ئەو قسە بێ پەردانە ناکا کـــە لـــە کۆمەڵگــەی کوڕانــدا ڕێ بــەخۆی دەدا بیانکا..

---

[1] بنەڕەت لە دیدی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوەیە کە زانکۆی ژنان هـەبێ، بەڵام ئێمـە وا گریمـان دەکەین کە خوێندن بە تێکەڵاوی زەروریە.

[2] بیرازکردن: تهذیب.

کاتێك کچیش لە بینین و هاوڕێیەتی پیاو رادێ، وێنەی پیاو لە دەرونیدا دەگۆڕێ و، چیدی وەك گورگێکی دڕندە، یا ئاژەڵێکی سەیر، یا بونەوەرێکی تۆقێنەر.. یا جەستەیەکی تینوی سوتاو بۆ جەستەیەکی برسی نامێنێ.

کاتێك هەردو رەگەز بەیەك دەگەن هەریەکە شارەزای سروشتی ئەوی دی دەبێت و.. چاوپێکەوتن لەسەرەتای هاوسەرێتیدا نابێتە شتێکی لەناکاو کە مێشك سەرسام بکا و عەقڵ شپرزە بکا.

کاتێك کوڕی لاو ژنان دەبینێ و لە کۆمەڵگەدا لە گەڵیان تێکەڵ دەبێ ئەو خاڵیکردنە[1] سێکسیە پاکە دێتە ئارا کە بارەکە لەسەر مێشك هەڵدەگرێ و لاوەکە وا لێدەکا بۆ بەرهەمهێنان دەستی بەتاڵ بێ جا: خوێندکار یا فەرمانبەر یا کرێکار بێ..

کاتێك کچیش پیاوان دەبینێ و لە کۆمەڵگەدا لەگەڵیان تێکەڵ دەبێ، هەمان ئەو خاڵیکردنە رودەدا، جا چیدی کچ هەمو وزە و توانای خۆی لە خۆڕازاندنەوە خەرج ناکا هەتا پیاوانی پێ راو بکا و، چیدی ئەو راوە نابێتە گرێکوێرەی بەردەوامی خەمی.

کاتێك و.. کاتێك و.. کاتێك..

لە دەرونی خۆم ویست باوەڕ بە هەمو ئەمانە بکا و بەڕاستیان بزانێ.. بەرەو باوەڕپێکردنیش چوم!

پاشان بەدوای ئەو وێنە جوان و ناسك و بەرز و باڵایەدا گەڕام.. لەکوێ هەیە؟ لە کوێ هەیە تا ببینم و لە واقیعی سەر زەویدا باوەڕی پێ بکەم نەك لە خەون و خەیاڵان؟

---

١ خاڵیکردن: تصریف.

لە رۆژئاوا؟ لە رۆژهەڵات؟ لە میسر؟ لە چ وڵاتێك لە وڵاتانی سەرزەوی؟

ئایا ئەمریکا خەفەبونی سێکسی تێدایە بەهۆی تێکەڵاونەبون؟

ئەدی بۆ پڕاوپڕی (کارەساتی) رەوشتیە.. کارەساتی وا کە گەیشتۆتە رادەیەك تەنانەت خودی ئەو کۆمەڵگە شلۆقە بە کارەسات ناویان ببا و، بەدوای چارەسەردا بگەڕێ؟

ئەدی بۆ وا پڕاوپڕی ڕێزپەڕی سێکسیە[1]؟

ئەدی بۆ پڕ کارەساتی تەڵاقە کە ڕێژەی لەهەر وڵاتێکی دیکە زیاترە لەسەر روی زەوی.. بەمیسریشەوە!

ئایا وڵاتانی سەروی ئەوروپا تێکەڵاوی یان بیزارکردن، یا هاوسەنگی ئابوری، یا سەقامگیری سیاسی، یا هەر مەسەلەیەکی دیکەیان تێدا کەمە؟

ئەدی بۆ لێکترازانی رەوشت لەوێ تا ئەوپەڕی چوە؟

قوتابی کچ بەخۆی دەچێتە ماڵی قوتابیان (بەشەکانی ناوخۆی کوڕان) هەتا.. لەنێو جێدا لەگەڵیان بخوێنێ! پێش ئەوەی بشچێ –ئامراز و مادده و حەبی منداڵ نەبونی پێیە!

بەشێوەیەکی کاتیش.. باسی رەوشت ناکەم.

تەنیا لە روانگەی دەرونیەوە باسی مەسەلەکە دەکەم.. ئەو تێربونە لە کوێیە کە تێکەڵاوبون وەدی دەهێنێ، کەجێی کردەوەی سێکسی تەواو بگرێتەوە، بەڵکو جێی

---

[1] لە کتێبی (الانسان بین المادیة و الاسلام) دەڵێم: بڵاوبونەوەی ریزپەڕی سێکسی لە فەرەنسا و لە ئەمریکا کە هەموو بوارێکی سێکسیان رەخساندوە و هەمو ئامرازێکیان بۆ دابینکردوە، مەسەلەیەکە سەرنج رادەکێشێ، وێدەچی ریزپەڕی سێکسی لەم حاڵەتەدا وەك جۆرە گۆڕانکاریەك بڵاو ببێتەوە!

دەستبلاوی تێدا دەگرێتەوە؟

ئەوەی لە ئەوروپا و ئەمریکادا رویدا پێچەوانە بو. شێت و هاربونێکی سێکسی رویدا. ئەوەی نەما هەر ئەو (تەڵەکەبازی)ە بو بۆ دەستخستنی رابواردنی حەرام لەگەڵ چاوبازی و گێچەڵکردنی سەرەڕێ و، ئەمە لە پاکی نیە کە نەماون، بەڵکو لەبەر ئاسانی و بەردەستی نەماون!

جا ئایا ئێمە ئەوەمان دەوێ؟ یان ئەمەیە کە بانگەوازی بۆ دەکەین. ئەگەر لە بانگەوازەکەماندا دڵسۆز بین.

ئایا بیرازکردن لە عورفی ئێمەدا ئەوەیە کە لە رۆژئاوا دەیبینین؟ ئایا کاتێك گێچەڵ نەمێنێ وا دادەنێین کۆمەڵگە پاك بۆتەوە و، ئێمە رەوشتبەرز بوین؟ ئەگەر چی هەندێك جارماڵەکان و یانەکان و شەقامەکان ببنە فاحشەخانە؟!

لەهەمو مێژودا تێکەڵاوبون بێجگە لەو ئەنجامە چیدیکەی نیە.. لە ئەثینای کۆن و رۆمای کۆن و فارسی کۆن و هیندی کۆنیش هەروا بوە.. ئەمڕۆش لە پاش سەدان ساڵ لە پێشکەوتن و (گەشەسەندن) و شارستانی هەر وایە.

کاتێکیش ئەو هەمو (زیان)ەش لە تێکەڵاونەبون دەکەوێتەوە، دەخەمە تای تەرازو لەگەڵ ئەو (بیرازکردنەی) تێکەڵاوبون دروستی دەکات، ئەوا من بەبێ هیچ دو دڵی و پێویستی بۆ بیرکردنەوەیەکی زیاتر ئەوەی یەکەمیان هەڵدەبژێرم!

* * *

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو حیجابە تورکیە[1] لە بیرۆکەی ئیسلامدا مەبەست نیە کە یەکسەر وێنەکەی دێتە بەر چاوان.

---

١ مەبەست لە حیجابی تورکی ئەو جۆرە عەبا و بالاپۆشەیە کە پێشتر ژنە قەدیمەکان، بە تایبەتی دانیشتوانی قەلات دەیانپۆشی.. —وەرگێڕ—

مەبەست ئەوە نيە كە ژن بە تەواوی لـە پيـاوان بزربـێ تـاكو هـەمو خاياڵاتـە نەخۆشەكانی خەريك بكا.. يان پياو لە ژنان بزربێ.

مەبەست تەنيا ئەوەيە كە پەيوەنديەكی (تايبەت)ی لەگەڵ دروست نەكا كە بـە پەيوەستێكی شەرعی ئاشكرای زانراوەوە پەيوەست نەبێ.

جا ئەم دەرگايەيە كە شەيتانی لـێ دەچێتە ژور و، هەرگيز لێی دەرناچێ.

ژن دەچێتە دەرێ و پياوان دەبينێ و دەيبينن.. بە مەرجێك كە روت نەبێ و بـۆ فريودان و راوكردن و لە داوخستن چوبێتە دەر.

دەرچون بەخۆی قەدەغە نيە.. بەڵكو ئامانجەكەی جێگەی پرسيارە. بۆ خوێنـدن دەچێتە دەر؟ بۆ كاركردن دەچێتە دەر؟ بۆ رۆژ و هـەوا ديـتن دەچێتـە دەر؟ بـەڵێ. ئەمە هەموی موباحە. هەموی پاكە. هەموی شەرعيە. بەڵام ئەگـەر لـە نـاوەوەی هەستيدا وروژاندنی فيتنە و رێگرتنی مێينە بێ بە نێرينە و. زانسـت يـا كـار يـا گەشتوگوزار پەردەی ئەو شتانە بن.. لێرەدا رێی لـێ دەگيرێ، چونكە ئەمە بريتيـە لە سەرەتای ئەو رێگەيەی كە كۆتاييەكەی لە رۆژئاوای لەباريەكچو و لە رۆژهەڵاتی خەڵەتاودا دەبينين.

ئافرەت لەگەڵ پياو مامەڵە دەكـا و بـە پێچەوانـەش.. قسـەش لەگـەڵ يـەكتر دەكەن و، گفتوگۆی يەكتريش دەكەن و، يەكتری رێنوێن دەكـەن و، ئـەو خزمەتانـە ئاڵوگۆڕ دەكەن كە پێداويستی ژيانن، لەو كەش و هـەوا پـاك و لەبـەرچاوەدا، كـە فريودانی لە پشت حەشار نـەدرێ و، پێكـەنين و عيشـوە و غـەمزە و نـاز و لار و لەنجەی و چاوبازی تێدا نەبێ.

ئامانجگەلی پاك و رەفتاری پاك.

* * *

ئەدی هەست و سۆزی ژن؟ ئایا موڵکی خۆیەتی؟

ئایا هەستی فریشکی بەرامبەر رەگەزەکەی دیکە نابزوێ؟

ئایا چاوی ناکەوێتە سەر پیاوێکی دیاریکراو، کە باشی بێتە بەرچاوی، کە دڵی بگرێ و، حەزی لێبکا؟ ئایا ئەو کاتە هەڵوێستی لە کۆمەڵگەی موسڵماندا چۆن دەبێ؟

ئیسلام سیستەمێکی جیددیە..

بەڵام جیددیەت مانای ترش و تاڵی و نێوچەوان تێکنان نیە لە بەجێگەیاندنی کاروبارەکاندا! پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((**روحوا قلوبكم ساعة فساعة**: سات نا سات دڵەکانتان بحەسێننەوە.))رواه أبوداود عن أنس. هەروەها هەر کاتێك خەڵك پێغەمبەر ﷺیان دەدیت، روگەش و دەم بە زەردەخەنە بو لە رویاندا.

بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە مەسەلەکان بەجیددی و بێ پینەکردن و بێروتەمەنی و بێخوار و خێچ کردن وەردەگرێ.

هەستوسۆزیش لەدیدی ئیسلامدا دەبێ بەجیددی بێ و، هەر بۆیەشە کە رێزی دەگیرێ.

خۆشەویستی جیددی و ئیعجابی جیددی و دڵبۆچونی جیددی و.. هەستوسۆزی جیددی.

قورئان لە کچی شوعەیب دەگێڕتەوە، کە کچە پێغەمبەر بو، بە موسا (عليه السلام) سەرسام بو، ئەو سەرسام بونەشی بۆ باوکی دەربڕی بە شێوازێکی زۆر ساکار و بێ گرێوگۆڵ و ناز و گۆز و خۆ بادان: ﴿**يَاأَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الأَمِينُ**: باوەبەکرێی بگرە، چاترین رەنجبەر ئەوەیە بەتاقەت و جێباوەڕ بێ.﴾القصص/٢٦. ئەوجا باوکی دەیدا بە موسا (عليه السلام).

ئەوەی قورئانیش دەیگێڕێتەوە ئەو نمونەیەیە کە حەز دەکا خەڵکی تێیدا بژین. چونکە قسەکەی بە خراپ دانەناوە و، ویستویەتی بەراشکاوانە گوزارە لە ئیعجابی خۆی بکا و، نەیکردۆتە نهێنیەکیش کچە لە دڵی خۆیدا هەڵیگرێ و لای کەس و کاری نەیدرکێنێ.

خێزانیش لە کۆمەڵگەی موسڵماندا خێزانێکی موسڵمانە. هەر خێزانێکی تێکگەیشتو و ئاریکار و پێکەوە پەیوەست خۆشەویستی دایدەپۆشێ و، لەسەر راشکاوی رێزگرتن یەکدەگرنەوە و، لەم کەش و هەوا پڕ سۆز و خۆشەویستیە خاوێنە راشکاوە، کچ دەتوانێ هەستو سۆزە بەراستیە پاکەکەی خۆی باس بکا کە هیچ شتێك پیسی نەکردوە. جا دەبێتە جێگەی رێز یا ئامۆژگاری یا تێکگەیشتن لەهەمو بارێکدا.

* * *

بەڵام ئیسلام پیسی قبوڵ ناکا.

ئەو پیسیەی ناویانناوە خۆشەویستی و، بریتیە لە شاڵاوی سێکسی برسی و تینو.. ئەمە لەگەڵ بیرۆکەی ئیسلام لە بارەی (مرۆڤ)ەوە یەکناگرنەوە.

ئیسلام هاندەرە فریشکیەکان بەکەم دانانێ و خەفەی ناکا و بەپیسی تێناگا. سێکس بەخۆی پیس نیە و حەرامیش[1] نیە. بەڵام مەرجی ئیسلام گەڕانەوەیە بۆ فریشك: چنگە قوڕ و فوە رۆحەکە. نە ئەمەیان بە تەنیا و نە ئەویان. نە جەستەیەکی ئاژەڵی تینو.. نە گیانێکی پاکیزە و رەبەن[2]. هەردوکی حەرامە.

---

١ بەوردی بگەڕێوە بۆ (المشكلة الجنسية) لە (الانسان بين المادية و الاسلام).

٢ پاکیزە: بتول. رەبەن: راهب.

هەروەها ئیسلام رێ بە هاوسەرێتی دەدا و بانگەوازی بۆ دەکا و لای خەڵك خۆشەویستی دەکا.

جا لە هاوسەرێتیدا سێکس دەرفەتی سروشتی خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام بەرێگەی فریشکی ساغ و سەلامەت دەیدۆزێتەوە. دەبینێ کە بە ئامانجێکی بەرزترەوە پەیوەستە و، بەخۆی ئامانجی داواکراو نیە.

***

جا لێرەدا دەگەینە گیروگرفتی کوڕی رەبەن و کچی عازەب[1].

گیروگرفتی (بێبەشبون).. چارەسەریەکەی لە ئیسلامدا چیە مادام هەمو پەیوەندیەکی سێکسی بێجگە لە هاوسەرێتی حەرام دەکەین؟

ئەو چارەسەرەی ئیسلام پێی باشە بریتیە لە کۆمەڵە قۆناغێك و کۆمەڵە ئەنجامدانێك.

یەکەم: کۆمەڵگە لە هۆکارەکانی وروژاندنی هار و هاج پاکدەکاتەوە کە خوێنی جحێڵان گەرم دەکا و ئارامگرتنیان لەبەرامبەر سێکسدا دەکاتە گرانترین و دژوارترین کار. چونکە هیچ روتەمەنی نە لە رۆژنامەوانی و نە لە رادیۆ و نە لە سینەما و نە لە شانۆ و نە لە چیرۆك و نە لە رێگەدا نامێنێ.

دوەم: ئامانجگەلی جیددی بۆ ژیان دروستدەکا کە وزەی دەرونی دەخاتە گەڕ و لە پیسی قەدەغە بەرزی دەکاتەوە.

سێیەم: پاشماوەی وزەی زیندو بە خەریکبونی بەردەوامی جەستە و دەرون بەکاردێنێ.چونکە کوڕ بە وەرزش (وەك سوار چاکی و جیهاد) خەریك دەبێ و

---

١ رەبەن: کوڕێ ژنی نەهێنابێ.   عازەب: کچێك مێردی نەکردبێ.

کچیش بــە مــاڵداری، هــەردوکیش مــاندوبونی هەســتەکان بــەرز دەکەنــەوە و تــا ماوەیەك خەریکی دەکەن.

چوارەم: پەرستن دەکاتە بەشێك لە چالاکی زیندوی مــرۆڤ و، ئەمــەش دەکاتــە ئامرازێکی بەرزوباڵا بون و هەڵکشان.

لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا دەزانێ کە چارەسەری کاتین و بۆ ماوەیــەکی درێــژ خــۆ ناگرن. بۆیە بڕیاری هاوسەرگیری زو دەدا، بۆ کورتکردنەوەی ماوەی لەکار خســتنی سێکس کە هاندەرە بەرەو خراپە.

جا با لەمەدا راشکاوبین، هەروەك لە مەسەلەکانی دیکەشــدا داوای راشــکاویمان کرد.

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری پڕ گرێکوێرەی ئێستا رێگە بە هاوســەرگیری زو نادات.

ئەمە راستە.. بەڵام راستیەکی پابەندکار نیە و، واقیعێکیش نیــە کــە گۆڕانــی بەسەردا نەیە.

گەنج لــە ئــەمریکا لــە قۆنــاغی دوانــاوەندی کاســبی دەکــا و خــەرجی خــۆی دەستدەخا و، پاشان یەکجاری ئەرکی خۆی دەگرێتــە ئەســتۆ و ئەگــەر ویســتی ژن دێنێ و، دەچێتە زانکۆ و، پارە لە هەمو کاروبارێکی کە دێتە پێشی خــەرج دەکــا. سیستەمی خوێندنیش لەوێ سانایە بەشێوەیەك قوتابی دەتوانێ بخوێنێ و کار بکــا و، هیچ یەکێکیشیان رانەوەستن.

ئەوەی مرۆڤ لە ئەمریکا پێی دەکرێ مرۆڤی موسڵمانیش پێیاندەکرێ.

بەهەر حاڵ ئێمە باسی کۆمەڵگەی موسڵمان دەکــەین و باســی واقیعــی ئێســتا ناکەین کە جێبەجێکردنی بەشە وردەکانی ئیسلامی تێدا مەحاڵە.

کۆمەڵگەی موسڵمانیش ئابوریەکانی خۆی وا دەگونجێنێ کە لەگەڵ مەبدەئە رەوشتی و مەبدەئە رۆحیەکانیدا[1] کۆك بێ، جا ئەمانە هەردوکیان پێك دەگەن و، مرۆڤ لە نێوان داخوازیە ماددیەکان و ئەو ئەرکانەی ئاین دەیخاتە سەرشانی پارچە پارچە و دابڕ نابێ.

رێکخستنی ئابوریش -لەگەڵ زەحمەتی و لەگەڵ ئەو هەوڵە مەزنە بەردەوامەی بۆی خەرج دەکرێ- مەحاڵ نیە و ئەگەر نیازمان هەبێ و بڕوامان وابێ کە زەروریە دێتە دی..

* * *

بۆ مێرکردنیش کچ پێویستی بەوە نیە دابەزێتە بازار و خۆی پیشاندا هەروەك کۆیلەی سپی پیشانی کڕیاران دەدرێن. ئیسلام لەمە پتر رێزی لێناوە و پاراستویەتی. هەمو مافەکانی مرۆڤی بەتەواوی داوەتێ. مافی ئەوەی داوەتێ ئەگەر بیەوێ بۆ خۆی یەکێك هەڵبژێرێ، مافی ئەوەشی داوەتێ داخوازیکار قبوڵ کا یا رەتی کاتەوە، رەزامەندی وەرگرتنیشی کردۆتە واجب ئەگەر نەبێ هاوسەرگیریەکە پوچ دەبێتەوە دروست نیە.

بەڵام ئیسلام حەز دەکا هەمو شتێکی تێدا پاك بێ.

مادام کچ دەچێتە دەرێ و دەخوێنێ و ئەگەر بارودۆخ بخوازێ کاردەکا. کەواتە ترسی ئەوەی نیە بەبەندکراوی بمێنێتەوە و پیاوێك نەیبینێ. هەرگیز لە مێژودا ئەمە روی نەداوە، تەنانەت لە سەردەمی حیجابی تورکی تەواویش کە ژنی لە (حەرەمسەرا) دانابو.

---

[1] بڕوانە کتێبی (العدالة الاجتماعية في الاسلام).

کاتێك کۆمەڵگـەش پـاك و جیـددی بـێ ئـەوا هـەر دەبـێ ژن بێنـن.. مـادام رابواردنی پیسی ئاسانیان دەسناکەوێ کە جێگەی ژنهێنانیان بۆ پڕکاتەوە. هـەنگی ئەو تەنگژەیەی[1] ئێستا نامێنێ کە کچ ناچار دەکا خـۆی بـۆ راوی مـێرد دابەزێتـە بازاڕ.

پاشان ئەو گێروگرفتەی کە کۆمەڵگەی پیسی لە شاردا توشی دڵـەڕاوکێ کـردوە هەر لە خۆیەوە دەڕوا و نامێنێ، کاتێك ئێمە موسڵمان بین.

* * *

ماوەی دەزگیرانیش بەسە بـۆ لێکۆڵینـەوەی رەوشـت و تەبیعـەت و کەسـێتی، زەروریش نیە لێکۆڵینەوە بە ماچی بەدزی پـەنا و پەسـیوان بێـت. چونکـە ئەمـە کەڵەکەبازیەکە بۆ رابواردنی سێکسی بەناوی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە!

کوڕە و کچە مافی ئەوەیان هەیە چاویان پێك بکەوێ و یەکتر بناسن و لە شـتان بکۆڵنەوە. بەڵام بە ئەدەبێکی بەراستی و بە ئامادەبونی کەسانی مەحرەم، نەك لـە شوێنی چاو نەدیودا.

کاروباری جیددی بەمشێوەیەیە.

جا ئەگەر بڕیاریـاندا دەتوانـن پێکـەوە پەیوەسـت بـن و کـوڕە مـارەی بکـا.. لەوساتەوەش دەبێتە ژنی و ئەگەر ویستی دەتوانی لە خەونە خۆشەکانی دەزگـیرانی چێژ وەرگـرێ کـە گـەنجانی ئـەمڕۆ زۆر لەسـەری مکـوڕن، بـۆ ئـەوەش ماوەیـەك گواستنەوە دوا بخـا و، پێکـەوە بچنـە دەر و گەشـت بکـەن بـە حـەلاڵی خـودا و پێغەمبەرەکەی و بڕواداران رابوێرن.

* * *

[1] هەنگی: ئەوکاتە. تەنگژە: أزمة.

کاتێك کچیش مێرد دەکا و زگی پڕدەبێ و منداڵی دەبێ، ئیشوکاری یەکەمی دەبێتەماڵەکەی و، چاودێری بەرهەمە مرۆڤانە تازەکە.

بەڵام ئەوە رێی چالاکی کۆمەڵایەتی جیددی و دڵسۆزانە و پاکی لێناگرێ. چونکە ئیسلام هیچ جۆرە پیسیەك قبوڵ ناکا، جا ئەو پیسیە ریاکاریەك بێ دەرون خۆی پێ دەرخا، یان گەندەڵیەك بێ لە زەوی، یا لە راستەڕێ دەرچون بێ.

جا کاتێك ژن لە ماڵی خۆی دەردەچێ هەتا لە ئاهەنگێکی سەماکردن ئامادەبێ و. کاتێك دەچێتە دەرێ هەتا پیاوی بێگانە ببینێ بۆ ئەوەی غەزەلخوانی بکەن و بە جوانی ویدا هەڵبڵێن و. کاتێك دەچێتە دەر بۆ ئەوەی وا بلاو بێتەوە کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا کار دەکا و. کاتێك دەچێتە دەر بۆ سەردانی دەستە خوشکانی هەتا غەیبەتی خەڵکی بکەن و. کاتێك دەچێتە دەر تا گەندەڵی لەسەر زەویدا بلاوبکاتەوە جا بەهەر رێگایەك بێ، ئەو کاتە حەرامە بچێتە دەرێ، ئەگەر مێردەکەشی رازی بێ یان هانی بدا.

بەڵام کاتێك دەچێتە دەر تا لەگەڵ کچانی هاورەگەزی هاریکار بن بۆ چاکسازی کۆمەڵگە بۆ دامەزراندنی بیروباوەڕی دروست و پەروەردەی دەرونەکان و نەهێشتن و لەناو بردنی تاوان و جیهاد لەپێناو بیروباوەڕ.. ئەوا دەرچونەکەی حەڵاڵە مادام سفوری تێدا نەبێ و لە سنور دەرنەچێ.

چونکە عیبرەت لە خودی دەرچونەکە نیە، بەڵکو لە ئامانجەکەی و لە شێوازی رەفتارکردندایە.

* * *

ئەوە رەوشی ئافرەتی موسڵمانە لە کۆمەڵگەی موسڵماندا و، ئەوە ئازادکردنی راستەقینەی ئافرەتە..

کاتێك ژنیش ئازاد بێ کۆمەڵگــە ئــازاد دەبــێ.. چونکــە ئــەو پــەروەردەکاری نەوەکانە.

هەرچی ئەو ئازادکردنەشە کە هەڵیانبەستاوە گوایە ئــافرەت لــە رۆژئــاوا پێــی گەیشــتوە و، ئــەوەی بانگــەوازکارانی ئــازادکردن بــە هــاندەری چاولێکــەری لـــە رۆژهــەڵاتی ئیســلامیدا بانگەشــەی بــۆ دەکــەن.. ئــەوە بـــەرموزنکردنی[1] ژن و، بەرموزنکردنی پیاو، بەرموزنکردنی نەوەکانیشە.

بەهەر حاڵ رۆژئاوا بارودۆخی تایبەتی خۆی هەبوە کە پێشتر راڤەمان کردن، کە دابەزین و لارێبونەکەی لێکدەدەنەوە. خوداش ئێمەی توشی ئەو بارودۆخە خراپ و روخێنەرانە نەکردوە، جا چۆن ستایشی خودا نەکەین بەوەی کە بۆ لای بگەڕێینــەوە ئەو رێیە بگرین کە بۆی هەڵبژاردوین؟

ئافرەتیش لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا لەبارێکی یەکجار خراپ دایە.

بارێکی وا دەبێ کار بۆ گۆڕانی بکرێ و هەمو هێزەکان بۆ ئەو گۆڕانــە تــەرخان بکرێن. بەڵام با شوێنی دەردەکان بزانین هەتا چارەسەر بدۆزینەوە.

ژن لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، جگە لە کەمینەیــەکی هــەرە کــەمی دەگمــەن.. ژنێکی ئاژەڵە..

ئاژەڵێکە لە گوند و لادێیان لەناو قەپلێکی پیسی بەرهەســت و مەعنــەوی و.. کۆیلایەتی بۆ پیاو و، بۆ ئەو رەوشانەی لە کۆمەڵگەی مــردۆخ و پاشــکەوتودا لــە ئازاردان..

لە شاریشدا ئاژەڵە. خاوێن و رێك و کەشخە و بــە لەنجــە و لارە. بــەڵام لەگــەڵ هەندێشدا ئاژەڵە، ئاژەڵێکە بۆتە بەندەی ئارەزوەکان.

---

[1] رموزنکردن: مسخ .

جگە لە کەمینەیەکی هەرە کەمی دەگمەن.. کە بە زانایی بڕوای بە خودا هەیە و.. بڕوای بەخۆی هەیە لەڕێگەی بڕوابون بە خودا.

لە لادێ ژنێکی نەفامی کۆیلە کە نە قەوارەی هەیە نـە حەقیقـەت. پیـاو وەك باوك و وەك برا و وەك مێرد و وەك خزم دەیکاتە کۆیلە.. تـەنیا ئەگـەر ئـەو ژنـە موڵکێکی هەبێ.. ئەو کاتە هەسـت بـەخۆی دەکـا و شـانازی بـە بونـی دەکـا.. بەشێوازی ئاژەڵ.

لە شاریشدا ژن لە هەمو کۆتێك بەرەڵایە. خوێندویەتی و، خۆی رازاندوتـەوە و، روتبۆتەوە و هاوڕێەتی پیاوانی کردوە، (هاوڕێیەتی) جۆراوجـۆر و. وەك کرێکـار و فەرمانبەر ئیشی کردوە. لەبەری رەنجی دەستی خۆی داهـاتێکی دەسـکەوتوە و. - بەروکەش- بەرامبەر پیاو سەربەخۆیە و لەژێر دەسەڵاتیان ئازادە.. پاشان..

پاشان -بەویستی خۆی- خۆی کردۆتە کۆیلە بۆ ئارەزوەکانی ئاژەڵ و، جـارێکی دیکە بۆ پیاو گەڕاوەتـەوە، نـەرێزی لای خـۆی هەیـە و نـە دەرونبـەرزی، بـەڵکو غەریزەی نزم هانی دەدا و ئەویش رێی رەفتاری ئاژەڵان دەگرێ.

ئەوجا رونە ئازاد نەبوە..

بەڵکو تەنیا لە جلەو دەرچوە و، هێشتا مۆری کۆیلایەتی لە خوێنیدا ماوە.

ئازادی راستەقینە ئەو رۆژەیە کە مرۆڤ -بە هەردو رەگەزەکەی- دەرونی بـەرز دەبێ لە ئاست زەرورەت و هاندەری ئارەزوەکان و، دەیگۆڕێ بۆ رەفتـارێکی ئـازاد کە بەرزبونەوە و هەڵبژاردنی تێدایە.

جا ئایا ئەو کچەی خۆیڕازاندۆتەوە لە دەستی دێ بێ خۆڕازاندنەوە و بێ بۆیاغ و بەرجەستەکردنی شوێنەکانی فریودان بچێتە دەرێ.

ئایا لـە دەسـت خۆیـەتی بـۆ سـەرە رێ بچێتـە دەر و بـە راوی تیلـەچاوێکی موعجەبانە یا تێڕوانینێکی نزم خەریك نەبێ و بایەخی پێنەدا؟

هەمو ژنێك حەز دەكا مایەی سەرسام بون بێ، یان بـەلای کـەمی خـەڵك لێـی نەڕەونەوە.

ئەوەش هەستێکی سروشتیە و چ نەنگی و لاڕێییەکی تێدا نیە.

بەڵام (مرۆڤ) هاندەرەکانی رێکدەخا و تا سەری رێ لەگەڵی ناچێ.

ئەو ژنەی بەهەمو قەوارەی خـۆی حـەز دەکـا جێگـەی سەرسـامی و جێگـەی رێزگرتن بێ، جیاوازە لەوەی تەنیا لە رواڵەتی جەسـتە کـۆی بکاتـەوە و، دەرۆزەی سەرسامی و وروژاندن و فریودان بکا.

یەکەمیان ئازادە و خاوەنی قەوارەی خۆیەتی و بەسەر کەسانی دیکەیدا فـەرزی دەکا، ئەوی دیکەش کۆیلەیەکە بۆ ئەو هاندەرانە لە قەوارەی خۆیدا هەن و کۆیلەیە بۆ کەسانی دیکە.

ئازادبونی راستەقینە کردارێکی زەحمەت و ئەسـتەمە. گـەلێك ئـەرکی گـەورە دەخاتە سەر هەستەکان و رەفتار و هزرەکان. بەڵام ئازادبونی ساختە، بـەواتای لـە جڵەو بەرەڵابون، چەند ئاسان و سانایە.. ئـەو رۆژی کۆمـەڵگـە دەگـۆڕێ و دەبێتـە کۆمەڵێك لە بەنی حەیوان!

پێوەری راستەقینەی ژنی (ئازاد)یش بریتیە لەو وێنەیەی لە هەستی ئەو پیاوەدا وەریدەگرێ کە لە کۆمەڵگەدا لە گەڵیدا دەژی. جا پیاو چۆن تەماشای دەکا؟ ئایـا بەڕاستی (رێزی دەگرێ). لەبەردەم و لە پاشملـە؟ یـا هـەر حـەزی دەچێـ و، وەك رابواردنێکی سەرجێ دێتە خەیاڵی؟

بەراستی ئەو پیاوە کەمە. ئەمیش –وەك ژنەکە– پیاوێکی ئاژەڵە.

بەڵام ژنەکە -ئەگەر لەرێگەی بڕوابون بەخوداوە بڕوای بەخۆی هەبێ- لە دەستی دێ بەهای خۆی بەرزبکاتەوە و، بونـــی ســەربەرزانە و قــەوارەی وەدیــهاتوی خــۆی بەســەر پیــاوەدا فــەرز بکــا. بــەڵام کــاتێك خــۆی دەخاتــە بــەرچاوانی پیـــاو وەك جەستەیەکی تیختیخەدراوی رازاوەی بە لار و لەنجە، ئەوا نابێ چاوەڕێی شـوێنێکی گەورەتر بێ لە رابواردنی سەرجێ لە هەستی پیاودا.

* * *

کاتێك ئافرەتیش بەوشــێوە راستەقینەیە ئــازاد دەبــێ، پیــاو ئــازاد دەبــێ و، کۆمەڵگە ئازاد دەبێ و، نەوەکانیش ئازاد دەبن.

ئەمەش گەورەترین ئامانجە کە ئیسلام بۆ وەدیهێنانی تێدەکۆشێ.

لە کۆمەڵگەی موسڵمانیش دا گەلێك گرێوگۆڵ دەبنەوە کە ئەمڕۆ دەرونەکانیان ئاخنیوە و، -هەر لە خۆڕا- زۆر گیروگرفت و کێشەش چارەسەر دەبن.

راستە هەمو کۆمەڵگەیەك گیروگرفتی خۆی هەیە.. بەڵام. جۆری گیروگرفتەکان بە جیاوازی پلەی (بەرزێتی) و سروشتی ئامانجەکان دەگۆڕێ.

ئەو گیروگرفتانەی روبەڕوی کۆمەڵگەی موســڵمان دەبنــەوە بریتــین لــە هــەوڵی بەردەوامی جێگیربون لەسەر بیروبــاوەڕ و بەرزبونــەوە لــە ئاســت پێداویســتیەکان. ئەمەش هەوڵێکی پڕماندوبونە و بە هەساوەیی واز لە مرۆڤ ناهێنــێ و، دەرفــەتی بۆ ناهێڵێتەوە چەند چرکەیەك بێئاگا بێ.. بەڵام هــەوڵێکی چــاك و رو لــە بەرزیــە، مرۆڤایەتی بەرەو بەرزتر دەبا لە هەمان ئەو کاتەی کە بەرەو پێشی دەبا.

کۆمەڵگەی لێکترازاویش گرێ و گرفت و ئازاری خۆی هەیە.. بــەڵام هەوڵــەکان تیــایدا هــەوڵی بــەفیڕۆ چـــون، چونکـــە بەرێگـــەی شـــەیتاندا دەڕۆن و، تـــەنیا تێڕوانینێکیش بۆ ئەو جیهانەی ئەمڕۆ ژیاری رۆژئاوا بەسەریدا زاڵە. ئەو جیهانــەی

لەهەمو ساتێکدا لەژێر هەڕەشەی وێران بونە، بەسە بۆ وەڵامی هەمو پرسیارێك.

ئەم کۆمەڵگە موسڵمانەش تەنیا بە موسڵمانان تایبەت نیە.. بەڵکو هەمو ئەو مرۆڤزادانە دەگرێتەوە کە تێیدا دەژین.

بەگوێرەی موسڵمانان بیروباوەڕە و، بە گوێرەی غەیری وان سیستەمە. سیستەمێك لە سایەیدا بە ئاسایش و بە بەرزی و هەڵکشاوی دەژین و، بیروباوەڕی تایبەت بەخۆشیان پارێزراوە و دەستی کەسی بەرناکەوێ.

ئەوجـــا ...!

ئەوجا من دەزانم کە خەڵك تەنیا بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە و هـەزار کتێبیـش نابنە موسڵمان.

نەخێر. چونکە ئیمپریالیزمی خاچپەرست و زایۆنی لە ماوەی دو سەدە گەمـەی نەکردوە!

هەر لەو ڕۆژەی ئیسلام لە دایکبوە دژایەتی لە نێوان ئیسـلام و خاچپەرسـتی و زایۆنیزم لە ئارادایە. هەر لەو ساتەوە کـە دەوڵـەتی ئیسـلام لـە مەدینـە لەسـەر دەستی پێغەمبەر ﷺ دامەزرا.

هەر لەو سـاتەوە تـا ئێسـتا خاچپەرسـتی و زایۆنـیزم تەڵـە و داو بـۆ ئیسـلام دەنێنەوە و هەتا قیامەتیش هەر بەردەوام دەبن. خودای پەروەردگاری موسڵمانان و پەروەردگاری هەمو خەڵکی دەفەرموێ: ﴿وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَـارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ: ئەو جولەکە و فەلانە، تـا نەچیـە سـەر دینـی ئـەوان، هـەرگیز خۆشیان لەتۆ نایە. ﴾البقرة/١٢٠. ﴿وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُـمْ عَـنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا: ئەوان دەستتان لـێ بەرنادەن، هەر لەگەڵ ئێوە بەشـەڕ دێـن، هەتا-گەر بۆیان بلوێ- ئێوە لە دینەکەی خۆتان وەر بگێڕن. ﴾البقرة/٢١٧.

جا لە چەندین نۆرە ئیسلام سەرکەوتوە و، جارجارەش خاچپەرسـتی و زایۆنـیزم سەرکەوتن.

بەتایبەتیش لەو دو سەدەیەی دواییدا، کاتێك جیهانی ئیسلامی لێکجودا بـۆوە و پارچە پارچە بو، کاتێك رەق هەڵگەڕا و بوە بـەرد و لـە پێشـکەوتن بێـهێز بـو، خاچپەرستی و زایۆنیزم دەرفەتەکەیان قۆزتەوە و، بۆ پارچە پارچـە کردنـی (پیـاوە نەخۆشەکە) هێرشیان هێنا و پاش پەرشوبڵاوبونەوەی پارچەکانیشی قەپیان لێگرت.

هەر کەسێکی وا گومان ببا رۆژئاوا تەماعی کردبوە رۆژهەڵاتی ئیسلامی لەبەر سەرچاوە سروشتیەکانی، یان توانای مرۆڤایەتی، یا بە خولیای دۆزینەوەی بازاڕ بـۆ سەرفکردنی کەل و پەلە زیادەکانی، یا بەئارەزوی خستنەگەڕی (سەرمایەی مـاڵی) زیاد و دەسکەوتنی قازانجی پتر..

هەر کەسێك واگومان ببا تەنیا ئەوە بو رۆژئـاوای بـۆ ئیسـتعماری رۆژهـەڵاتی ئیسلامی هـاندا ئـەوە بابایـەکی سـاکاری وێلکـراوی خەڵـەتاوە.. بـەخودی ئـەو بانگەشەی خاچپەرستیەوە خەڵەتاوە کە هەڵوێستەکەی بەم شێوەیە دەرخستوە تاکو ئامانجە رەسەنەکەی لە چاوان بزرکا!

هەر کەسێکی گومانیشی لەوەدا هەیە کە هێرشێکی خاچپەرسـتی زایۆنـی دژە ئیسلام بو بەمەبەستی لەناوبردن و لـە رەگـەوە هەڵکێشـانی ئیسـلام.. بـا مێـژو بخوێنێتەوە!

با لە کتێبی (پرۆتۆکۆلەکانی دانایانی زایۆن) بخوێنێتەوە (تـەکتیك)ی جولەکـە چـۆن لەسـەر بنچینـەی لـەناوبردنی هـەردو بیروبـاوەڕی نـەصرانی و ئیســلامی دامەزراوە، لەناوبردنیش بەهەمو ئـامرازێك، لەوانـەش بڵاوکردنـەوەی بیروڕاکـانی فرۆید و رێکارەکانی[1] مارکس. هـەروەها چـۆن تـەکتیك بـۆ کـاولکردنی جیـهانی ئیسلامی دانراوە بەتایبەتی بە دامەزراندنی (نیشتمانی قەومی) بـۆ جولـەکان لـە

---

١ رێکارەکان: تعالیم.

نێو دڵی جیهانی ئیسلامی تاکو ببێتە خاڵی هێرشکردن و پێگـەی هـەنگاونان بـۆ وێرانکردن.

با ئەوەش بخوێنینێتەوە چۆن سـەرۆك وەزیرانـی بـەریتانیا لـە ڕۆژی داگـیرکردنی بەریتانی بۆ میسر لە ساڵی ١٨٨٢ لـە ئەنجومـەنی گشـتی هەسـتاوە سـەرپێ و، قورئانێکی بەدەستەوە بو و گوتی: هەتاکو ئەم کتێبە لە دەستی میسـریاندا بمێنـێ ئێمە (ئینگلیز) ناتوانین لەو وڵاتەدا ئۆقرە بگرین.

با بخوێنینێتەوە چۆن ئینگلیز قەشەیەکیان هەڵبژارد کە لە فێرگەی لاهوت دەرچـو بو تا بەرنامەکانی خوێندن بۆ میسر دابنێ و سەرپەرشتیان بکا. جا (دێنلۆپ) کرا ڕاوێژکار و دارێژەری سیاسەتی مەعاریفی میسری، تا وایلێهات چەندین نـەوە لـە قوتابخانەکانی میسر دەرچون و بێجگە لە شکوگومان هیچـی دیکـەیان لـە بـارەی ئیسلام نەدەزانی!

با بخوێنینێتەوە لە کۆنگرەی موژدەگاران[1] کە لە سەرەتای ئەم سـەدەیە (سـەدەی بیستەم-وەرگێڕ-) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆبۆوە، موژدەگـاران لاتبونـی ئـەرکی موژدەگاریان ڕاگەیاند لەگەڵ نشوستی هێنانی لە بەجێگەیاندنی پەیامەکەیدا. کـە گوتیان لە دو جۆر موسڵمان بترازێ کەسی دیکە بـەپیر بانگەوازەکەمانەوە نایـێ: منداڵێك کە لە کەسوکاریەوە ڕفێنرابێ ئەویش بچوکـە و هـەر لەسـەر دیانایـەتی پەروەردە دەکرێ و، ئاگای لە بیروباوەڕە ڕەسەنەکەی خۆی نیە، یا پیاوێکی پەڕپوت و لات کە هیچ ڕێگەیەکی ژیانی لەبەردەم نەمابێ مەگـەر بـون بـەدیان تـا پـاروە نانێکی دەسکەوێ، ئەمەش هـەر جێگومانـە داخـوا بەراسـتی بیروبـاوەڕی خـۆی گۆڕیوە یان نا. جا چۆن (قەشە زویمەر) هەستاوە کە لەو ڕۆژەی بڕیـاردەری کۆنگـرە

---

١ موژدەگاران: مبشر.

بو و گوتی: ئەوانەی وتاریان دا زۆر هەڵە بون. ئامانجی راستەقینەش ئەوە نیە کـە موسڵمانان بگۆڕێن و چیدی دەست بە ئاینی خۆیانـەوە نـەگرن. لەمەشـدا زۆر بـە چاکی سەرکەوتوین لە رێگەی قوتابخانە تایبەتیەکانمان و، لە رێگەی قوتابخانـەکانی حکومەت کە لەسەر پەیڕەو و بەرنامەی ئێمە دەڕۆن.

هەروەها با کتێبی (هێرش بۆسەر جیهانی ئیسلامی)[1] بخوێنێتەوە کە لە دانانی کابرایەکی فەڕەنسیە، دەزانێ چۆن موژدەگـار و ئیمپریالیسـتان مکوڕبـون لەسـەر وروژاندنی (دۆزی ئافرەت) لە هەمو ئەو وڵاتانەی چونەتە ناوی، لەگەڵ بانگەواز بۆ (ئازادکردن)ی ئافرەت و بەسفوری دەرخستنی بۆ کۆمەڵگـە تـا رەوشـت لەباریـەك بچێ و بەرگری دژە ئیمپریالیزم نەمێنێ.

با لە کتێبی (ئیمپریالیزم و موژدەگاری)[2]ی عومەر فەروخ راڤەی ئەو ئامرازانە بخوێنێتەوە کە ئیمپریالیزم و موژدەگـاری بـەکاریان دەهێنـا. وە بـە چ شـێوەیەك بـەردەوام پێکـەوەن و، هەمیشـە تێکدەگـەن و، رێکارەکانیـان بـەردەوام لەیـەك سەرچاوە وەردەگرن.

با لە کتێبی (ئیسلام لە دوڕیاندا)[3] بخوێنێتەوە کە (لیۆپۆلـد ڤـایس) داینـاوە، چۆن رۆژهەڵاتناسان موژدەگاری دیـان بـون و لێکۆڵینـەوە (زانسـتیەکان)یـان لـە پۆخڵەواتی دەمارگیری ئـاینی خۆیـان هەڵدەکێشـا، ئـەوجا هزرمـەندانی جیـهانی ئیسلامیش بەبێ پارزونگ قسەکانیان لێوەردەگرن و، ئەو قسانە بەراست دادەنێن و ئیسلام بەدرۆ دەخەنەوە.

---

١ الغارة على العالم الاسلامي
٢ الاستعمار و التبشير
٣ الاسلام على مفترق الطرق

با لێکۆڵینەوە سەراسیمەکەی بخوێنینەوە کــە دکتــۆر موحەمــەد ئەلبــەهی لــە کتێبی (هزری هاوچەرخی ئیسلامی و پەیوەندی بە ئیمپریالیزمی رۆژئاوا)[1]:

چۆن رۆژئاوا دەسەڵاتی سیاسی بەسەر رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا دەسدەکەوێ؟

چۆن موسڵمانان پاشکەوتو دەمێننەوە؟

چونکە خاچپەرستی ژاری کینەی خۆی هەڵدەڕێژی؟

ئەم سێ پرسـیارە لـە تـێڕوانینی رۆژئـاوای مەسـیحی داگیرکـەردا بەیەکـەوە پەیوەستن. مکوڕیشە کـە لـە دەسـبەکاربونی دەسـەڵاتی لـێرە لـە رۆژهـەڵات بـە پەیوەستی بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەی کــە بونــی هــەر یەکــەیان و مانــەوەیان مایــەی دابینکردنی مانەوەی دوەکەی دیکەیە.

بۆیە، هەر لەو ئاستەوە کە دەسەڵاتی رۆژئاوا لە بەشــە رۆژهــەڵاتی ئیســلامی دەســبەکار بــوە، کــاری بـــۆ دواکـــەوتنی موســـڵمانان و بـــەتاڵکردنی کینـــەی خاچپەرستانەکردوە. رێگەیەکی دیکەش بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە نیــە بێجگــە لــە دەســت خســتنە نێــو (بابــەتی ئاراســتەکردنی نــاوخۆ) و بێســود کردنــی. لــە ئاراستەکردنی رۆژهەڵاتی ئیسلامیش لە ئیسلام و کەلەپوری ئیسلام بترازێ هیچــی تــر نــەبو کــە موســڵمان لــە راڤــەی ئیســلامەکەیاندا جێیــان هێشــتبو. کەواتـــە گەندەڵکردنی ئیســـلام و کەلـــەپوری ئیســـلامی، یەکـــەم مەبەســـتی ئیمپریـــالیزمی رۆژئاوا بو. ئامرازەکەش بۆ ئەوە بریتی بو لە دەرخستن و بەرجەستەکردنی جیاکاری لەنێوان رۆژئـــاوا و رۆژهـــەڵات. لـــە پێشـــکەوتنی یەکـــەم و دواکـــەوتنی دوەمیـــان. (زانست) و (توێژینەوە)ش لەوێ دەستیان بەگەڕانکرد بـــەدوای ئـــەو جیاوازیـــەدا و،

[1] الفكر الاسلامي الحديث و صلته بالاستعمار الغربي

هۆكارەكانیش لەم دواییە لە روبەڕوبونەوەی نێوان مەسیحیەت و ئیسلامدا چڕ بۆوە.

(مەسیحیەت ئاینی پێشكەوتوان و، ئیسلام ئاینی پاشكەوتوان!

(جا لێرەدا هەندێ موسڵمان دەستیان بە بانگەوازی شوێنكەوتنی رۆژئاوا كرد لەوەی كە پێگەیشتون لە ژیاری پیشەسازی و هێزی سروشتی. بەڵام ئەو شوێنكەوتنەش بەروبومی بۆ رۆژهەڵاتی ئیسلامی نابێ مەگەر هەڵوێستێك لە ئیسلام وەربگرێ كە لە مەسیحیەت نیزیكی بكاتەوە!)

❊ ❊ ❊

بەڵێ. هەر كەسێكی گومانی لەو هێرشە خاچپەرستانەی ئێستا هەبێ لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا و، هەر كەسێكی گومانی لە هێرشی زایۆنی ئێستا هەبێ.. با مێژو بخوێنێتەوە!

جا -كە مێژو دەخوێنێتەوە- دەزانێ چۆن خاچپەرستی و زایۆنیزم مكوڕبون لەسەر ئەوەی موسڵمانان لە ئاینەكەیان دور بخەنەوە و، وێنەی ئاینەكەیان لە زەیندا بشێوێنن و، وای پیشاندەن كە ئیسلام دواكەوتن و داڕوخان و هیشكی و پاشكەوتنخوازیە دەبێ تا زوە مرۆڤ خۆی لێ داماڵێ و، خۆی لە نەفامیەكەی رزگار كا و، لە بارە گرانەكانی ئازاد بێ.

دەشزانێ ئەو رۆڵە رێكخراو و لێكۆڵراوە و، بەوردی جێبەجێكراوە چی بوە كە بۆ كاول و وێرانكردنی رۆژهەڵاتی ئیسلامی لە بناغەوە خراوەتە گەڕ. بە قوچاندنەوەی كۆڵەگەكانی ئاین و، كردنەوەی گرێبەندی رەوشت و، لەناوبردنی نەریتەكان و، دەرچواندنی (بانگەوازكاران) لەنێو خودی موسڵماناندا كە بانگەشەی وێرانكاری ئاین و رەوشت و نەریت بكەن. لەگەڵ پاڵنانیان بۆ پلە و پایەی گەورە و

سەنتەری ئاراستەکردن. هەتا خاچپەرستی و زایۆنیزم خۆیان لەپـــەنا حەشـاردەن و، موسڵمانانیش بە قسەکانیان بخەڵەتێنێ، گوایە موسڵمانی.. نوێخوازن!

لە کۆتاییدا ئەوەش دەزانێ کە هەوڵی دو سەدەی تەواو و، نیشتەی شـوێنەواری ئەو هەولانە لە دەرونی موسڵماناندا، بە هاوارێکی بەرێوەی نێو کتێب لەنێو ناچن!

- نەخێر! من چاك دەزانم خەڵك تەنیا بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە و هــەزار کتێبـی دیکەش نابنە موسڵمان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی نوسەری دڵسۆز وایە کە خەڵکی ئاگادارکاتەوە.

ئێمە روبەڕوی دوژمنانێکین یەك چرکە واز لە دوژمنداری و هەوڵی لــەناوبردنمان ناهێنن. ئێمە روبەڕوی خاچپەرستی جیهانی و زایۆنیزمی جیـــهانی دەبینـــەوە. کـە لـــەئیمپریالیزمی رۆژئـــاوایی یـــا رۆژهـــەلاتیدا دەردەکـــەون و، لـــە ئیســـرائیلدا رەنگدەدەنەوە.

هەروەها ئێمە پێویستیمان بە تێکۆشانێکی بەردەوام هەیــە بــۆ روبەڕوبونـــەوەی ئەو دوژمنـانە.

تێکۆشانیش بە خۆزگە و نیازان نیە و، بە خوێنگەرمیـــەك نیــە کــە لــە نــاخ و دەرونەوە بەتاڵبێ.

تێکۆشان ئارەقە و خوێن و فرمێسکە.. تێکۆشان قوربانی دانی بەردەوامـــە بـــە خود و بە ماڵ و بە ماندوبون.

نەتەوە تاواوەکانیش نازانن تێکۆشان چیە..

دەبێ بیروباوەڕ هەبێ.. دەبێ بیروباوەڕ هەبێ.. دەبێ بیروباوەڕ هەبێ.

دەبێ بیروباوەڕێکی پتەو و توند پێکەوە بەستراو هەبێ. پێش لێکترازانی بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگری فشارەکان بکا. بەڵام ئەگەر بە سوك و سانایی پێکەوە گرێدرابو هەر لەگەڵ یەکەم راکێشان خاودەبێتەوەو جڵەوگیری سانا دەبێ.

چەند نەوەیەك لە نەتەوەش لەسەر نەوەی پۆڵایین دەژی بەر لەوەی دابەزێ و بگاتە ژێرەوە. پاشان ئەو نەوەیە رۆڵێکی دو چەندانە پێشکەش بە خۆی و نەوەکانی دوای خۆی دەکات.

بەڵام ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا مەبدەئی پتەوی پۆڵایین رەت بکاتەوە و، بە توندڕەویەکی نا پێویستی دانێ. ئەوا بەبێ گرێ تا بنار غلۆر دەبێتەوە و، لە کۆتایی لەنێو دەچێ.

ئێمەش -بەتایبەتی- لە هەمو خەڵکی پتر پێویستیمان بە بیروباوەڕە.

ئێمە -بێ بیروباوەڕ- گەلێکی ئاسانی نەرمی شلوشۆقین کە خێرا دەتاوێینەوە.

بە بیروباوەڕیش موعجیزە دروست دەکەین..

هەمو مێژوشمان بریتییە لەم حەقیقەتە.

ماوەیەك دەست بە بیروباوەڕەوە دەگرین یان دەگەڕێینەوە سەری جا گیانی پاڵەوانێتی و گیانی بایەخدان و گیانی تێکۆشانمان دێتە بەر و، لە ماوەیەکی کاتی کورتدا سەراسای وا دروست دەکەین کە چەند نەوەیەکی پێویستە.

کە واز لە بیروباوەڕیش دەهێنین یا تەمبەڵی لە ئاست دەنوێنین دەبینین بوین بە پارچە و پوچی هەڵوەریو کە هێزێکی نیە رایگرێ تا بەرنەبێتەوە.

گەلانی ئەوروپاش، کە رەوشتیان داشەپیوە و، لە بیروباوەڕ دورن، حەتمیە هەر دەتاوێنەوە و بەپێی سونەتی خودا لەسەر زەوی لە کۆتایی لەنێو دەچن: ﴿وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً: شێوەی کاروباری خوا گۆڕانی بەسەردا نایە.﴾الأحزاب/٦٢.

بەلاّم لەبەر کۆمەڵە هۆکارێك لە ژینگە و لــە بنیـاتی خۆیـدا هێـدی هێـدی شـی دەبێتـەوە و زۆر خـۆی دەگـرێ. ئەمــەش لــەو توانـا گەورەیـــەی بەرهەمـــهێنان دەردەکەوێ لەگەڵ بەردەوامی کارکردن. کرێکار و فەرمانبەر لەوێ شەش سـەعاتی تەواو (بێجگە لە نیو سەعاتی حەسانەوە و خواردن و خواردنـەوە) شـەش سـەعات کاری راستەقینە، نە رۆژنامە دەخوێنێتەوە و، نــە هاوسـێیەکەی دەیدوێنـێ و نـە نوکتەیـەك دەگێڕێتـەوە و نـە لەسـەر هـەواڵێك دەدوێ و نـە یـــەك چرکـە لـــە بەرهەمهێنانی دادەبڕێ.

جا کێ لە ئێمە ئەو کارە دەکا یا خۆی تێدا رادەگرێ؟

کرێکاری ئیسرائیلیش کە دژی عارەبان تێدەکۆشێ و نیشتمانیان داگـیر دەکـا. شەش سەعاتی رێك بە کرێی کەمکراوە کار دەکا، پاشان چەند سەعاتە کـارێکیش بە خۆڕایی دەکا، بۆ زۆربونی بەرهەم.

جا کێ لە ئێمە ئەوە دەکا یا خۆی تێدا رادەگرێ.

ئەوانە دوژمنانمانن با بیانناسین.

دەشبێ ئێمە لەوان ئازا و خۆراگرتر بین تا بەرامبەر تێکۆشـانی ئـەوان خۆمـان رابگرین و بەسەریاندا زاڵ بین.

ئێمـەش بـەیاریدەی خـوا ئـەوەمان هـەر پێدەکـرێ، چونکـە پێشـتر خۆمـان تاقیکردۆتەوە و توانیومانە.

بەلاّم لەوەدا پێویستیمان بە بیروباوەڕ هەیە. گرێیەکی پۆلاّیینی پتـەومان دەوێ کە ماوەیەکی درێژ بەرگری فشار بکا پێش ئەوەی خاو ببێتـەوە. پێویسـتیمان بـە ناوکێکی پۆلاّیینی پتەو هەیە کە نەشکێ و نەرم نەبێتەوە.

ئاتاجی ئەوەین شلوشۆق و نەرمۆڵکە و تەڕ نەبین..

پێویستی ئەوەین چاوی برسی و دەرونی وێڵ و پێکەنینی بێتام و ڕۆینی بەلار و لەنجە و قسەی ناشیرن و هەستی برسی بۆ ڕابواردنی ئاژەڵانەمان تێدا بزربێ و نەمێنێ.

پێویستی ئەوەین ڕەوشت و ناموس و نەریتمان هەبێ.

پێویستمانە ژنەکانمان -کە بنیاتنەری نەوەکانن- دەرونی ئادەمیزادانە بن نەك پارچە گۆشت و جەستەی برسی.

ئاتاجی ئەوەین هەستمان لە زەلکاوی سێکس بەرزبێتەوە و هەستو سۆزمان بە ڕاستی بێ و دەرونمان پاك بێ.

پێویستمان بە لاوانێکە لە ڕوی دەرونیەوە سەقامگیر بێ تا بتوانێ هەوڵبدا تێبکۆشێ و، دیارە ئەگەر کات و ماندوبونی خۆی بەبەرەڵایی وەکو سەگی پێ سوتاو بە سوڕانەوەی شەقامان خەرج بکا ئەمەی پێناکرێ.

***

هەروەها من گەلێك هۆ دەزانم کە لاوان لە ئیسلام دوردەخاتەوە.

دەشزانم خەڵك تەنیا بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە نابنە موسڵمان.

لەگەڵ ئەوەشدا بێگومانم کە دواڕۆژ دواڕۆژی بیری ئیسلامیە.

مەرج نیە من بەخۆم وەدیهاتنی ئەم بیرۆکەیە لە داهاتویەکی نێزیکدا ببینم. بەڵام تەمەنی نەتەوان بە تەمەنی تاکە کەسان ناپێورێ و، بە ماوەی نزیکیش ناپێورێ.

هەروەها من وا هەستدەکەم -هیچ گومانیشم نیە- کە ئیسلام تەنیا ئاینی ئەم ناوچەیە نیە، بەڵکو سبەی دەبێتە سیستەمی مرۆڤایەتی.. سیستەمی مرۆڤایەتی ئەگەرچی هەموشیان نەبن بە موسڵمان.

ئەوروپا بیروباوەڕی جەرباند و تیایدا گەیشتە دوا بڕیار.

ژیاری ماددی بێبڕوای بێئاینی دور لە خوداشی تاقیکردەوە.

یەکەمجار لەگەڵ سەرمایەداری تاقیکردەوە...

جا باوەڕی بە سەرمایەداری نەما.. چونکە ئەو سیستەمەی تێدا نەدیتــەوە کـە دەیوست..

پاشان لەگەڵ کۆمۆنیزم تاقیکردەوە..

لە داهاتویەکی نێزیك یا دور باوەڕیشی بە کۆمۆنیزم[1] نامێنێ.

دەبینێ کە کۆمۆنیزم نایگەیەنێتە ئەو ئاواتەی بەتــەمای بـو ئەگـەر خـۆراك و نشینگە و سێکسیشــی بداتــێ.. (داخوازیــە ســەرەکیەکان)ی کـە (مـارکس) لـە مانیفێست (بەیاننامەی کۆمۆنیزم)دا دیاریکردبو.. ئەوانەشی بداتێ، ئەوا ئاسایش و حەسانەوە و خۆراکی رۆحی ناداتێ.

مرۆڤایەتی هەر ئەو هەستەی دەمێنێ کە شتێك لە قەوارەیدا هێشتا تێر نەبوە. کۆمۆنیزم تێری نەکرد و، ژیاری ماددی بێــبڕوای بێئــاینی دور لــە خــوداش تــێری نەکرد.

ئەو کاتە بۆ بیروباوەڕ دەگەڕێتەوە.

دەگەڕێتــەوە بــۆ سیســتەمێك واقیعــی مــادە و واقیعــی رۆح لـــەخۆ بگـــرێ، سیستەمێك یاسا بۆ زەوی دانێ و ئاراستەی بەرەو ئاسمان بێ. سیستەمێك هـــەردو بەشی ئەم بونەوەرە ئادەمیە بکاتەوە یەك: چنگە قوڕ و فوە روحێك.

جا ئەو سیستەمەش ئیسلامە.

---

[1] ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٩ز بڵاو بۆتەوە. —وەرگێڕ—

هیچ شتێکی دیکە لەسەر زەویدا نیە ئەم حەقیقەتە لەخۆ بگرێ.

زەروریش نیە کە خەڵك لە رۆژئاوا بیروباوەڕی ئیسلامی وەرگرن. زەروری نیە ناویان ببێتە (ئەحمەد) و (محەمەد) و (مەحمود).

بەڵام بە حوکمی زەرورەت بۆ بیری ئیسلامی دەگەڕێنەوە. بە حوکمی ئەو تاقیکردنەوەی کە دو سەدەی رێك چێژتیان و، ئەو رۆژانەی بەسەریاندا هاتن و، گەیاندنیە ئەو ترسە بکوژ و وێرانیە تۆقێنەرە.

موسڵمانانیش کە ئەو زەخیرە مەزنەیان هەیە شیاو و شایستە ترن کە ببنە یەکەمینی ئەوانەی کە بۆ ئەم بیروباوەڕە دەگەڕێنەوە و سود لە وزەکانی وەردەگرن.

شایستەن بگەڕێنەوە بۆ یەکەمین پلە و پایەی مێژوییان: نەك لە کلکەی کاروانێ بەڵکو لە پێشەوەی جڵەودا.

دەشتوانن وابن ئەو کاتەی بڕوا بە خودا دێنن و رەوشتەکانی ئەم ئاینە هەڵدەگرن.

ناوەرۆك

گەشتێك لە گەڵ مێژودا ١١
ڕەواكان و ناڕەواكان............................... ٥٩
با ڕاشكاو بین!.................................. ١١٣
كاتێك كە موسڵمان بین ١٣٧
ئەوجا...!...................................... ١٨٥
ناوەرۆك.. ١٩٧

ئەمڕۆ لەم وڵاتە و لە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا (هەرا)یەک بەرپایە بە نەریتەکانەوە پەیوەستە و جەنگێکیش لە ئارادایە و لە گەڕ ناکەوێ، ئەم نەریتە (بەسەرچوانە).. ئەم نەریتە (کۆنانە).. ئەم نەریتە (دواکەوتنخوازانە).. ئەم نەریتە وشک و بەرد ئاسا و.. دواکەوتو و بۆگەنیوانە دەبێ لە ناوببرێن، دەبێ لە بناغەڕا هەڵتەکێن.. دەبێ بخرێنە ژێر پێیان.

دەبێ کۆمەڵگەیەکی تازە دامەزرێ.. کۆمەڵگەیەکی ئازاد.. کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخواز.. کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندو و.. کۆمەڵگەیەکی ڕەها لە کۆت و بەندان.

جەنگی نەریتەکان بەو شێویە هەڵدەسوڕێ.

جەنگێکی گەرمە و هەموو بوارێکی داگرتوە.

گۆڕەپانەکەی بریتیە لە ماڵ و شەقام و.. سینەما و فێرگە و.. میترۆ و ئۆتۆمبێل و.. ڕۆژنامە و گۆڤار و.. وتار و کتێب و.. لادێ و شار.

سەربازەکانیشی بریتین لە هەموو خەڵکی.

سەربازەکانی کچ و کوڕی لاون و.. باوکان و منداڵان و مامۆستا و قوتابیانن و نوسەرانی پیاو و ژنن و چاک و خراپن و هەموو مرۆڤێکی نێر و مێیە.

محمد قطب

لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە ٧ ساڵی ٢٠٠٣ ی دراوەتێ